چیرۆک

چاپی دووەم
2022



# چیرۆکەکانی شاژن

| تەنیا حاجی |

# چیرۆکەکانی شاژن

## تەنیاحاجی

**ناوی کتێب : چیرۆکەکانی شاژن**

**نووسەر : تەنیاحاجی**

**بابەت : چیرۆک**

**ژمارەی چاپ : دوو**

**چاپی یەکەم : ٢٠٢٢**

**چاپی دووەم : ٢٠٢٢**

**گــەڕەکەکەی ئــێمە بــیســت مــاڵــی لێــبوو**

**لـە هــەرماڵێــکدا چــیرۆکێک هــەبوو**

**دوای گــوێگرتن لـە چــیرۆکەکان**

**دەســتم لـەسەر  دڵــم دانــا**

**چــارەنووسم بـە خــودا سپــارد**

**دەنــگێک لـە ئــاسمان پــێی گوتم**

**کاتێــک خــودا لـەگەڵتــە چ شتێــک مــەحــاڵــە ؟**


**پێشەکی نووسەر:**

بە ناوی خودای گەورە و میهرەبان سوپاس و ستایش بۆ ئەو خالقەی خاوەنی هەموو شتێکە , دوای بڵاوبوونەوەی چاپی یەکەمی کتێبەکەم سوپاس بۆ خودا لە ماوەی کەمتر لە هەشت مانگ زیاتر لە حەوت هەزار دانەی لێ خوێن دراوە , بۆیە چاپی دووەمی کتێبەکەم پێشکەش بە هەموو خوێنەرێکی ڕۆشنبیر دەکەم بەو شێوەیەی کە شایستەی خوێندنەوە بێت , بەو هیوایەی چێژ لە کتێبەکەم ببینن و زیاتر لە چێژ سوود و ئامۆژگاری لێ وەربگرن , بێگومان ئەمە سەرەتای کاری منە لە داهاتووتدا ئەگەر خودای گەورە ویستی لەسەر ببێت و ئەندێشەم ڕوون بکات بەرهەمی تر بەردەست دەخەم , منی نووسەرێکی لاو بۆ ساتێک تۆ و چیرۆکەکان بەتەنیا جێ دەهێڵم هیوادارم دوای خوێندنەوەی بیری لێ بکەنەوە.

ئەم کتێبە مافی پارێزراوە بۆ نووسەر لەکاتی بڵاوکردنەوە و چاپ کردنی لەلایەن هەر لایەنێک بەبێ وەرگرتنی مۆڵەت لە نووسەر تووشی سزای یاسای و ماددی دەبێتەوە.

**پارێزەر :- مصطفی محسن بکر**

| | |
|---|---|
| پێشەکی و پێرست | 1-5 |
| چیرۆکی سۆنیا و سیڤان | 6-19 |
| چیرۆکی ئافرەتێکی نوورانی | 20-24 |
| چیرۆکی دانا دوای مردنی هاوسەرەکەی | 25-33 |
| چیرۆکی لە مەسیحیەوە بۆ موسوڵمان | 34-44 |
| چیرۆکی باشترین هاوسەرم | 45-52 |
| چیرۆکی شارا مرد چونکە کچ بوو | 53-60 |
| چیرۆکی ئاری و نیگا | 61-68 |
| چیرۆکی خراپی خەسووێک چی لە بووکەکەی دەکات | 69 -73 |
| چیرۆکی سەڵاوات ئاوتی کچێکی بەدیهێنا | 74-80 |
| چیرۆکی فاتیمە خان | 81 - 86 |
| چیرۆکی کچێک بەرەو دۆزەخ | 87-92 |
| چیرۆکی عەشقێکی پاک | 93 -105 |
| چیرۆکی دیمەن ئافرەتێکی دڵ شکاو | 106-111 |
| چیرۆکی دیاری و لەنیا عەشق و دڵ پیسی | 112- 123 |
| چیرۆکی فریشتەکەم | 124-134 |
| چیرۆکی سیحر ماڵی دوو هاوسەری تێکدا | 135-140 |
| چیرۆکی گەردەنم ئازاد بکە | 141-147 |
| چیرۆکی ژیان لە زیندانەوە | 148-153 |
| چیرۆکی سەرەتا هاوڕێیەتی | 154-162 |
| چیرۆکی کاتێک تەنیاحاجیم بینی | 163 - 169 |
| | 170 |



## چیرۆکی یەکەم

## سـۆنـیا و سیـڤان

کچێکی جوان و لووت بەرز بووم یەکێک بووین لە دەوڵەمەندترین خێزانەکان چەندین ڤێلا و شوقەمان هەبوو سایەقی تایبەتی خۆم هەبوو کچە تاقانەی دایک و باوکم بووم زۆر نازیان پێدا بووم وەک شازادە دەژیام لەبەر ئەوەش بوو زۆر بە ناز بووم و لەخۆبایی بووم جوانییەکەشم دوو هێندەی تر لووت بەرزی کرد بووم . باوکم منی ناردە باشترین زانکۆ تەنها کەسە دەوڵەمەند و دیارەکان لەوێ ئەیان خوێند زۆر جار کوڕەکان داوای پەیوەندیان لێ کردووم بەس من هەر ڕەتم دەکردنەوە و گاڵتەشم پێیان دەکرد لای هاوڕێکانم ئەم گوت چەند داواکاریم هاتووە دڵم زۆر پێ خۆش دەبوو کە ڕەتم دەکردنەوە بۆ وانەکانیشم نەمدەخوێند , بەڵام چونکە باوکم کەسێکی دیار بوو بۆیە ئەوانیش بەرژەوەندیان لەگەڵ هەبوو منیان دەر دەچوواند هاوڕێکانم بانگێشت دەکرد بۆ ئەو مۆڵ و ئەو بازاڕانە دیاریم بۆیان دەکڕی چونکە خۆم پارەکەم نە ئەدا بۆیە بەلامەوە گرینگ نەبوو , ژیانم ئەوها بوو زۆر بە خیلیان پێ دەبردم , ڕۆژێک دەچووم بۆ زانکۆ لەگەڵ کاک (سەردار) واتا شۆفێرەکەم لەسەر ڕێگاکە خۆی کێشا بە ژنێکی بەساڵاچوو ڕاوەستاین کوڕێک هات و ژنەکەی هەڵساندەوە زۆریش تووڕە بوو گوتی بۆ جوان ناڕۆیت هاتمە خوارەوە کەمێک پارەم بە ڕوویدا کێشا زۆر بە ناشیرینی گوتم بەشی ساڵێکت دەکات و ئەویش ببە بۆ نەخۆشخانە , زەردە خەنەیەکی پڕ واتای کرد و خەریک بوو شێتبم ڕانەهات بووم بەم جۆرە کەسانە. خێرا گوتم کاک (سەردار) با برۆین هەر بیرم لای بوو بۆچی پێکەنی چووینە زانکۆ هەموو باسەکەم بۆ (نوور)ی هاوڕێم گێڕایەوە ئەویش دەستی کرد بە پێکەنین.

- بۆچی پێدەکەنیت ؟

- ئێ بەساقە ئەم کوڕە گاڵتەی بە عەقڵت هاتووە.

- حەدی چییە ؟

- خۆ هەموو کەسێک وەک تۆ نییە بیری لای پارە بێت.

- ئیتر وایە گیانەکەم من شازادەم.

- بەڵێ بەڵێ , شێتی بە خودا.

ئەمڕۆ وانەی کرداریمان هەبوو چەند پۆلێک تیکەڵاو دەکرا بەس کێم بینی ؟ دووبارە ئەم کوڕەم بینی خەریک بوو دڵم بتەقێت لووت بەرزە بەس بزانم خۆی بە چی دەزانێت ؟ بە دەنگێکی نزم بە (نوور)ـم گوت ئەمە ئەو کوڕەیە , پێکەنی گوتی ئەمە (سیڤان)ـە گوتم کێیە ؟ گوتی کچێ دوای باسی دەکەم با وانەکەمان لە دەست نەچێت, چرکە بە چرکەم دەژمارد تا وانەکە تەواو بێت خەریک بوو ئارامیم نەمێنێت زۆر بە پەرۆش بووم بۆ ئەوەی (نوور) پێم بڵێ کێیە؟

وانەکە تەواو بوو و خێرا دەستم کرد بە پسیار کردن.

- نوور وەرە بۆمی باسکە ئەم سواڵکەرە بۆ لێرەیە ؟

- کە بە پەلەییت باشە بەس بە مەرجێک دەعوەتم دەکەیت ؟

- کچێ بەسەر چاو ئەوەش ماچێک باسی بکە

- ( سیڤان) کوڕی پیاوێکی دەوڵەمەندە بەس ئەو جیاوازە نەیەوێت بە پارەی باوکی بژی بۆیە زۆر خۆشی هەڵناکێشێت باوکی هاوڕێی باوکمە چەند جارێک هاتوون بۆماڵمان.

- بەردەوام بە.

- ئێستاش کە لەم زانکۆیە دەخوێنێت بە زیرەکی خۆی گەیشتووتە ئێرە بیستوومە لە چێشتخانەیەک ئیش دەکات و پارە پەیدا دەکات.

- ئاخر ئەمە نایزانێت بیخوات پارە بۆ ئەوە باشە.

- نا تۆ دەیزانی بیخۆیت , هەڵسەوە خەریکە دەمرم لە برسا شتێکم بۆ بکڕە.

لە کافتریاکە دانیشت بووین خەریکی ئەو باسکردنانە بووین (سیڤان)یش لە بەرامبەرمان دانیشت بوو چاویلکەیەکی لە چاو کرد بوو کتێبێکی لە دەست بوو چای دەخواردەوە زۆر سەیرم دەکرد سەرنجی ڕاکێشا بووم بەو لووت بەرزی و کەسایەتیەی لە ڕاستی لووت بەرز نەبوو بەس بەم جۆرە دەردەکەوت .

- کچێ پشتەوەم چی لێیە وا سەیری دەکەیت , ئەها کاک (سیڤان) بۆستە بانگی بکەم بۆت.

- کچێ کاری وا نەکەیت.

- کاکە (سیڤان) وەرە بۆ ئێرە ماڵت ئاوابێت دەمێکە بانگت دەکەم.

- ببوورە (نوور) خان سڵاوت لێبێت.

- سڵاو لە تۆش ئەمەش (سۆنیا)ی هاوڕێمە.

- خۆشحاڵ بووم.

- **هی هی هی منیش.**

- هاوڕێکەم کەمێک گاڵتەچییە.

- دیارە دیارە گاڵتەچییە.

- وا بزانم زووتر یەکترتان ناسی بوو.

- نازانم بیرم نایەتەوە.

ئای ئای خۆ دەڵێت بیرم نایەتەوە ئاخر وەرە شێت مەبە سەیری ئەم وەڵامە ڕەقەی هەر سەیری نە دەکردم خەریکی قسە بوو لەگەڵ (نوور) وەک ئەوەی هیچ نەبێت ڕقێکی زۆرم لە دڵدا هەڵگرت بوو دەبێت تۆڵەت لێ بکەمەوە کوڕ هەمووی شێت بوونە بۆ نیگایەکم تۆش سەیرم ناکەیت من تۆڵەت لێ دەکەمەوە کاک نا (سیڤان) ئیتر لەو قسانە بووم وەک شێت لەگەڵ خۆمە تا (نوور) بە شەقێک ڕای چڵەکاندم ئاگاداری کردمەوە ڕۆیشتین گوتمە کاک (سەردار) بمانبات بۆ مۆڵێک پشوو بدەم هەر کە بێزار دەبووم دەچووم جلم دەکڕی و سەردانی ئارێشگام دەکرد.

زۆر سەیر بوو ئەم کوڕە هەر لە بیرم بوو نەمدەتوانی بۆ ساتێک لەبیر خۆمی ببەمەوە.

- چی داوا دەکەیت بیخۆیت , لەگەڵ تۆمە ؟

- بەڵێ (نوور) گیان ببوورە خەیاڵم ڕۆیشت بوو

- ئەوەتە لەم لا دانیشتوو ە (سیڤان).

- کوا بۆ نایبینم ؟

- کچێ تۆ شیت بوویت یان عاشق بوویت ؟

- نە بابە من و ئەو هەرگیز تا ئەو هەموو کوڕە هەبن ئەوم بۆ چییە ؟

- باشە با قسەی تۆ بێت.

چووینەماڵەوە بە باوکمم گوت نانم بۆ ناخورێت خواردوومە , بەرەو ژوورەکەم ڕۆیشتم بە دوای فەیسبووک و ئینستاگرامی و هەموو شتێکی گەرام نەمدۆزییەوە دوای چاک بوو ڕۆیشتمە نا پرۆفایلی یەکێک لە هاوڕێکانی ئەوم دۆزییەوە بۆ ساتێک خەیاڵم ڕۆیشت دوای زلە یەکم لە خۆم دا گوتم خۆ شێت نەبوویت ؟ دەم ویست خێرا برۆمە زانکۆ بیبینم.

- بەیانیت باش شازادەی بابە.

- باشتر ئەی جوانترین باوک , بەیانی تۆش باش ئەی شاژنی ماڵ دایە گیانم.

- خێر بێت خودایە پیاوەکە ئەم کچە تەواو نییە.

- نا نا تەواوم دەی من دەڕۆم درەنگە.

- شتێک بووە خێر ببێت تۆ هەر درەنگ درۆی وەرە شتێک بخۆ ئینجا بڕۆ کچم.

- لەوێ شتێک دەخۆم دایە گیان دەی درەنگە بای , کاکە (سەردار) دەی پەلە بکە برۆ درەنگە.

زۆر جوان خۆم ڕازاند بووەوە بۆنم ڕێگایەک دەڕۆیشت و قژم خاو کرد بووەوە دوو سێ تاڵم هێنا بووە سەر چاوم بە خودا دایکم ڕاستی دەکرد شتێک بووە هەر دەمویست نکۆڵی لەوە بکەم عاشق نەبوومە , لە کافتریا لەگەڵ کچەکان دانیشت بووم چاوم هەر بۆی دەگەڕا لەوێ نەبوو.

- کچینە با بڕۆینە باخچەکە دڵم تەنگ بووە.

- کەش و هەواکەش خۆشە با بڕۆین.

لە باخچەش بۆی دەگەڕام من چیم لێهاتووە خودایە ئەو لووت بەرزە چی کرد توو خودا من لووت بەرزم یان ئەو لەم لایە بینیم لەگەڵ هاوڕێکانی ڕاوەستاوە قەمیسێکی سپی و کابۆیەک هەر لە خۆی جوانە سەد و هەشتا پلە گۆڕام ڕووم گەش بووەوە دەستم کرد بە گاڵتە و پێکەنین خۆ هەموو زانکۆ سەیریان دەکردین.

بەس تا ئەو سەیرم کات جووڵەم دەکرد بەس چی بوو ؟ دوو سێ کچی لا بوو غیرە شێتی کردم خەریک بوو هەڵسم بە قژ لایان بەم.

بە هەر جۆرێک بێ خۆم گرت و زاڵ بووم گوتم ئێ کچم بە تۆ چی هەر چییەک دەکات بە تۆ چی ؟

بەم جۆرە قسەم لەگەڵ خۆم دەکرد تا ماوەیەک تێپەڕی بەڕاستی هۆگری بوو بووم بەس ئەو ڕووی نەدەدا بە من کەیفی بەم جۆرە کچانە نەدەهات کە وەک من خۆیان بە جوانی و پارە هەڵدەکێشن.

ڕۆژێک بە کۆمەڵ دانیشت بووین چەندین توانجی وای دەدا کە باسی سامان و شت دەکرا زۆر تووڕە بووم بە خۆمە شکامەوە وام دەزانی باسی من دەکات ئارامم گرت , دوای ئەمەش بە زۆری لەگەڵ کچێک بوو من پێم ناخۆش بوو لەوانەیە ئێستا بڵێن بە تۆ چی ؟ بەس من هۆگری بوو بووم , هیچ هۆشم بە خۆمەوە نەبوو بەو ساردی و ئیهمالیە منی

کوشت بوو بە شەو بە دیار وێنە و خەیاڵی ئەو دەگریام و تا خەو دەیبردمەوە ڕەنگم زەرد هەڵگەڕا بوو , (ناز) یەکێک بوو لە کچە قەشەنگ و لووتبەرزەکان واتا لە هەمان ئاست بووین کە منی بینی پێی سەیر بوو.

گوتی: بۆ وات لێهاتووە ؟

باسەکەم لە بنی مەنجەڵ تا سەری بۆ باس کرد.

گوتی کچێ تۆ بۆ کوڕ وا دەکەیت هەزار کوڕم شێت کردووە هەر ئاوڕیان لێ نادەمەوە وا دەزانی بە خەیاڵیان دێ سەربکە چیت لێهاتووە ئەم کچە جوانە و بێ منەتە ڕەنگی مردووی گرتووە دیارە بیری ژیانی خۆت ناکەیت ؟ بەم قسانە هانی دام گوتی وەرە من پێت بڵێم چۆن عاشقت دەبێت تۆ بە قسەم بکە بزانە چەند زوو دەی کەیتە موڵکی خۆت.

- کچێ کەی ئەمانەت فەرامۆش کرد بۆت دەمرن زۆر پێبکەنە سەیری مەکە وەک ئەوەی بە لاتەوە گرنگ نەبێت , دوای تۆڵەی خۆتی لێ بکەرەوە کە هۆگرت بوو , بە قسەم بکە زەرەر ناکەیت.

منیش وەک زاڵمێک بڕیارمدا تۆڵەی لێ بکەمەوە سکایەتی پێ بکەم ئیتر دەستم کرد بە نمایش کردن لای کوڕ ڕادەوەستام زۆر پێ دەکەنیم بۆ ئەوەی دڵی ببەم یارمەتی ئەو کەسانەم دەدا کە خێرخواز بوون و پارەیان کۆ دەکردەوە بۆ تووشبووانی شێرپەنجە بەم کارەم تەواو سەرنجی ئەوم ڕاکێشا زۆر میهرەبان و نەرم و نیان دەردەکەوتم ئەویش چونکە کەسێکی وا بوو حەزی بە کاری خێرخوازی دەکرد زۆری پێ خۆش بوو هاتە لامان.

- دەست خۆش بەردەوام بە بەم کارەت (سۆنیا) خان.

- زۆر سوپاس ... ببوورە دەبێت بڕۆم.

ڕۆیشتم بەس بە خودا نازە ڕاستی دەکرد هەر کەسێک فەرامۆش بکەیت بە دوات دەکەوێت لەم ڕۆژانە دڵم زۆر خۆش بوو (سیڤان) زۆر نزیک دەبووەوە لێم بەڵام من سەر بووم لەسەر ئەوەی تۆڵەی خۆمی لێ بکەمەوە ژیانی تاڵ بکەم . ئیتر ڕۆژەکان بەم جۆرە دەرۆیشتز هۆگری خۆمم کردبوو تا ڕۆژێک نامەی نارد بۆ فەیسبووکەکەم پێم سەیر بوو دیار بوو لە (نوور)ی وەرگرت بوو کەمێک چاوەڕێم کرد ئینجا وەڵامم داوە , گوتم با کەمێک لە چاوەڕوانی جێی بهێڵم.

- سڵاو (سۆنیا) خان.

- سڵاو لە تۆش .

- چۆنی باشی ؟

- بژیت.

- سوپاس منیش باشم.

-جا کێ پرسیاری کردووە باشی.

- وامزانی پرسیارت کردووە.

- گاڵتەچی.

- باشە گاڵتم کرد کەمێک بێتاقەت بووم حەزم کرد قسەت بۆ بکەم.

خوایە دەبێت چی بێت (سیڤان ) دەردت لە من بکەوێت یاخوا بە زۆر خۆم گرت نەپرسم.

- باش دەبیت إِنْ شَاءَ اللَّهُ .

- سوپاس سۆنیا خان.

- مەڵێ خان بەمە تێک دەچم.

- ببوورە دەمم وا ڕاهاتووە.

- دەرد.

- باشە قسە خۆش.

بەم جۆرە خۆشترین ڕۆژم بوو خەریک بوو بڵێم عاشقتم (سیڤان) بەڵام بیرم هاتەوە دەبێت تۆڵەی لێ بکەمەوە زۆر بەی شەوەکان بە دەم نامەوە دەخەوتین لە زانکۆش ناچار بووم خۆم دوور بگرم تا زیاتر هۆگری خۆمی بکەم من قەرزداری (ناز)م ئەو وای کرد (سیڤان) لەگەڵم بگۆڕێت بەڵام لە دوای چی لە دوای ئەوەی من ڕقم لێی بوو تووڕەی بەسەر عەشقەکەم زاڵ بوو بوو.

کاتی پشووی هاوین هات چاومان بە یەک نەکەوت بەس هەموو ڕۆژێک قسەمان دەکرد تا ڕۆژێک گوتی بیرت دەکەم ئەی خودایە چۆن دڵم ڕاچڵکا منیش بیرت دەکەم (سیڤان) دڵ بەرد.

تا زانکۆ هاتەوە وا بەردەوام بوو زۆر خەمی ئەوم بوو چونکە ئەو ئیشی دەکرد ماندوو دەبوو ئەی گوت ئامادە نیم بە پارەی باوکم بژیم دوای خەڵک دەڵێن لەسەر گیرفانی باوکی دەژی وازی لەم کارەی پێشووی هێنا بوو لە یەکێک لە مۆڵەکان ئیشی دەکرد کە لەگەڵ ڕەفیقەکانم ڕۆیشتم ڕووم نەدا ئەو چونکە هاوڕێکانم بیان زانی با عاشقی کوڕێکم لە مۆڵ کارمەندە دەستیان دەکرد بە قسە نایان دەزانی ئەو کوڕی دەوڵەمەندێک دەیەوێت بە ئارەقەی نێو چەوانی بژی.

بە زۆر هاوڕێکانم چوون بۆ لای تا تێستێک بکەن منیش وەک بێگانە سەیرم دەکرد چاوەکانی سوور هەڵگەڕا بوون دیمەنی یەکەم جارم بیر هاتەوە کە پارەکەم بە ڕوویدا کێشا زۆر شکاوە.

بۆ شەو چەندین نامەم نارد تۆڵەکەم بیر چوو بووەوە تا بەیانی وەڵامی دا.

- ئەمە چییە ؟ بیری من کرد بوو ببووره زۆر هیلاک بووم زوو خەوم لێ کەوت بەڕاست دوێنێ وەک هەمیشە جوان بوویت.

من چیم کرد نەفرەت لە خۆم دەکەم سەرەڕای ئەم هەموو شتە هەر بیرم دەکردەوە چۆن تۆڵەی لێ بکەمەوە , دوای چەند مانگێک زانکۆ هات و یەکمان بینی زۆر دڵخۆش بووین تا ڕۆژێک داوای کرد نانی نیوەڕۆ بەیەکەوە بخۆین لە شوێنێک ڕازی بووم گوتمە کاک (سەردار) بڕوات لەگەڵ هاوڕێکانم نان دەخۆم , منی برد بۆ ئەو ئەو چێشتخانەی کە ئیشی تێدا کرد بوو.

- هەر چەندە شایەنی تۆ نییە کچە دەوڵەمەندێک نابێت لێرە نان بخوات.

ئاخ (سیڤان) چۆن بەم قسەیەت زیاتر ڕقەکەم زیاد دەکەیت.

دوا نان خواردن هەستاوە زۆر سەیر بوو لەسەر ئەژنۆ کەوت ئەڵقەیەکی هێنا دەرەوە.

- ئەی جوانترین لووت بەرز ڕازی شووم پێ بکەیت ؟

کەمێک مابوو دەست کەم بە گریان خۆشترین ڕۆژم , گوتم کە ڕازیم.

بەڵام چی لەو ڕقەم کەم چەند لووت بەرز و لە خۆ بایی بووم نەفرەت لە من دەمویست ئەڵقەکەی بە دەم و چاوی دادەم بڵێم تۆ بە ئەڵقەیەک دەتوانی من ڕازی کەی بەڵام وەستام تا کاتێک دەبمە هاوسەری.

هەموو ئامادە کارایەکمان کرد باوکم گوتی من خۆشترین ماڵ بۆ کچە تاقانە کەم دا دەنێم بەڵام ( سیڤان) ڕازی نەبوو ئەو پارەی باوکی قبووڵ

نەکرد بوو جا هی باوکم بە هەر جۆرێک بێ (سیڤان) پارەی کۆ کرد بووەوە ماڵێکمان گرت هەمیشە ئەی گوت من ناتوانم زۆر شتت بۆ بکەم بەڵام دڵخۆشت دەکەم ئیش دەکەم بەختەوەرت دەکەم.

هاوسەرگیریمان کرد ڕۆژێکی خۆش بوو هەرگیز بیرم ناچێت (سیڤان) وەک شێت عاشقم بوو بوو (نازە) هاتە لام پێکەنی گوتی فەرموو ئەمەش کوڕ بزانم چی لێ دەکەیت ؟ شەیتان بەسەرمدا زاڵ بوو نەمتوانی کۆنترۆڵی خۆم بکەم دەمویست ئاهەنگەکە تێک بدەم وێرانی کەم بەڵام من عاشقی ئەوم ناتوانم زۆر سەیرە عەشق و ڕق دەتوانێت لە هەمان کاتدا لە کەسێک کۆ ببێتەوە.

ڕۆژی یەکەمان شاهانە بوو میهرەبان بوو خاوەن جوانترین ڕەوشت بوو لەگەڵم هیچ هەڵەیەکی نەکرد بە یەک وشە منی تووڕە نەکرد ئازاری نەدام بەلام منی زاڵم تەنها هەفتەیەک باش بووم لەگەڵی دەستم کرد بە بیانوو هێنانەوە و نارەزایی.

- تۆ چیت هەیە ئاخر چیم بۆ دەکەیت بە چی دڵخۆشم دەکەیت پارە لە باوکت وەربگرە بۆ وەک سواڵکەر بژین ؟ من هەر چییەکم بوێت باوکم بۆم دەکات.

بەم جۆرە خراپ وێرانم کرد دەستم کرد بە تۆڵە سەندنەوە

دوای ئەوە هەر بێدەنگ بوو ئەی گوت ئارامت هەبێت دیارە من مردووم تا تۆ بێ ناز بکەم .

ت- ۆ وا دەزانی عاشقتم وا دەزانی بە تۆ ڕازیم هەزاران کوڕ مەمنوونن قسەم لەگەڵ بکەن بەم عەقڵتەوە وا دەزانی دڵی منت بردووە منت کردووەتە موڵکی خۆت بڕۆ وەک هەژار بژی.

- چی دەڵێیت ؟ هەناسەم تۆ گاڵتە دەکەیت توو خودا بڵێ گاڵتەم کرد .

- تۆ بێ عەقڵی بەم هەژارییەوە بەم ڕەفتارە و دڵ پاکیت دەتەوێت من خۆشت بوێم ؟

- وا مەکە توو خودا سۆنیا .

ناوی من مەهێنە وا پێت دەڵێم خراپ تۆڵەت لێ دەکەمەوە ئازارت دەدەم تا هەتا یە دەبێت وا بژییت.

بە دڵ شکاوی ڕۆیشت بۆ ژوورەوە وەک منداڵ فرمێسک لە چاوی دەهات

گوتم بەم فرمێسکانەت کار لە من نەکەیت تکایە برۆ دەرەوە بخەوە ژوورەکەم جیا کردەوە بەیانیان نانم بۆ حازر نەدەکرد خۆی هەڵدەستا حازری دەکرد جگە لەوە بۆ منیشی حازر دەکرد دوو ئیشی دەکرد کە مەجالی هەبووبا بە شەو تەکسیاتی دەکرد هەر چ پارەی کۆبکردبایەوە دەیدا بە من هەر گیز بێ بەشی نە دەکردم لە خۆشی بەڵام سارد بوو قسەی نەدەکرد هەموو ڕۆژێک دیارییەک شتێکی دەهێنا یان نامەیەکی بۆم دەنووسی "خۆشم دەوێ یت " هەرگیز نارەزایی دەر نەدەبڕی لە ڕەفتارە خراپەکانم تا ڕۆژێک لە خەو هەستام وەک جاران سفرەکە ڕازاندرا بووەوە نامەیەک نووسرا بوو وەک هەمیشە ماچم کرد و بۆنیم کرد کردمەوە هەڵگرتووە بەڵام ئەمەیان .بیخوێنمەوە هەموو نامەکانیم خوێندووەتەوە لای خۆم جیاواز بوو...

((بەیانیت باش خاتوونم زۆر شتم کرد تا تۆ ڕازی بکەم ویستم ئەم ڕقەت بگۆڕم بۆ خۆشەویستی بەڵام نەمتوانی زۆر خەمبارم تاوانم زۆرە کە دەمزانی ناتوانم وەک باوکت پارە و جلت بۆ پەیدا بکەن بۆ داوای هاوسەرگیریم لێ کردی ؟ ببوورە ژیانتم ناخۆش کرد ئاسوودەش بە تۆڵەی خۆت کردەوە من جگە لە خۆشەویستی و ناز ناتوانم هیچت بۆ دابین کەم نەمتوانی وەک باوکت ماڵێکی جوانت بۆ پەیدا بکەم وەک شاژن بتژیێنم بەڵام لە دڵمدا خۆشترین شوێنم بۆ کردییەوە ئامادە بووم باوەشم بکەمە ماڵی تۆ ناز و خۆشەویستیت پێ دەم ببوورە , من دە ڕۆم ئیتر تۆ ئازادی برۆ شوو بە کوڕێک بکە کە دەتوانیت وەک شازادە ژیانت بۆ دابین بکات خۆشم دەوێیت)).

قوربانت ببم خودایە من چ هەڵەیەکم کرد خودایە چۆن دڵم هات چۆن تۆڵەسەندنەوە بەسەر عەشقەکەم زاڵ بوو زۆرم خۆش دەوێیت (سیڤان) , نەمزانی چی بکەم دەستم کرد بە تەلەفۆن کردن وەڵامی نەبوو چەندین نامەم بۆ نارد وەڵامی نەبوو خودایە من چی بکەم هەڵەم کرد توو خودا (سیڤان) وەرەوە چی ترم ناوێت چووم بۆ شوێنی کارەکەی لەوێ نەبوو وتیان ئەمڕۆ نەهاتووە خێرا قسەم لەگەڵ (نوور) کرد بوو بێ گومان ئەویش ئاگاداری پلانەکە بوو گوتی وەرە دوام بە سەیارە ڕۆیشتم هەڵم گرت و خەریک بوو شێت ببم گوتی من سەیارەکە لێ دەخوڕم چوو بۆ لای زانکۆ.

- کچێ (نوور) ئەوە چی دەکەیت ؟

خێرا دەڕۆیشتین (نوور) هەر پێدەکەنی من شێت دەبم , خۆی کێشا بە شتێک گوتم تۆ چیت کرد (نوور) ؟ هاتمە خوارەوە (سیڤان)ـم بینی بە تووڕەیەوە گوتی بۆ جوان ناڕۆیت ؟ دەستم نا بە چاومدا خودایە من چی دەبینم ئەوە (سیڤان)ــی

- لەگەڵ تۆم نییە بۆ جوان ناڕۆن کوا دەستت لا ببەرە ئەوە دەگریت کوا پارە من قاچم ئازاری هەیە ئێستا برۆمە ماڵەوە هاوسەرەکەم خەم دەخوات خاتوون تۆ منت سەقەت کرد چی بڵێمە ژنەکەم بەم گەنجیمەوە ناتوانم ئیش بکەم , خێرا باوەشم پێدا کرد چەندم خۆش دەوێت تۆ چ دڵێکت هەیە من قوربانی دڵ تۆ ببم, بەم جۆرە بوو چیرۆکی ئێمە ئەو پێی گوتم هەموو شتێک پارە نییە خۆشەویستی بە پارە ناکرێت عەشقێک دەتوانێت لووت بەرزێک بکاتە میهرەبانترین کەس لە عەشقدا هەمیشە خۆشەویستی زاڵترە بەسەر ڕق و تۆڵەسەندنەوە .

**سەرنج** :

دەکرێت پارە ماڵێکت بۆ بکڕێت , بەڵام بەختەوەری نا

دەکرێت باشترین دەرمانت بۆ بکڕێت , بەڵام شیفا نا

هەمیشە خۆشەویستی زاڵە

بەسەر ڕق و کینە

گەر دڵ ڕەقترین کەس بیت

بەرامبەر ئەو کەسەی خۆشت دەوێ میهرەبانترینی.



## چیرۆکی دووەم

## ئـافــرەتێــکی نـوورانی

نزیکەی حەوت ساڵ بوو هاوسەرگیریم کرد بوو بەڵام منداڵم نەدەبوو ئاواتی هەموو ئافرەتێکیش منداڵێکی بچووکە پێی بڵێت (دایە) هەستم دەکرد دونیا پڕە لە خەم و هەمووی لە دڵی من کۆبووەتەوە زۆر بێتاقەت بووم , ماڵی هاوسەرەکەم تۆزێک عەشایر بوون و لای ئەوان منداڵ زۆر گرنگ بوو هەندێک کات بە توانج لێدان دڵیان دەشکاندم بەڵام (دڵشاد)ی هاوسەرم وا نەبوو ئەو وەک ئەوان بیری نەدەکردەوە دەی گوت من تۆم خۆش بدەوێت ئەگەر منداڵیشمان نەبوو سوپاس بۆ بخوات هەموو شتێک خێری تێدایە , ئەم قسانەی ئەو بەس بوو بۆ من , ماڵێکی بچووکمان هەبوو نزیک بوو لە ماڵی خەسووم و دشەکەم هەندێک جار قسەم بۆ دەهاتەوە کە خەسووم باسی منداڵ نەبوونی منی کردووە لای دراوسێکان تا ئەوەندەم گوێ لێ بوو گوتوویەتی : خەتا لە کوڕەکەی من نییە کچەکەی ئەوان نەزۆکە , کاتێک ئەم قسانەم دەبیست پارچە شووشەیەک دەچوو بە دڵم زۆر خەمم دەخوارد دایمە دەپاڕامەوە لە خودا " خودایە تۆ کەسی بێ کەسانی یارمەتیم بدە " . بە (دڵشاد)ـم گوت با وەک ئەم خەڵکە منداڵی بلووری دابنێین سەرەتا پێی ناخۆش بوو گوتی واز لەو مەسەلەیە بێنە من منداڵم ناوێت دەمزانی لەبەر دڵی من وا دەڵێت ئەگەرنا هەموو پێم گوت (دڵشاد) دایکت قسە دەکات لای خەڵک بێزار بوومە ئەویش دەی گوت جا تۆ خەڵک ناناسیت قسە کەوتە زارێک کەوتە شارێک , پێشتر چەند جار چووینە بۆ لای دکتۆر گوتوویەتی هیچ کێشەتان نییە بەڵام نازانین بۆ منداڵتان نابێت , دوای ماوەیەک وام بیست خەسووم کچێکی دۆزیوەتەوە بۆ (دڵشاد) خەریک بوو بمرم بۆ ئافرەت زۆر ناخۆشە ژنێکی بەسەر بێت ڕاستە خودا حەڵاڵی کردووە بەڵام ئەی کوا وەفای پیاو بۆ خێزانی چۆن پیاو حەز ناکەن ژنەکەی لەگەڵ کەس بەش بکات بەم جۆرەش ژن حەز ناکات پیاوەکەی لەگەڵ هیچ ئافرەتێک بەش بکات , هەر چییەک بێت لەبەر ئەوەیە حەڵاڵە بۆیە گوتم ئەگەر ڕاستیش بێت ئەوە ڕێگری ناکەم و بەس منیش ئامادە نیم لەگەڵی دانیشم چونکە خۆشم لە فەرمانگە ئیشم دەکرد و خاوەنی مەعاشی خۆم بووم , دوای ئەوەی کە بۆ (دڵشاد)ـم باس کرد پێ کەنی گوتی کچێ ئەوە بەڕاستە بەخودا باشە تۆش بڕۆیت من هەر ژن ناهێنم دەستی کرد بە گاڵتە کردن دڵخۆش بووم کە پیاوەکەم کەسێکی وایە واز لە من ناهێنێت بە هیچ شێوەیەک.

ڕۆژێکیان لە ناو پاس بووم و دەچوومەوە ماڵەوە ئافرەتێکی بەتەمەن لە پاسەکە بوو و لای ئەو دانیشتم

تەسبیحێکی بەدەستەوە بوو دایمە سەڵاواتی لێ دەدا و زیکری خودای دەکرد زۆر دڵم پێی خۆش بوو و بەڵام ئەوەی سەیر بوو لەگەڵ من هاتە خوارەوە, گوتم باجی دیارە تۆش ماڵت لێرەیە گوتی بەڵێ کچم هەر چەند کۆڵانێک لەولاتر گوتم دە باشە بێنە من ئەم شتانەت بۆ هەڵگرم گوتی والله خێریشت دەگات تا لای ماڵەوە چووین و گوتی خودا ڕوو سپیت بکات و منداڵت ساڵح بکات بەم قسەیە تۆزێک نیگەران بووم داوای کرد بچمە ژوورەوە گوتم نا نا دەبێت برۆم گوتی باشە بەس پێم بڵێ ماڵتان لە کوێیە ڕۆژێک دێمە لات دڵم پێت دەبێتەوە بە کچەکەم دەچیت ماڵەکەم پێ نیشاندا و ڕۆیشتم و زۆر هیلاک دەبووم بە ڕۆژ تەنها خۆم لە ماڵ دەبووم بۆیە بە شەو نانم حازر دەرکرد بۆ (دڵشاد) کەوتمە خەوێکی قووڵ کاتێک دەنگی دەرگا هات و گوتم خێر بێت بەو عەسرە بینیم هەمان باجیە گوتم دە فەرموو باجی وەرە ژوورەوە مەنجەڵێک خواردنی هێنابوو گوتی بزانە سارد نەبووەتەوە بە پێکەنینەوە گوتی بە خودا دەستیشم خاوێن بووە کە لێم ناوە گوتم ئەیەرۆ توو خودا ئەوە قسەیە خودا خێرت بۆ بنووسێت دانیشتین و دەستمان کرد بە قسە پێی گوتم منداڵەکانی لە ئەورووپان و خۆی بەتەنیا لێرە دژیت جار جار دێن سەردانی دەکەن.

ژنێکی شیرین لە قسە و نوورانی لە ڕوخسار بوو زۆر دڵم پێی خۆش دەبوو تا پرسی گوتی منداڵت نییە گوتم نا تا ئێستا وتی إِنْ شَاءَ اللّٰه خودا دەتانداتێ و بەو قسانەوە بووین , زۆربەی ڕۆژەکان یان من دەچووم بۆ لای یان ئەو دەهات چونکە منیش تەنیا بووم بۆیە هەستم دەکرد لە یەک تێ دەگەیشتن و بەم تەمەنە بووینە هاوڕێی یەک , ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خەسووم زیاتر فشاری دەکرد بۆ سەر (دڵشاد) تا ڕۆژێک خۆی گوتی بە خودا منیش بێزار بوومە لە دایکم منیش گوتم باشە بە قسەی بکە سەیرێکی کردم و گوتی باشە هیلاکم دەچم دەخەوم لە خودام دەویست بەیانی بێت و بچمە لای باجی دەردە دڵی لەگەڵ بکەم , هەموو شتێکم بۆ باس دەکرد ئەویش دڵی دەدامەوە پێی گوتم هەموو شەوێک بۆ چل جار ئایەتی کورسی بخوێنە و زۆر سەڵاوات لێ بدە و پشت بە خودا ببەستە نزیکەی بیست ڕۆژێک بەردەوام بووم لە زیکری خودا بە بەردەوامی دڵم پێی خۆش دەبوو و هەموو شتێکم دا بە دەست خودا تا نیوەڕۆ یەک هێندە هیلاک بووم بێ ئەوەی نان بخۆم لە دەوام هاتمەوە خەوتم , لە خەونمدا باجیم بینی جلێکی جوانی لەبەر بوو ڕوخساری وەک مانگ بوو دە درەوشاوە و قاپێکی پێ بوو هێلکەی لەناو بوو منیش چووم بۆ لای و هێلکەکەی دایە دەستم , لە پڕ لە خەوەکە هەستام لەگەڵ دەنگی بانگ و نوێژی

عەسرم کرد و سوپاسی خودام دەکرد لەوەی پێمی بەخشیوە و پێمی نەبەخشیوە , باجی وەک جاران هاتە لام و چایەکی گەرمان خواردەوە و گوتم باجی واللە خەونێکم بینیوە بەم جۆرە بووە.

بکەم هەموو خەونەکەم بۆی باس کرد , باجی زەردەخەنەیەک گرتی و پێکەنی وتی إِنْ شَاءَ اللّٰه بە دڵی خۆت دەبێت ئەو خەونە باش بێت خراپ نییە گوتم إِنْ شَاءَ اللّٰه باجی هێندەی پێ نەچوو زوو زوو تێک دەچووم و هەستم بە ماندوو بوون دەکرد لەبەر ئەوەی بە ڕۆژ (دڵشاد) لە ماڵ نییە بۆیە گوتم ناتوانم بچمە دکتۆریش باجیش پێدەکەنی گوتی کچێ من وەک دایکت وام ڕاستە ماڵی دایکت دوورە بەس هەرچیت ویست بە من بڵێ بەیەکەوە دەچینە دکتۆر گوتم ناواللە ئەزیەتە گوتی واللە تووڕە دەبم خودا لێت خۆش بێت ئەزیەتی چی ؟ چووینە نەخۆشخانەیەک و پشکنینمان کرد و گوتیان سۆنەرێک بکە چی ڕوویدا خودایە هەزار جار شوکر بە بەشت دکتۆر گوتی ئەوە مانگێک زیاترە سکت هەیە زۆر دڵم خۆش بوو لە ڕێگا دەم گوت باجی توو خودا ئەو خەونە چی بوو گوتی ئەو هێلکەیە منداڵە خودا پێی بەخشیووی بەو زیکرانەی کردووتە خودا دەرگای لێ کردوویەتییەوە دەستم کرد بە گریان گوتم وەک فریشتە بوویت خودا تۆی بۆ من نارد , بۆ (دڵشاد)ـم باس کرد ئەویش زۆر پێی خۆش بوو لە خۆشیان گوتی بەیانی خێرێک دەکەین دەچم بە ماڵی دایکم دەڵێم , زیاتر و زیاتر ئاگام لە خۆم دەبوو و دەستم کرد بە قورئان خوێندن سوپاسی خودام دەکرد شوکر بۆ خودا دووانەیەکی کچ و کوڕم بوو خودای گەورە باجی بۆ من نارد . بە زیکر کردن دەرگای ڕەحمەتی خودا گیانم لێ واڵا بوو هەرگیز بێ ئومێد نەبن لە فەزڵی خودای گەورە تەنها ئەوەی ناڕەحەتی کردم دوای دوو ساڵ باجی زۆر نەخۆش کەوت چۆن لە خەونەکە بینیم ڕوخساری وەک مانگ دەدرەوشاوە کاتێک مردیش هەر بەم جۆرە بوو ئافرەتێکی نوورانی چۆن هات و ڕۆیشت من هەم دایکێک و هەم هاوڕێیەکم لە دەست دا مردنی ئەو زۆر تەنیای کردم إِنْ شَاءَ اللّٰه جێگای بەهەشتە هەر جارێک خێرێک دەکەم ناوی ئەوی لێ دەهێنم و لە زیکر و دوعاکانم قەت بێ بەشی ناکەم تەنها دەڵێم خۆزگە گەورە بوونی منداڵەکانمی بینی با , کاتێک منداڵەکانم گەورە دەبن باسی ئەم ئافرەتەیان بۆ دەکەم ناسینی هیچ کەسێک بێ نیعمەت نییە داوا لە ئێوەش دەکەم چۆن باجی ئەو ئامانەتەی بۆ من جێ هێشت ئێوەش دەست بگرن بە خوێندنی ئایەتی کورسی و سەڵاوات دان .

**سەرنج :**

هەر چەند خەم و کێشەکانت زۆربێ

زاتێک هەیە چارەی هەموو دەردێکە

قَالَ لَا تَخَافَا إِنّي مَعَكُمَا أسمَعُ وَأرَىٰ

فەرمووی مەترسن , بە دڵنیایەوە من لاتانم دەبیستم و دەبینم

سەڵاوات لێدان لەسەر پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم )

دەرگای ئاسمانت لێ دەکاتەوە



## چیرۆکی سێیەم

### دانـا دوای مردنـی هاوســەرەکـەی

دوای ماوەیەکی زۆر چاوەڕێ کردن و عاشقەکەمان ئەم ڕۆژە هات کە من و ئازیزەکەم بە یەک بگەین چووین بۆ ئەوەی جلی بووکێنی بکڕین و دڵمان خۆش بوو ئەو ڕۆژانەی بیرمان لێ دەکردەوە نزیکە بە چاوی خۆمان ببینین , جلی بووکێنی لەبەر کرد مَاشَاءَ اللّٰه دەڵێت مانگ بوو جوانی وام نەدیت بوو دڵ و هۆشی برد بووم شاجوانەکەم بە جلی سپییەوە دەڵێت فریشتە بوو.

- جوانم ؟

- جوان نا تۆ لە جوان جوانتری.

- کوڕە بڵێ ماشاءﷲ .

چووینە ساڵۆن و هۆڵەکەمان گرت و دەست نیشانمان کرد , دڵخۆشترین پیاوی دونیا من بووم تاقانەکەم بۆ من دەبێت و دەبێتە موڵکی من دەم ویست پڕ بە دڵ بگریم و سوجدە بۆ خودا بەرم کە دڵخۆشم .

- ماڵەکەمان ئامادەیە ؟

- هەموو شتێک حازرە گیانەکەم بەس تۆ داوا بکە.

- دەی فەرمانت پێ دەکەم زوو بخەویت.

- بیرت دەکەم.

- خۆ جارێ نەڕۆیشتووی.

- جا چییە من لە ئێستاوە بیرت دەکەم .

- شێتە شەو شاد.

- شەو شاد تاقانەم .

ڕۆژی ئاهەنگەکە هات و خۆمان ئامادە کرد زۆر پەلەم بوو دەست پێ بکات ماچێکی شاجوانەکەم بکەم چوومە دوای بووکە خانم خودا بەندەی وا جوان دروست دەکات زەردەخەنەکەی و سادەیە کەی چاوەکانی باوەڕم بە چاوەکانم نەدەکرد.

- بۆ وەستای  دە گوڵەکەم پێ بدە.

- تۆ عەقڵ لە پیاو ناهێڵیت فەرموو شاجوانم.

- مێرسی زۆر سوپاس

چووین بۆ هۆڵی ئاهەنگ گێڕان هەموویان دڵخۆش بوون و دەستیان کرد بە چەپڵە لێدان , بەهۆی هاوسەروکەمەوە ناچار بووین لەبەر دەم خەڵک حاکم مارەمان بکات ویستی ئەو بەم جۆرە بوو  و حاکم دەستی کرد بە پسیار کردن

- کچم تۆ ڕازی شوو بەم کوڕە بکەیت ؟

- بەڵێ.

- ئەی تۆ کوڕم بە هاوسەری خۆت قبووڵی دەکەیت ؟

- ئەی چۆن حاکم گیان.

-پیرۆزتان بێت.

قاچی لەسەر پێڵاوەکانم دانا ماچێکی نێو چەوانیم کرد بە چرپەیەک گوتم تۆ بوویتە هی من بزەیەکی کرد خەریک بوو دەست بکات بە گریان گوتم نەکەیت مێشکی سەرم بەریت .

چەند مانگێک تێ پەڕی دڵخۆشترین خێزان بووین بە زۆر دەچووم بۆ ئیش دەم گوت توو خودا هاوسەرەکەت لێت دوور بێت چۆن ئیشت بۆ دەکرێت.

لە کاریش هەر بیرم لای بوو بەردەوام بە نامە قسەمان دەکرد , بەختەوەر ئەو کەسەیە ژنێکی هەبێت و خۆشی بوێیت

- برام (دینە) حاڵی خراپە وا دەیهێنین بۆ نەخۆشخانە.

- چی دادە چییەتی توو خودا ؟

- باشە بەس بووراپتەوە تۆ لەوێ خۆت پشکنینی بۆ بکە .

ئەی خودایە من چۆن دەستم دەگرێت دکتۆری بۆ خۆشەویستەکەم بکەم هیچ نەخۆشێک بە قەد هاوسەرەکەم ئازاری نەداوم بە دەستی خۆت پشکنینی بۆ بکە بزانی باشە یان نا ئاخێکم کرد لە دڵی خۆمدا زۆر نیگەران بووم.

فریشتەکەمیان هێنا کە وا بینیم دڵم ئازاری پێگەشت خودایە هیچی نەبێت ئەمجارە پێمی بدەوە هیچم ناوێت خودایە گیان جییامان مەکەوە.

دوای پشکنین بۆم دەرکەوت نەخۆشی کەم خوێنی هەیە خوێن لە جەستەی کەم دەبێت ئەی فریشتەکەم چیت لە دکتۆرەکەت کرد بێ هێزت کردم لە پشت سەرییەوە دانیشت بووم تا هۆشی هاتەوە دڵۆپ دڵۆپ فرمێسکم دەڕژاند باوەڕ بکەن ئافرەت پیاوێکی عاشق دەکوژێت .

- چییە ؟

- قوربانتم بە ئاگا هاتیت پشوو بدە.

- ئەوە دەگریت کوڕە من چۆن جێت دەهێڵم ؟

- شوکر بۆ خودا تۆ باشی هەناسەکەم.

چووین بۆ ماڵ زیاتر لە جاران ئاگاداری دەبووم و لە ئیشی ماڵ یارمەتیم دەدا چونکە دەمزانی ئەگەر شتێکی لێ بێت تووشی خوێن بەر بوون بێ بێ چارە دەبم .

وەک خەون وا بوو بە ماچێکی ئەو بە خەبەر دەهاتم نانمان دەخوارد و هەموو شتێک جوان بوو کە دەهاتمەوە لەبەر پەنجەرەکە چاوەڕێی دەکردم خێرا دەرگای دەکردەوە باوەشی پێدا دەکردم.

- دە ڕاوەستە هیلاکم.

- جا چییە دیارە بیری منت نەکردووە ؟

- نا بیرم نەکردوویت.

چومە ژوورەوە ماڵەکە پڕ بوو لە مۆم و گوڵ جوان ڕازان درا بووەوە خودایە ئەمڕۆ هیچ بۆنەیەک نییە دەبێت چی بێ کەوتمە ناو خەیاڵەوە (دینە) بە ئاگای هێنام.

- ئەمە چییە فریشتەکەم.

- میوانمان دێت.

- کێیە بەم کاتە بە خێر بێت ؟

- بچکۆلە کەمان.

- ئەوها باش ... چی چی بچکۆلەکەمان واتە من دەبمە باوک ؟

- بەڵێ.

- خودایە کە دڵخۆشم من دەبمە باوک چووین بۆ ماڵ زیاتر.

ماچم کرد توند لە ئامێزم گرت هیلاکیم بیر نەما چ هەوڵێک بوو خودایە , زۆر دڵخۆش بووم لە ماوەی ئەو چەند مانگە و زۆر بەپەرۆش بووم.

کاتی هات بچکۆلەکەمان لە دایک بێ کچەکەمان دڵی دایە و بابە ژوورەکەمان بۆ ڕازاندەوە هەموو رۆژێک دیاریەکی نوێم بۆ ئەو دەکڕی , (دینە) ڕۆژێک زۆر ئازاری هەبوو خێرا بردمانە نەخۆشخانە

- تۆ باشبە من لاتم.

- توخوا ئاگادار خۆت بە.

- شش شش تۆ هەستەوە ئاگادارم بە.

- دڵم خەبەری داوا.

- نەکەی قسەی وابکەی ماڵ وێرانم کەی.

- ئاگاداری کچەکەمان بە زۆر دڵخۆشە باوکێکی وەک تۆی هەیە .

- بێ دەنگ بە توخوا.

دوای چەند سەعاتێک لە نەشتەرگەری دەم وت خودایە بۆ نایەتە دەر دڵم ڕادەوەستێ چ ڕۆژیکی ناخۆش بوو بە دەم گریانەوە لای دەرگاکە کەوت بووم دەپاڕامەوە هەموویان دڵیان دەدامەوە.

بە پەلە دکتۆرەکان ڕایان دەکرد و شپرزە بوون هەناسەم تەنگ بوو دەپاڕامەوە دەم وت خودایە تۆ لێمی مەسێنە من دەمرم ئەو ژیانمە.

دکتۆرەکان هاتنە دەر وتی پیرۆزە کچێکی جوانتان بوو بەڵام , هاوسەرەکەت حاڵی خراپە.

شۆک بووم و نەمدەزانی چی بکەم.

زۆر پاڕامەوە پێم گوتن منیش دکتۆرم ڕێگەم بدەن سەردانی بکەم , چووم بۆ لای فریشتەکەم کەوت بوو ئاگر لە دڵم بەربوو دەستەکانیم گرت من چۆن بزانم دەمێکە ڕۆیشتووە دڵی خەریکە ڕادەوەستێت جێم دەهێڵێت...

- بۆ بێ دەنگی ؟ ئەوها ڕەزا گرانەکەت هاتووە بیری ناکەیت دەمێکە خەوتوویت سەیرکە کچەکەمان چاوەڕێت دەکات لە دایک بوو دەمترسێنیت.

لەم قسانە بووم خێرا پەرستارەکان بە ژوور کەوتوون منیان بردە دەرەوە.

هاوسەرەکەم بەجێی هێشتم ئەوە خۆشم دەویست زوو ڕۆیشت کچەکەم پەروەردە کرد و شەو و ڕۆژ لەلای بووم هەر چۆن (دینە)ـم دەیویست کە سەیری ئەوم دەکرد ڕێک (دینە)ـم بیر دەهاتەوە چاوەکانی قژی , پێنج ساڵ تێپەڕی بەسەر مردنی (دینە)ـم دوور لە هەموو کەسێک ژیام شوێنێکی بچووکم لای ماڵەکەم گرت لەوێ دەستم کرد بە کار کردن بۆ ئەوەی ئاگام لە کچەکەم بێ دایک و خوشکەکانم و براکەم زۆر هاوکاریان دەکردم دەیان گوت وەرە لای ئێمە بژی بەس من چۆن دەتوانم ئەو ماڵە جێ بهێڵم کە بۆنی (دینە)ـی لێ دێت یادگاریمان لای هەیە ڕاستە ساڵێک لەگەڵم ژیا بەس ئەم ساڵە هەموو ژیانی من بوو.

زۆر جار (ئاڤا)ـی کچم پرسیاری دایکی دەکرد کێیە بۆ وێنەی ئەوی پیشان نادەم ئێستا ئەو گەورە بووە تێ دەگات بەڵام من چی وەڵام بدەمەوە؟ چۆن بڵێم ؟ دایکت لەسەر تۆ ڕۆیشت کچەکەم.

تاکە یادگاری (دینە) کچەکەم و ماڵەکەمە تەمەنم کەمە بیست و هەشت ساڵ زۆر کەس دەڵێن ژن بهێنەرەوە بەلام ناتوانم , ئەمڕۆ ڕۆژی لەدایکبوونی فریشتەکەم بوو ناچار (ئاڤا)ـی کچم برد بۆ ماڵی پووری لەگەڵ منداڵەکان یاری بکات . خۆم ڕۆیشتم بۆ لای هاوسەرەکەم گەر ڕۆژێک دوو جار سەردانی نەکەم ناتوانم قسەی بۆ دەکەم هەمیشە ئەو لەگەڵ من دەژی.

- لەسەر گۆڕەکەت دانیشتووم گوێت لێمە ؟ ناشیرینەکەت هاتووە بۆ لات چییە ؟ ناتەوێت من ببینیت بۆ جێت هێشتم قەرار نەبوو کچەکەمان بەیەکەوە بەخێو بکەین بۆ ئەرکی منت قورستر کرد مژدە بێ کچەکەمانم پەروەردە کرد نازم پێ دا وەک چۆن تۆ دەتویست زۆر جوانە ڕێک بە تۆ دەچێت ئێستا گەورە بووە پرسیاری تۆ دەکات چی پێ بڵێم ... ؟

چوومە ماڵی خوشکم (ئاڤا) بێنمەوە لەگەڵ منداڵەکان قسەی دەکرد بە دڵتەنگی دانیشت بوو دڵم دەسووتا.

- دایکت لە کوێیە ؟

- باوکم پێم ناڵێت.

- دایکم دەڵێت بە باوکم دەچم ئەی تۆ ؟

- باوکم دەڵێت وەک دایکت جوانیت.

ئاگر لە دڵم بەربوو بەم قسانەی خێرا بردم و ڕۆیشتین هەموو شەوێک لای خۆم دەیخەوێنم کە خەوت دەچم بۆ ژوورەکەی تر دەست دەکەم بە گریان لەوانەیە لە هەستم تێ ناگەن بەلام مردنێکە ڕۆژێک هەزار جار دەمرم لەبەر کچەکەم بەرگە دەگرم وەک بەڵێنم دا جوانترین ژیانی بۆ دروست دەکەم.


کۆتا وشەم دەڵێم ڕۆژێک خۆشەویستەکەت جێت دەهێڵێت ئەو کات قەدری دەزانی خۆشت بوێت تێر بۆنی بکات نازی پێ بدە تا لە لاتە کە ڕۆیشت ماڵ وێرانت دەکات .

**سەرنج** :

بۆ منداڵ دایک و باوکێکی باش
هەموو دونیا دەهێنێت

ڕاستە هەموو پیاوێک لە ڕەگەزی نێرە
بەڵام هەموو نێرێک ڕەوشتی پیاوی تێدا نییە

بیرت بێت کاتێک هاوسەرەکەت هەڵدەبژێریت
باوک یان دایکی منداڵەکەت هەڵدەبژێریت



## چیرۆکی چوارەم

## لــە مـەسـیحیــەوە بــۆ موسوڵـمان بــوون

هەڵبژاردنی ئەوەی چۆن لە دایک بیت و لە چ خێزانێک و دینێک و ڕەگەزێک بیت شتێک نییە بە دەست من و تۆ بێت ئەمە خودای گەورە هەڵی دەبژێرێت بۆ هەر بەندەیەک, قسمەتی من وا بوو لەناو خێزانێکی مەسیحی و بێ باوەڕ لە دایک بووم کە هیچ شتێکیان لە ئایینی ئیسلام نەدەزانی و ئەسڵەن گاڵتەیان بە موسڵمان دەهات مەشرووب خۆر و زیناکەر و بێ دین بوون , کاتێک مرۆڤ خودانەناسە چاوەڕێی ئەوەی لێ دەکرێت هەموو شتێک بکات چونکە کە لە خودا نەترسی یان بڵێم خودات خۆش نەوێت بەلاتەوە ئاسایە هەموو کارێکی خراپ بکەیت بە بچووک و گەورەوە , من ناوم (ئیلادە)ـیە وەک دیارە لە خێزانێکی مەسیح لە دایک بووم باوکم زێڕن گڕ و دایکم ئافرەتی ماڵەوە لەناوە خۆمان زۆر یەکترمان خۆش دەویست و گرنگیمان بە یەک دەدا لە کۆلان و گەڕەکەکەمان موسڵمان و مەسیحی بەیەکەوە دەژیان زۆر جار دایکم و باوکم ئاگاداریان دەکردمەوە دوور بکەومەوە لێیان مەترسیدارن بە جۆرێک باسی موسڵمانیان بۆ کردبووم لێیان دەترسام وەک تیرۆریست دەهاتنە بەرچاوم , بەڵام کاتێک خوێندکاریت بەرکەوتنت دەبێت لەگەڵ هەموو کەسێک هاوڕێکانی منیش موسڵمان و مەسیح بوون هیچ کاتێک باسی ئایینم نەدەکرد لەگەڵیان دەمزانی ئەگەر بابەتەکە بێتە سەر جیاوازی ئایین دەکرێت دڵمان لە یەک بشکێت و یاخود سووکایەتی بە دینی یەکتر بکەین بۆیە دوور دەکەوتمەوە لەم جۆرە قسانە, لای ئێمە ئاسایی بوو کچ و کوڕ لە پەیوەندی دابن یاخود بەیەکەوە بژین و تێکەڵی یەک بن تەنانەت دوای تەمەنی هەژدە ساڵی دەتوانی بڕۆیت بۆ یانەکانی شەوانە و مەشرووب بخۆیتەوە , زۆر جار هەستم بە بێزاری دەکرد وەک ئاژەڵ سەیری خۆمانمان دەکرد بە بەراورد بە موسڵمانەکان بۆ نموونە هاوڕێ موسڵمانەکانم داپۆشراو بوون و هەموو شتێکیان نەدەکرد خێزانەکانیان زۆر گرنگیان پێ دەدان هەندێک جار پرسیاریان لێ دەکرا بۆ دەترسن لە مەشرووب خواردنەوە یان زیناکردن و ڕابواردن لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر خۆ دایک و باوکتان ئاگای لێ نییە وەڵامیان دە داوە بەوەی خودا ئاگادارە ئەی چۆن خۆیان ون بکەن لە چاوی ئەو ؟ لەو کاتانە مەسیحییەکان گاڵتەیان دەکرد و بابەتەکەیان دەگۆڕی منیش یەکێک بووم لەو کەسانەی دایکم و باوکم ئازادیان کرد بووم لە هەموو کارێک

حەزم دەکرد ڕۆژێک لێپرسینەوەم لەگەڵ بکەن و پێم بڵێن کامە ڕێگا هەڵەیە و کامەی ڕاستە مێشکم ئاڵۆز و شێواو بوو ڕۆژێکیان چوومە یانەی شەوانە و دەمویست خۆم لە بیر بکەم تا توانام هەبوو مەشرووبم خواردەوە و سەرخۆش بووم و دانسم دەکرد لە شوێنەکەی خۆمەوە تا هەندێک کوڕ لێم نزیک بوونەوە بۆ ئەوان نێچیر بووم ئاسان بوو لەم کاتە لەگەڵم بن بەڵام هۆشم مابوو دەستم کرد بە جنێودان و شەڕ کردن سەری یەکێکیانم بە بوتڵی مەشرووبەکە شکاند خوێنی لێ دەچۆڕا دەستی منیان گرت و فڕێیان دامە دەرەوە وەک سەگێک لە شەقامەکان کەوتبووم و بەزەیم بە خۆمدا دەهاتەوە گوێم لە دەنگی مەلا بانگدان بوو ( الله اكبر , الله اكبر ) بە جۆرێک بوو ئەم دەنگە موو چرکە بە هەموو گیانم دەهات سەیری کاتژمێرەکەم کرد کاتژمێر چواری بەیانییە وا دیار بوو مزگەوتی موسڵمانان زۆر لێمەوە نزیکە بەرەو بانگەکە دەڕۆیشتم و فرمێسک لە چاوم دەهاتە خوارەوە هەر دەڕۆیشتم و دەنگی بانگەکە زیاتر دەبوو تا خۆم کێشا بە کوڕێکی ئەسمەر و باڵا بەرزی ڕیش دار دەنگێکی لێوە هات و گوتی (أَسْتَغْفِرُ اللّٰه) زانیم کە موسڵمانە و بەرەو مزگەوت دەڕوات کەوتە سەر ئەژنۆ و گوتی خاتوون تۆ باشیت چیت لێهاتووە ؟ هێندە بێ هۆش و سەرخۆش بووم نەمدەتوانی بەجوانی سەیری بکەم لەو کاتە بێ ئاگا بووم و ئاگاداری هیچ نەبووم تەنها دەنگی ئەم کوڕەم دەبیست , بەیانی داهات و سەرم ژانی دەکرد لە لایەکی تر بۆنی چا و هێلکەی سوورە کراوم بۆ دەهات کاتێک چاوم کردەوە نەمدەزانی لە کوێم ئەم شوێنە بە ماڵەکەی خۆم نەدەچوو و زۆر جیاواز بوو لەناکاو لە دەرگا درا بینیم ئافرەتێکی بەتەمەن هاتە ژوورەوە گوتی کچم هەستاوی وەرە نان بخۆ , یەکەم جار بوو ئەم ئافرەتە ببینم لەچک لەسەر و ڕەش پۆش بە چرچی ڕوخساری بۆت دەردەکەوت کە چەند بەتەمەنە و پیرە بەڵام بە ڕووناکی نێو چەوانی و بۆن خۆش یەکەی دەتزانی کە ئافرەتێکی دیندار و پاکە , خۆم کۆ کردەوە چوومە دەرەوە سفرەیەکی جوانی ڕازاوە بە مەنجەڵێک ماست و سێ پیاڵە چا و قاپێک هێلکە و ڕۆن بۆنی کولێرە لەگەڵ نانی گەرم دەهات بەڵام چەند چاوم گێڕا نەمبینی لەسەر سفرەکە تا لە دەرگای مەتبەخەکە کەسێک هاتە ژوورەوە سێ نانی گەرمی لەسەر دەستی دانابوو و بە دەستەکەی تر زەرفێک

کولێرەی گەرمی بە دەست بوو بە هەڵمی زەرفەکە دەتزانی کە کولێرەکە تازە لە تەنوور هاتووەتە دەرەوە هێندەم برسی بوو چاوم تەنها خواردنی دەبینی تا سەرم بەرز کرد کوڕە باڵا بەرزەکەی دوێنێم بینی کە وام زانی بوو خەونە بینیومە بەبێ دەنگی هاتە سەر سفرەکە دانیشت و ئافرەتە پیرەکە پێی گوتم فەرموو کچم نان بخۆ لەو کاتە نەمدەزانی ئەوانە کێن و من چی دەکەم لێرە بەبێ دەنگی و لەسەرخۆ چوومە سەر سفرەکە دانیشتم و نانم دەخوارد تا کوڕە ئەسمەرەکە قسەی کرد و گوتی کە ئەمڕۆ موحازەرەی کەمی هەیە و زوو دەگەڕێتەوە ماڵەوە دواتر هەستا و ڕۆیشت دوای ئەمە ئافرەتە پیرەکە بە دەنگ هات و گوتی کچم تۆ کێی و ناوت چییە و کوا دایک و باوکت ؟ منیش پارچە کولێرەکەم دانا گوتم کە ناوم (ئیلادە)یە شەرمم دەکرد لەوەی بیڵێم سەرخۆش بووم و ئەم کوڕە منی هێناوەتە ماڵ بە دەنگێکی کز وتم کە مەسیحیم دیار بوو ئافرەتەکە ڕەنگی دەم و چاوی گۆڕا بۆ ساتێک بێ دەنگ بوو دووبارە پرسیاری کرد چیت دەکرد دوێنێ لەبەردەم مزگەوتەکە نەمدەتوانی درۆ بکەم بۆم باس کرد کە چەند سەرلێشێواوم و دەمەوێت ڕێگای ڕاست بدۆزمەوە لەو کاتە زیاتر قسەی کرد و باسی دینی ئیسلامی کرد و گوتی تا خوداناسی دڵخۆش و بەختەوەر نابیت دوعای کرد کە خودا هیدایەتم بدات و ڕێگای ڕاستم نیشان بدات , داوام لێ کرد کە ڕێگەم بدات بڕۆم و سوپاسیم کرد بەرەو ماڵەوە ڕێکەوتم لە ڕێگا بیرم هاتەوە چۆن ژمارەی مۆبایلیم وەرنەگرتووە پێویست بوو سوپاسی ئەم کوڕەم بکردایە کە منی ڕزگار کرد , دوای مانگێک من بەردەوام بووم لە ژیان بەڵام واز لە خواردنەوە هێنا بوو هەر کات ویست بام مەشرووب بخۆمەوە ئەو شەوەم بیر دەهاتەوە کە وەک سەگێک لە شەقامەکان کەوت بووم و دوور دەکەوتمەوە لێی , لە ڕاستیدا لەو ماوەیە قێزم لە خۆم دەکردەوە چۆن بەم جۆرە بێ نرخ بوومە هەر ئەم شەوە ئەو کوڕە منی هەڵ نەگرت بایەوە چیم لێ دەهات چەندین پرسیار لە مێشکم دروست بوو , بڕیارمدا بە دوای ڕێگای ڕاست بگەڕێم لە گووگڵ بۆ ئایینی ئیسلام دەگەڕام و زانیاریم وەردەگرت تا گەیشتمە ئەو خاڵەی کە نووسرابوو کۆڕێکی ئایینی هەیە بۆ تێگەیشتن لە ئایینی ئیسلام و خوداناسی بڕیارمدا بڕۆم بێ پرسی دایک و باوکم چونکە دەمزانی ئەگەر ئەوان شتێکی

وا بیستتن هەرگیز ناهێڵن بڕۆمە دەرەوە وەک شێت سەیرم دەکەن بۆیە بە نهێنی ناوی خۆم تۆمار کرد زۆر بە پەرۆش بووم تا ڕۆژی پێنج شەم بێت و بەشداری بکەم , هاوڕێکانم بانگێشتی زانکۆیان کرد بووم منیش دڵم توند بوو لەو ماوەیە ویستم تۆزێک جەو بگۆڕم بۆیە دوای خوێندنی خۆم چووم بۆ کۆلێژی ئاداب خەریکی قسە کردن و پێکەنین و باسکردنی ژیان بووین لەو کاتە چاوم چووە سەر کوڕێک کە سەیرم کرد و ورد بوومەوە بینیم هەمان ئەو کوڕەیە کە منی ڕزگار کرد ئەو شەوە بە هاوڕێکەمم گوت ئەوە دەناسیت؟ ئەویش گوتی کامە قەمیس ڕەشەکە دەڵێیت ؟ منیش گوتم بەڵێ , گوتی ئەمە (ئارام)ـە لە هەمان بەشی ئێمەیە زمانی ئینگلیزی پرسیاری کرد ئایە دەیناسم گوتم نا تەنها وامانی دەیناسم لەو کاتە کوڕەکە سەیری کردین و منیش خێرا خۆم شاردەوە ڕاستی زۆر شەرمم دەکرد بەهۆی ئەم ڕۆژەوە دەترسام بە چاوێکی خراپ سەیرم بکات , هەر کاتێک کە زانیم (ئارام) هاتە سەر مێزەکەی ئێمە دانیشت و سەلامی کرد وەک ئەوەی هەرگیز منی نەناسی بێت لە نواندن زیرەک و لێهاتوو بوو هاوڕێکانی من چونکە حیجاب و موسڵمان بوون بەلایەوە سەیر بوو کە من لای ئەوانم و مەسیحیم دەمزانی دوای ئەو ڕۆژەی لەماڵیان ڕۆیشتم دایکی باسی کردووە کە مەسیحیم لەناو ئەم خەیاڵە و قسانە بووم لەگەڵ خۆم کاتێک هاوڕێکەم منی ناساند بەو بێ ویستی خۆم دەستم درێژ کرد بۆی وەک تۆقەکردن پێیان سەیر بوو بەڵام ئەم کوڕە زۆر عاقڵانە گوتی ببوورە دەستم ئارەقەی کردووە لەسەر مێزەکە هەستا و ڕۆیشت هاوڕێکەم شەقێکی بە هێواشی لێدام گوتی (ئیلادە) ئەو موسڵمانە و کوڕێکی بەرێزە بەس عاقڵانە قسەی کرد تا هەست بە شکانەوە نەکەیت منیش گوتم دەزانم هەڵەی من بوو دوای ئەم ساتە (ئارام)ـم نەبینییەوە و ڕۆیشتم بۆ ماڵەوە خەریک بوو شێت ببم نەمدەزانی بۆ لەگەڵ ئەم کوڕە تووشی مۆقیفی ناخۆش دەبم وەک گەمژەیەک دەردەکەوم لەبەر چاوی پرسیارم دەکرد ئایە ئەو من دەناسێتەوە یان لە بیری کردووم بەڵام ڕووداوێکی بەم جۆرە چۆن دەکرێت لە بیر بکرێت ؟ مێشکم زۆر ئاڵۆز بوو بەم جۆرە پرسیارانە ئەم شەوە نەمدەتوانی بخەوم هەرچۆنێک بێت خەو منی بردەوە , ڕۆژی پێنج شەم هات و بە پەرۆش بووم تا بەشداری لەم کۆرە بکەم خێرا خۆم

حازر کرد و ڕۆیشتم بۆ هۆڵەکە کارمەندی هۆڵەکە گوتی هێشتا سەعاتێک ماوە دیارە زۆر پەلەتە لە خاوەن سیمینارەکە خێراتر هاتوویت خۆم بە مۆبایل مەشغووڵ کرد دەمویست کات خێرا بڕوات و وەڵامی ئەم پرسیارانەم دەست بکەوێت و ڕێگای ڕاست بدۆزمەوە بەڵام چیم بینی یەکێک لە ڕێکخەرانی کۆڕەکە هەمان کوڕ بوو کاری وەرگێڕانی دەکرد بە زمانی ئینگلیزی بۆ ئەو بێگانانەی بەشداریان کرد بوو دەکرێت ئەمە سووتفە بێت یان ناوی دەنێیت قەزا و قەدەر لە ماوەی مانگێک سێ جار لە سێ شوێنی جیاواز لای مزگەوت و لە کۆلێژ و لە هۆڵی سیمینار , کۆڕەکە دەستی پێ کرد ناونیشانەکەی (کام ڕێگا ڕاستە ؟ ئێمە کێین ؟ ) بە ناوی خودا بانگەواز خوازەکە دەستی بە وتارەکانی کرد لە سەرەتا باسی دروستبوونی مرۆڤایەتی و دواتر ئادەم و حەوا وردە وردە تا هاتە سەر دینی ئیسلام و پێغەمبەر **محمد** (صلى الله عليه وسلم) لە وتارەکەدا هەستم بە ئاسوودەی دەکرد هەموو شتێکم بۆ ڕوون دەبووەوە بەڵام نەمدەویست پەلە بکەم ئەوانەی پرسیاریان هەبوو دەستیان هەڵدەبڕی و پرسیاریان دەکرد مامۆستاکەش زۆر بە شێوازێکی جوان و لەسەرخۆ وەڵامی دەدایەوە بە جۆرێک دەیتوانی قەناعەت بە بەرامبەرەکەی بکات , دوای سەعاتێک و نیو کۆتای بە کۆڕەکە هات وردە وردە خەڵکەکە بۆ دەرەوە دەڕۆیشتن لەو کاتە هەمان کوڕم بینی چووم بۆ لای و سڵاوم کرد گوتی سڵاوی خودا لە تۆش بێت گوتم دەمناسی وا بزانم گوتی بەڵێ دەتناسم دوو جار تۆم بینیوە , ئەو شەوەم بیر هاتەوە و شەرمم دەکرد گوتم کاتت هەیە قسە بکەین و دەمەوێت سوپاست بکەم گوتی پێویست ناکات ئەرکی سەرشانمە یارمەتیت بدەم . دووبارە سوپاسم کرد و ڕۆیشتم لێرەوە دەستم کرد بە خوێندنی قورئان بە تەفسیرەوە لە کاتی خوێندنەوەی سەرەتا دڵم پێی توند دەبوو بەڵام دواتر باشتر بووم هەستم بە پاک بوونەوە دەکرد ئەم کارانەی کە دەمکرد بە نهێنی بوو بێ ئەوەی خێزانەکەم ئاگادار بێت ئەگەر بیانزانیایە من هەوڵ دەدەم موسڵمان ببم دڵنیام ئەو کاتە زۆر خراپ سزایان دەدام , بەشداری چەند کارێکی خێرم کرد وەک ئەوەی لە دینی ئیسلام هاتووە یارمەتی دانی کەسێک هەستی دڵخۆشیت پێ دەبەخشێت , دوای چوار مانگ سوپاس بۆ خودا هاتمە

ئەو باوەڕەی دینی ئیسلام دینێکی ڕاستە و ئارامبەخشە بۆیە موسڵمان بووم و شەهادەم هێنا ( أَشْهَدُ أَن لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله و أَشْهَدُ أَنَّ محمد عَبْدُهُ و رَسوْلُه ) تێ گەیشتم هەموو شتێک کە ڕوو دەدات بە باش و بە خراپ خێری تێدایە ئەگەر ئەمشەوە من سەرخۆش نە بام و نەکەوتمایەتە سەر شەقام ئەم کوڕەم نەدەناسی و بڕیارم نەدەدا مووسڵمان ببم ویستم سوپاسی ئەم دایکە بکەم کە نانی پێدام و دوعای خێری بۆ کردم ئەگەرچی زانی من لەسەر دینێکی ترم کەچی هەر ڕێزی لێ گرتم , بە ئەستەم ماڵی ئەوانم بیر دەکەوتەوە کۆتا جار بیرم بێت لە کۆلانێکی تەسک و دەرگایەکی شین ماڵیان بوو چووم لە دەرگام دا و گوێم لە دەنگی ئەو ئافرەتە بەتەمەنە بوو کە هاواری دەکرد ئەوە هاتم , کاتێک دەرگاکەی کردەوە بزەیەکم کرد و گوتم سەلام علیکم وەڵامی داوە گوتی علیکم سەلام هەستم کرد کە نامناسێت گوتم دیارە نامناسیت تۆزێک بە وردی سەیری کردم و چاوەکانی تیژ کرد گوتم ئەها کچە مەسیحییەکەی گوتم الحمدلله ئێستا موسڵمانم چاوەکانی پڕ ئاو بوو و بە دەستە سڕەکەی فرمێسکەکانی سڕی و لە باوەشی کردم ئەمە جوانی ئافرەتێکی باوەڕدارە , چووینە ژوورەوە بۆم باس کرد لەو چەند مانگە چۆن هەڵم داووە ڕێگای ڕاست بدۆزمەوە و خودا هیدایەتی داوم هەستا چایەکی گەرمی بۆ هێنام گوتی ئێستا دێمەوە کاتێک هات لەچکێکی لەدەست بوو کە بە ژەنگیانە و مووروویی جوان نەخشێنرا بوو گوتی ئەمە بە دەستی خۆم چاکم کردووە دەمەوێت دیاری من بێت بۆ تۆ ڕەتم کردەوە و گوتم سوپاست دەکەم بەڵام گوتی دیاری ڕەت ناکرێتەوە لەچکەکەی لەسەرم نا و ئاوێنەیەکی بۆ هێنام لەگەڵ یەکەم سەیر کردن خۆم بۆ نەگیرا وەک ئەوەی شەیتان تەواو لە دڵم و ناخم چووبێتە دەر دەستم کرد بە گریان و سوپاسی خودام کرد لە تەواوی تەمەنم هەستێکی بەم جۆرەم بۆ دروست نەبووە وەک ئەوەی تازە لە دایک بووبێتم هەستم بە دڵخۆشییەکی زۆر دەکرد , لەو کاتە لە دەرگا درا و (ئارام) هاتە ژوور و منی بینی سەلامی کرد و وەڵامم داوە دایکی خێرا قسەی کرد و گوتی بووەتە موسڵمان ئەویش پیرۆزبایی کرد و سوپاسی خودای کرد ئەو ڕۆژە زیاتر ئاشنای یەکتر بووین و قسەمان کرد بە جۆرێک ژمارەی مۆبایلمان گۆڕییەوە دەنگی بانگی عەسر هات نوێژمان بەیەکەوە

کرد و هەستامەوە تا بچمە ماڵ دایکی (ئارام) گوتی نابێت بەتەنیا بڕۆیتەوە لەگەڵ (ئارام) بڕۆرەوە گوتم ئەزیەتە گوتی نا نا چاوەڕێم کرد تا جلەکانی گۆڕی و بە ڕێ کەوتین بۆ ماڵ لە ڕێگادا هەندێک قسەی بۆ کردم و گوتی کە بەشداری کۆڕەکان بکەم هەفتانە و هەندێک کتێبی بۆ پێشنیاز کردم بخوێنمەوە گەیشتمە لای ماڵ و سوپاسم کرد و ماڵ ئاوایم لێ کرد , دڵم زۆر خۆش بوو ئەمشەوە بە نهێنی نوێژم دەکرد و قورئانم دەخوێند کێشەکە ئەوە بوو نەمدەزانی چۆن بە دایک و باوکم بڵێم کە موسڵمان بوومە بەڕاستی سەختە کاتێک لە خانەوادەیەکی بێ دین لە دایک بیت و لەسەر شێوازێک ژیان بکەیت و لە ماوەی چەند مانگێک هەموو شت بگۆڕێت بۆ نموونە ڕۆژانە بە زۆر هەڵدەستیت کەچی ئێستا بەیانی زوو هەڵدەستیت بۆ نوێژی بەیانی کە تەنها چەند خولەکێکی کەمی پێ دەچێت , ئایا ئەوە جوان نییە ؟ یان چ پەیوەندییەکی بەهێزە لە نێوان خودا و بەندەکەی کە لە حەوت خەو بیت هەستیت بە دەم بانگەوە بڕۆیت لەم پەیوەندییە لەم عەشقە جوانتر هەیە ؟ باوەڕ ناکەم هەبێت , هێندە بە پەرۆش بووم بۆ ئایینی ئیسلام نەمدەویست لەسەر بەرماڵەکە هەستم عەشقەکەم هێندە زۆر بوو بۆ ئەم دینە وەک ئەوەی بترسم دوورم بخەنەوە لێی ڕۆژ بە دوای ڕۆژ هەستم بە ئارامی و پاک بوونەوە دەکرد سوپاس بۆ خودا , ئەگەر لێم دەپرسن کورە ئەسمەرەکە چی لێ هات پێتان دەڵێم منیش نازانم لەناکاو ون بوو ژمارەی مۆبایلەکەی هەژمارەکانی سۆشیاڵ میدیای هەموو لە شت پڕێکدا ون بوو چوومە ماڵیان بەداخەوە دراوسێکانیان گوتیان کە ماڵیان ڕۆیشتووە لەم کۆڵانە ڕاستی زۆر خەمم خوارد خۆشم نەمدەزانی بۆ فرمێسک دەڕێژم دەکرێت ئەوینێک لە دڵمدا بێت بۆ ئەم کورەی منی ڕزگار کرد بەس نە حەقیم نییە و لە دڵم ناگرم شایەنی ئەوە بوو خۆشی بوێت و بیەوێت وەک هاوسەر لەگەڵی بژییت , ساڵ هات و ڕۆیشت هەموو شتێک گۆڕا بوو خێزانەکەم ئێستا دەزانن من موسڵمانم لە سەرەتا قبووڵیان نەکرد گوتیان دەبێت لەم ماڵە بڕۆیت منیش وەک کچێک کە هیچ شوێنێکم نییە زۆر تێکشکاوم تا لەو کاتە کەسانێکم ناسی خوداناس لە ڕێکخراوی خوشکانی موسڵمان دەرگای ماڵەکەیان بۆ کردمەوە وەک قوتابی و فێرخواز بەشداریم لە ڕێکخراوەکەیان کرد تا دواتر کاری خێرخوازی بە جۆرێک باش بووم لێی

وای لێ هات دەرسی قورئانی پیرۆز بە منداڵەکان بڵێمەوە , ژیانی من بەم جۆرە گۆڕا لەگەڵ ئایینی ئیسلام هەفتانە دەڕۆم بۆ ماڵی باوکم و سەردانیان دەکەم ڕاستی دڵیان نەرم بووە داوایان کرد بچمە ماڵەوە بەڵام من ڕاهاتووم لەگەڵ ئەم ڕێکخراوە بۆ من وەک ماڵێک وایە بۆیە ڕازی نەبووم , دوای پێنج ساڵ لە موسڵمان بوونم کە تەمەنم بیست و شەش ساڵە توانیم توانیم وەک وتاربێژێک و بانگەواز خوازێکی ئایینی یەکەم وتار بڵێم زۆر دڵم خۆش بوو سوپاس و ستایش بۆ خودای مەزن ئەمە نیعمەتێک بوو بۆ من لەو کاتە چاوم بە کوڕە ئەسمەرەکە کەوت(ئارام) زۆر شێواو و خەمبار دیار بوو بە پەرۆشەوە چووم بۆ لای و سەلامم لێ کرد و منی ناسییەوە زۆر بە گلەیەوە قسەم کرد پێم گوت هۆکار چییە لەناکاو ون بوون بە چاوی بە گریانەوە گوتی دایکی نەخۆش بوو ناچار ماڵەکەیان فرۆشتووە ئێستاش دایکی لە نەخۆشخانەیە جەڵتەی مێشک لێی داوە زۆر بە داخەوە بووم بۆی حەزم کرد سەردانی دایکی بکەم لە ڕێگادا چەند قسەیەکمان کرد پرسیاری ژیانیانم لێ کرد هاوسەرگیری کردووە بە پێکەنینەوە گوتی کە نەیتوانیوە هاوسەرگیری بکات لەبەر باری دارای ژیانی لە ئێستادا مامۆستایە و کاری وەرگێڕیش دەکات تەنها بۆ ئەوەی پارە پەیدا بکات بۆ نەخۆشییەکەی دایکی , بێتاقەت بووم و زانیم کە لە ئێستادا بارودۆخی باش نییە بە دڵ دەمویست یارمەتی بدەم بەڵام حاڵی خۆشم باش نەبوو, گەیشتینە نەخۆشخانە و سەردانی دایکیم کرد لە نهۆمی دووەم بەداخەوە حاڵی باش نەبوو و پێویستی بە نەشتەرگەری بوو لەو کاتە گوێم لە دکتۆرەکە بوو قسەی لەگەڵ (ئارام) دەکرد پێویستە زوو نەشتەرگەری بۆ بکرێت دوعام کرد خودا فریامان بکەوێت ئەم ئافرەتە موسڵمانە ڕزگار بکات هەرگیز ئەو چاکەیەم لە بیر ناچێت کە لەگەڵ من کردی , چووم بۆ کافتریاکە تا شتێک بۆ (ئارام) بهێنم دیار بوو کە هیچی نەخوارد بوو لەو کاتە ئافرەتێک دەستی لەسەر شانم دانا و گوتی مامۆستا (ئیلادە) ئاوڕم داوە بیرم کەوتەوە کە یەکێکە لەو ئافرەتانەی موسڵمان بووە زۆر دڵخۆش بووم بە بەینیت و چاک و چۆنی و باوەشێکی گەرمان کرد کەوتە پرسیار کردن لەگەڵم و پرسی کە نەخۆشم گوتم الحمدلله کە باشم و بەڵام ئافرەتێک کە وەک دایکم بوو و ڕێگای ئیسلامی پێ نیشاندام لە جێگا

کەوتووە بێتاقەت بوو و پرسی کە چییەتی و پێویستی بە چییە ؟ منیش باسەکەم بۆ باس کرد لەو کاتە زەردەخەنەیەکی کرد گوتی خەمت نەبێت ئەم پارەیە من دەیدەم موو چرکە بە گیانم هات و شۆک بووم گوتی کە مانگانە زەکات و خێر دەکات بەڵام چەند مانگە ماڵێکی نەدۆزیوەتەوە شایەنی ئەو زەکاتە بێت دیارە کە قسمەتی ئەم ئافرەتە بووە , سبحان الله لە کاری خودا دەستم کرد بە گریان و هەزار جار سوپاسی خودام کرد چوومە لای (ئارام) بۆم باس کرد ئەویش دڵخۆش بوو و فرمێسک لە چاوی نەوەستا و قسەی لەگەڵ ئەم ئافرەتە موسڵمانە کرد و زۆر سوپاسی کرد , پەندێک هەیە دەڵێت چی بچێنیت ئەوە دەدروویتەوە دایکی (ئارام) ماڵەکەی بۆ من کردەوە و ڕێگای ڕاستی نیشاندام و لە ڕێگەی ئەو بوومە موسڵمان دواتریش ئەم ئافرەتە پاکە بەشداری لە ڕێکخراوەکە کرد بوو و موسڵمان بوو و ئێستاش لە سایەی ئەو دایکی (ئارام) نەشتەرگەری بۆ دەکرێت الحمدلله سوپاس بۆ خودای میهرەبان بەندەکانی بیر ناچێت هەرگیز , نەشتەرگەرییەکە سەرکەوتوو بوو دوای چەند مانگ هەموو شتێک باش بوو لە ڕووی ئابووری (ئارام) باش بوو و کاری خۆی هەبوو بڕیارمدا ئەمجارە بە شوێن دڵم بکەوم لە ئایینی ئیسلام ئەگەر کچێک زانی کوڕێک بە دینە و ڕێک و پێکە ئاسایە بچێت پێی بڵێت کە زەواجی لەگەڵ بکات وەک دایکە (خەدیجە)[علیه سەلام] کە داوای لە (پێغەمبەر)[ﷺ] کرد هاوسەرگیری لەگەڵ بکات منیش نوێژی ئیستخارەم کرد و دوای چەند ڕۆژێک سوور بووم لەسەر ئەوەی بچمە پێش لە (ئارام) بە شێوەیەکی جوان لەگەڵی دانیشتم و بە شەرمەوە باسەکەم بۆ کردەوە ئەویش بە ئارامی گوێی گرت بوو دواتر زەردەخەنەیەکی کرد گوتی لە تۆ باشترم دەست ناکەوێت بەم قسەیە سەرسام و شڵەژاو بووم و سوپاسی خودام کرد و هەواڵەکەمان بە دایکی گوت و ئەویش دڵخۆش بوو (ئارام) ویستی بە خێزانەکەی منیش بڵێت زانیم کە تووڕە دەبن بەڵام سەردانی دایک و باوکم کرد دایکم پیرۆزبایی کرد و میهرەبان بوو بەڵام باوکم نا زۆر دڵتەنگ بووم و دوعام کرد خودا ڕێگای هیدایەتیان نیشان بدات , هاوسەرگیریمان کرد و خێزانێکی بەختەوەرمان پێک هێنا ئەمە چیرۆکی من بوو لە مەسیحییەوە بۆ موسڵمان بوون , دەمەوێت بڵێم هەموو شتێک خێری تێدایە ڕەنگە ڕووداوێکی ناخۆش

هۆکار بێت بۆ ڕووداوێکی دڵخۆشکەر , خودای گەورە دەمێکە لە پلان و کارەکانی خۆی تەواو بووە تەنها ئارامتان هەبێت هەموو شتێک باش دەبێت .


سەرنج:

کاتێک مرۆڤ خۆشەویستی خودای لە دڵدا نابێت
هەموو کارێک دەکات

لەوانەیە ئەو ڕووداوەی ئەمڕۆ بەسەرت دێت
خێرێکی گەورەی تێدا بێت

کاتێک نیەتت پاک بوو لەگەڵ خودا
هەموو شتێک ئاسان دەبێت

ئەو خێرەی ئەمڕۆ دەیکەیت
ڕۆژێک دێتەوە سەر ڕێگات و فریات دەکەوێت




## چیرۆکی پێنجەم

## باشــــترین هـــاوســـەر

دوو هاوسەر دوو عەشق دڵخۆش بووین لە ژیان بەڵام قەدەر وای کرد بۆ ماوەی چوار ساڵ لە ناو دۆزەخ بژیم ...

کانی : کە هاتیتەوە چیت بۆ حازر بکەم ؟

تەمەن : هەر شتێکی تۆ حەزت لێ بێت دڵەکەم.

کانی : باشە گیان ئاگاداری خۆت بە.

هەر کاتێک ئەوم دەدیت دڵخۆشترینی جیهان بووم چونکە بەڕاستی عاشقی یەک بووین ماڵێکی گەورەمان نەبوو ژیانیمان سادە بوو (تەمەن) نانەوە خانەیەکی هەبوو منیش مامۆستا بووم کە سوپاس بۆ خودا دوای دەرچوونم لە زانکۆ زۆری پێ نەچوو کە دامەزرام بەم پارەیە دەمان توانی خۆمان بژیێنین بەیانیان لە کاتژمێر شەش دەچووە ئیش و تا حەوتی شەو نە دە هاتەوە زۆربەی کاتەکان بە تەنیا دەبووم کە دەهاتەوە ڕووی خۆش بوو هەر چەند هیلاک بوو زۆر جار لەبەر ماندوویەتی تا من نانم حازر دەکرد ئەو لەسەر قەنەفەکە خەوی لێ دەکەوت دڵم نەدەهات بانگی بکەم جاری وا هەبوو نانمان نە دەخوارد ئەو شەوە یان درەنگانی شەو بەخەبەر دەهاتین دەمان خوارد , زۆر هیلاک دەبوو هەر چەندە شا گرتی هەبوو بەڵام خۆشی ئیشی دەکرد بەڕاستی ئەو عاشقی من بوو بۆ جارێکیش دڵی نەشکاندووم کوڕێکی دیندار و پاک و ڕاستگۆ بوو زوو دەچووە دڵەوە بۆ جارێک قسەت لەگەڵ بکردایە هۆگری دەبوویت دەتویست هەر گوێی بۆ ڕابگریت , میهرەبان و ئارام بوو نەیدەتوانی دڵی منداڵێکیش بشکێنێت , ئەگەر ڕۆژانی پشوو لە ماڵ با واتا چوار ڕۆژ ئیشی دەکرد لە دەرەوە بوو ڕۆژانی تر منی دەبردە دەرەوە بێ دڵی منی نەدەکرد وەک منداڵ نازی پێ دەدام , زۆر دڵخۆش بووین , بەڵام چی لە قەدەر بکەم خودا ئێمەی تاقی کردەوە , تاقیکردنەوەیەک کە کەم کەس بەرگەی دەگرێت ڕۆژەکانمان هەر وا سادە و پڕ لە خەندە بوو بەڵام کارەساتێک ڕوویدا کە بووە هۆی دڵتەنگیمان لە ڕۆژێکی باراناوی و زستاندا کاتێک لە قوتابخانە دەهاتمەوە سەر جادەکان تەواو تەڕ بوو زۆر جار

سەیارەکەم تایە کانی خلیسکی دەبرد بارانێکی زۆر دەباری پێشی خۆم نەدەبینی , لە پڕ بەرچاوم ڕەش بوو کەم کەم گوێم لە دەنگێک دەبوو کە دەیان گوت ڕێگاکە چۆڵ بکەن نازانم خەون بوو یان خەیاڵ بوو هەستم بە سەر گێژ یەک دەکرد ئازارێکی زۆر لە خوار قاچمەوە هەبوو هەستم بە تەڕییەک دەکرد لەسەر ڕوخسارم دیارە خوێن بوو دەچۆڕا لەسەرم نازانم لە کوێمم و چیم لێهاتووە توانای قسەم نەبوو دەمویست قاچم ببڕنەوە ئازارێکی زۆر هەبوو تا ڕۆژێک چاوم کردەوە تەمەنم لای سەرمەوە بینی دیار بوو هیچی نەخواردووە ژێر چاوی ڕەش بوو.

کانی : چیم لێهاتووە ؟

تەمەن : تووشی ڕووداوی هاتووچۆ بوویت ئێستا باشی؟

کاتێک ئەم قسەیەم بیست کەمێک ئارام بوومەوە سەیری پەنجەرەکەم کرد.

بارانێکی لەسەرخۆ دەباری هەندێک جاریش گوێم لە دەنگی نمەی باران دەبوو حەزم لەم دەنگە بوو چاوەکانم داخست گوێم ڕاگرت بوو ئارامی پێ دەبەخشیم ویستم هەستم بڕۆم بۆ لای پەنجەرەکە هەوایەکی فێنک وەربگرم سەرم بەرز کەمەوە دڵۆپە باران بکەوێتە سەر ڕوخسارم , بەڵام هەست بە قاچەکانم ناکەم زۆر هەوڵمدا پەنجەکانم بجووڵێنم وەک شێت هاوارم دەکرد و دەگریام , دەم گوتە (تەمەن) بۆ ناتوانم بجووڵێم چیم لێهاتووە توو خودا چی بووە بۆ پەنجەکانم ناجووڵێت ناتوانم بڕۆم هەر دەگریام و هاوارم دەکرد لەگەڵ ئەم دەنگانە پەرستار و دکتۆرەکان بە ژوور کەوتن و کە زانیان کۆنترۆڵم لە دەست داوە دەرزییەکی هێمن کردنەوەیان لێدام تا ئارام بوومەوە و ئەم گوت (تەمەن) خەوم دێ با بخەوم لێم بگەڕێن بخەوم تا چاوانم قورس بوون و خەوم لێ کەوت خەونی سەیر و سەمەرەم دەبینی هۆکارەکەی دەرزییەکە بوو وا گێژ بوو بووم , کاتێک بە ئاگا هاتم (تەمەن) لە ترسی ئەوەی بگریم و هاوار بکەم زوو بانگی دکتۆری کرد خۆشی دەستی بە قژم دا دەهێنا تا نەترسم و نەگریم.

دکتۆر : (کانی) خان تۆ باشی ؟

توانای قسەم نەبوو سەرم لەقاند.

دکتۆر : (کانی) خان تۆ باشی بەڵام بە داخەوە کە پێت دەڵێم ئازارێک بە ئێسک و ماسولکەکانی قاچت گەیشتووە چیتر ناتوانیت بڕۆیت ئەگەر چاک بوونەوەت زۆر کەمە

کە بیستم تووشی شۆک بووم بە هەموو هێزم قیژاندم تا لە هۆش خۆم چووم و لە ڕاستییە نەمدەتوانی قسە بکەم توانای قسەم نەبوو هەستی قسە کردنم لە دەست دا بوو دوای چەند ڕۆژ دکتۆر گوتی کاک (تەمەن) ئەو تووشی شۆک بووە قسە ناکات بەڵام مەترسن بە قسە دێ کەمێک ئارام بن لەگەڵی ئێستا باشە دەتوانن بڕۆنەوە ماڵەوە , (تەمەن) لە دەرگا هاتە ژوورەوە فرمێسکەکانی دەشاردەوە ناخم بۆی دەسووتا و دەگریام.

تەمەن : دکتۆر گوتی باشە باشتریش دەبێت دەڕۆینەوە ماڵ تۆش قسە دەکەیت دەزانم دکتۆر ئەگەر بڵێ خراپە ناتوانێت بڕوا درۆ دەکات دەیەوێت ئازامان بات تۆ دەڕۆیت دەزانم لەم قسانە دا بوو کاتێک پەرستارێک بە ژوور کەوت عەرەبانەیەکی کەم ئەندامی لەلا بوو کە بینیم زۆر بەزەیم بە خۆمدا دەهاتەوە , هاتمەوە ماڵەکەم کاتێک (تەمەن) منی بە کۆڵ بردە ژوورەوە ئەو یادگار یانەم بیر کەوتەوە کە لە ماڵەکە هاتووچۆم دەکرد و دەجووڵام و چێشتم لێ دەنا لەم ژوور بۆ ئەم ژوور ڕام دەکرد وەک منداڵ خۆم بە باوەشی (تەمەن) دا دەدا دەگریام و نەمدەتوانی قسە بکەم تا (تەمەن) منی دانا لەسەر قەنەفەکە گوتی تۆ باش دەبیت بەخێر بێیەوە بۆ ماڵ خاتوونم زەردەخەنەیەکی کرد گوتی دەزانم حەزت لە چێشتی دەستی منە دەچم شۆربایەکی خۆشت بۆ دەکەم بەم زستانە گەرم دەبیتەوە سۆباکەی هەڵ کرد و سەرچەفێکی بە من دادا نەمدەزانی خەریکی چییە بەس هەستم بە هەناسەی گریانی دەکرد بوو , هات بە دەم خەندەوە گوتی من خواردن دەدەمە هاوسەرەکەم حەز دەکەم بە دەستی من بیخوات نە دەگریام بەرگەم گرت بوو لەبەر تەمەن منیش وەک لاڵ بووم بە ئیشارەت قسەم دەکرد چونکە لە ڕاستییە من توانای قسەم لە دەست دابوو تا

چەند ڕۆژ وا بوو (تەمەن) کەمتر ئیشی دەکرد بەیانیان نانی دەدا بە من ئیشی دەکرد دەی گوت تۆ بخەوە من دەڕۆم چەند کاتژمێرێکی تر دێمەوە منیش بە دەم گریانەوە لە ماڵ چاوەڕێم دەکرد و دەترسام زۆر بیری ڕابردووم دەکرد و لە کتێبی ڕۆژانەم , ڕۆژ و هەست و ئازاری خۆم دەنووسییەوە بەڵام من بەختەوەر بووم چونکە (تەمەن)ـم هەبوو تا تەمەن هاتەوە گوتی میوانمان دێ ماڵی دایکت و دایکم دێن, ئەگەر ویست بام قسە بکەم لەسەر کاغەز بۆم دەنووسی چیم دەوێت بەڵام پێویستی نەبوو من و ئەو بە چاو لە یەک تێ دەگەیشتین ,( تەمەن) نانی حازر کرد سفرەی ڕازاندەوە کاتێک لە دەرگا درا هاتن دڵیان دەدامەوە بەڵام دەمزانی وەک (تەمەن) خەمبار نین تا کاتی نان خواردن هەموویان کۆبوونەوە لەسەر سفرە بێ گوێدان من نانیان دەخوارد (تەمەن) کە وای بینی من لە ناخەوە دەگریم زەردەخەنەیەکی کرد و گوتی من لای هاوسەرەکەم نان دەخۆم قاپێکی هێنا دەیدا بە من و هەردووکمان لە ژێر چاوەوە دەگریان , (تەمەن) بە کزی گوتی دەبینی ئەم ورچە برسییانە چۆن نان دەخۆن دەستم کرد بە پێکەنین بۆ ئەوی من دڵخۆش بکات جار جار چرپە چرپێک دەکرد دوای دانیشتن (تەمەن) گوتی پێویستە کەسێک بوێتن بە ڕۆژ ئاگای لێ بێت هەر یەکەوە بە بیانوویەک خۆی دوور دەگرت زەردەخەنەیەکم کرد لە دڵەوە گوتم ڕۆژانێک کچی ئێوە بووم دایکم لە براژنم دەترسا و خەسووشم ئەی گوت دەبێت ژنێک بهێنیت (تەمەن) وا نابێت بەم قسەیە مردم (تەمەن) ڕەنگی گۆڕا گوتی مەگەر من ژنم نییە ؟ گوتی ئاخر ئەمە ناتوانێت ئیش بکات و خزمەتت بکات, ڕۆژێک و دوو نییە ئەو وەک کەم ئەندام دەبێت مامەڵەی لەگەڵ بکەیت زۆر شکامەوە ئەم گوت خۆزگە کەڕیش دەبووم گوێم لە هیچ نە با (تەمەن) گوتی نامەوێت ئێستاش درەنگە بەم قسەیە هەستان و ڕۆیشتن کاتێک بە ڕێی کردن هات بۆ لام گوتی ئەمانە شێتن نازانن چی دەڵێن من تۆم خۆش ئەوێ چۆن دەتوانم ژن بهێنم ؟ دەستم بۆ چاوی برد و فرمێسکەکانیم سڕییەوە لەسەر وەرەقە بۆم بنووسیت ڕاست دەکەن ژن بێنە گوتی ئەی تۆ ژنم نیت ؟ من لای تۆم ئەمجارە گوتم من ناتوانم بڕۆم و منداڵم بێ ئەگەر منداڵیشمان بێ سەختە بەخێو کردنی بێ وەستان گریا کەوتە سەر ئەژنۆ وەک منداڵ سەری شۆڕ کرد بووەوە دەگریا و

دەیناڵاند منیش دەگریام تا چەند خولەکێک وا بووین , تا کاتێک بانگی دا تەمەن سەری بەرز کرد و نزای دەکرد و دوای چوو نوێژ بکات منیشی بە کۆڵ برد دەست نوێژی پێ شووشتم بە ڕاکشاوی نوێژم دەکرد ڕۆژانێکی ناخۆش کە هیچ ئومێدێکمان نەبوو , هەر جارێک میوانێک یان مامۆستایەک دراوسێیەک دەهاتە لام چرپەی دەکرد و دڵیان دەشکاندم لە دڵم ئەم گوت من تاوانم چییە ئەمە قەدەری خودایە , (تەمەن) دەیزانی دڵتەنگم زوو بەڕێی دەکردن ڕۆژێک خوشکەی (تەمەن) لام بوو زۆر ویستم بڵێم پێویستم بە توالێتە بەڵام تێ نەدەگەیشت سەیری درامای دەکرد و قرچە قرچی گوڵەبەڕۆژەی دەکرد ئاخر تۆ بۆ چی هاتیت ؟ تا خۆمم پیس کرد ئەمیش بە دەست خۆم نەبوو ئا ڕەقەی شەرمەزاریم دەکرد تا هات بۆ لام گوتی داڕزێیت شەرم ناکەیت پەکەوتە ئازاری زۆری دام بە قسە تا (تەمەن) هاتەوە ئەم بارودۆخەی بینی لێی تووڕە بوو دەری کرد, بێ ئەوەی قسە بکات هات پاکی کردمەوە زۆر شکام و ڕووخام ئاخر تۆ بۆ وا دەکەیت من شەرمەزار دەکەیت باشترین هاوسەر قاچەکانی بۆ دەشێلام و ئەم ڕۆژە جۆرێک بوو تا من شەرم نەکەم باسی کرد چی کردووە و چی نەکردووە تا من لەسەر وەرەقە بۆم نووسی واز لە نواندن بێنە گوتی دەچینە ئەورووپا قسەم لەگەڵ هاوڕێیەکم کرد کاری نیشتەجێ تەواو بێ دەڕۆین دوور لەم ئاژەڵانە دەژین دوای چوار ساڵ چووین بۆ ئەورووپا ژیانمان ئاسایی بوو پیاسەی بە من دەکرد و گوتی بەشی خۆمان پارەمان هەیە دکتۆرێک دەناسم کە باوکم چاکەی زۆری بەسەرەوە هەیە ئەو یارمەتیمان دەدات چاومان پێ کەوت بە گەرمی (تەمەن)ـی ماچ کرد و گوتی پشکنینی بۆ دەکەین دوای هەواڵێکی خۆشی دا نازانم چۆن بیڵێم کاتێک گوتی ئەگەری چاک بوونی هەیە بە چارەسەری سروشتی بەرە بەرە ئومێدم بۆ دەگەڕاوە سوپاس بۆ خودا (تەمەن) گوتی نەم گوت چاک دەبیت ئەها تۆ هەڵ دەستییەوە سەر قاچ ئەو ڕۆژە دڵخۆش بووین تەواوی بەرلین گەڕاین و پێ دەکەنین تا من دەنگێکم لێوە هات هەستم کرد خەریکە قسە دەکەم بەڵام بی دەنگ بووم گوتم نەکات نەتوانم دوای سێ مانگ لە چارەسەری سروشتی ڕۆژێک (تەمەن) دەهات بە دوام لە نەخۆشخانەکە من ئەم ویست باوەشی پێدا کەم چونکە هەستم بە پەنجەکانم دەکرد کاتێک تەمەن هاتە

ژوور دەنگم کرد, شۆک بوو خەندە و گریانی تێکەڵاو بوو بەسەر قاچەکانم کەوتم هەنگاو بە هەنگاو وەک منداڵ چۆن تازە فێرە ڕۆیشتن بووە دەچووم بۆ لای تا خەریک بوو بکەوم کەوتمە باوەشی توند لە ئامێزی گرتم خۆشترین ڕۆژ بوو سوپاس بۆ خودا ئەمە ئارامی و دوعای (تەمەن) بوو من چاک بوومەوە بە تەواوی بەسەر قاچ کەوتم و دوای ئەوە کچێکمان بوو ناومان لێ نا (ئەڤین) واتا خۆشەویستی و عەشق ئەمە خۆشەویستی من و تەمەن بوو بەڕاستی کەم پیاو هەیە بۆ هاوسەرەکەی وابێت , قەرزداری (تەمەن)م خۆشم دەوێت باشترین هاوسەر .

ئەڤین ـ واتا خۆشەویستی بەڕاستی ئەمە خۆشەویستی بوو دوو هاوسەری ڕاستەقینە بوون کە بەرگەی یەکیان گرت کە چی پیاو و ژنی ئێستا هاوسەرەکەی نەخۆش بکەوێت یان شتێکی تر داوای تەڵاق یان ژنی دووەم دەکات ! ئاخر پەیوەندی هاوسەر بەم جۆرەیە؟! کۆمەڵێک ئەرک و ماف لە نێوان هاوسەرەکان هەیە واتا ژیان بەیەکەوە بوون لە هەموو بار و دۆخێک خۆشی نا خۆشی ئەمە هاوسەری بەوەفایە دوای چوار ساڵ دڵخۆش بوون بێ ئومێد نەبوون چونکە بەیەکەوە بوون گوێیان لێ نەبوو ئەگەر هەموو دونیا پشتیان لێ بکات .

**سەرنج:**

هاوسەر واتا هاوڕێی هەمان ڕێگا


ئارام گرتن و وەفا دوو جوانترین شتن لە مرۆڤدا

کاتێک کەسێکت خۆش دەوێت

بە هەموو کەم و کوڕەکانەوە خۆشت بوێت

إِنَّ مَعَ ٱلْعُسْرِ يُسْرًا

لەگەڵ ناخۆشی خۆشی دێت



## چیرۆکی شەشەم

## شـــارا مـــرد چـــونکە کـــچ بـــوو

ناونیشانێکی سەیر ! بەڵێ من مردم چونکە کچ بووم.

کۆتا دڵ خۆشی کە بیرم بێت لە تەمەنی هەشتساڵی بوو پڕ بە دڵ پێ کەنیم خێزانێکی بەختەوەر هەموو شتێک لە ناوچە و وەک ئەوەی دوعایان لێ کرد ببین ڕۆژێک تێپەڕی ئەو پیاوەی کە پێم گوت باوک دەستی کرد بە لێدانم بە زلە یەک هەموو شتێک لە ناو چوو کۆتای بە هەموو خەونێک هات باوەڕ ناکەم ئەمە باوکی منە چۆن دڵی دێ لە کچەکەی بدات ئاخر من ڕۆحی ئەوم چۆن باوک لە جەرگی خۆی دەدات گوتم دەی دەی باوکم ماندووە توورە بووە بە گریان و لەرزۆکە ڕام کردە سەرەوە بۆ ژوورێک کە ژووری من بوو بەڵام دەترسام هەرگیز لەوێ نەدەخەوتم ئاخر بچووک بووم منداڵ بووم ئەم شەوە تا بەیانی بە گریانەوەم بەسەر برد نازانم چۆن خەو چاوەکانمی قورس کرد و داخست بۆ چەند ڕۆژێک وا تێپەڕی ئەم زلەیە ژیانمی گۆڕی وەک بڵێیت ماڵێک بە دار دروست کەی ڕەشەبایەک بێ و بیڕووخێنێت منیش وا بووم.

دوای ماوەیەک دووبارە ئەم کارەساتە دووبارە بووەوە ئەمجارە قایش و دار جەستەمی سوور کردەوە ئاخر تاوانم چی بوو تەنها کەمێک هاروهاج بووم دەکرێت وا لە منداڵێک بکەیت بیرمە لە ترسا ڕام کرد بۆ سەر پەیژەکان کە منی بە قژ گرت و بە دەستەکەی تر قایشی لێم بەرز کردەوە وەک زاڵمێک کەوتە گیانم بەڵام لەو کاتەی باوکم لێی دەدام من هەر هاوارم دەکرد ئاخ بابە هەر هاوارم بۆ باوکیشم دەکرد چەند دڵ ساف بووم دایکم ڕێگری دەکرد و هەندێک جاریش بێ دەنگ دەبوو ئەی گوت باوکتە دەمویست بڵێمە دایکم باوکی چی باوک وا دەبێت ئاخر ؟ تۆ ئەو شەوانە لای من بوویت کە لە ترسا لە ژوورێکی تاریک خەوم لێ دەکەوت , زۆر جار باسی هاوڕێکانم و کچانی ترم دەکرد لە دەفتەرەکەم باسی ئازارەکانم دەکرد بە ئەنقەست لە شوێنێکم دادەنا دایکم و باوکم بیبینێت و دڵیان نەرم بێت لێم تێ بگەن من چۆن بزانم لە ئاست مندا چاویان کوێرە , بە جۆرێک بوو لە هەموو پیاوێک دەترسام نەم دەتوانی لێیان نزیک ببمەوە شەوان چەقۆیەکم لە ژێر سەرینەکە دادەنا ترسا بووم زۆر تا گەورە بووم و چاو نەترس بوو لێ ڕاهات بووم

عاشقیت تەنیای عاشقی تاریکی بووم لە ڕاستیە باوکم فریشتە بوو لە پێش چاوی خەڵکی هەموویان دەیان گوت باشە ئەی بۆ چی بۆ من وانە بوو مەگەر من کچی نەبووم من لە خوێنی ئەو نەبووم کە ئەم قسانەیان دەکرد پێ دەکەنیم ژیانم بەم جۆرە بوو ئاواتەکانم لە ناو چوو بوون ڕەشبین بووم ڕووخاو بووم کاتێک هاوڕێکانم باسی باوکی خۆیان دەکرد

ڕۆژێک هەزار جار باوکم هەڕەشەی مردنم لێ دەکات و دایکیشم دەڵێت تۆ قوڕ دەکەیت بەسەری مندا واتا هەموو ڕۆژێک لە نێوان ژیان و مردن دەژیم.

ڕقم لە باوکمە چونکە لێیدام...

ڕقم لە دایکمە کە بەرگری لێ نەکردم...

ڕقم لە برامە چونکە هەر جارێک بیەوێت ئازارم با بیرم دەهێنێتەوە چۆنیان لێداوم بەڵام بە داخەوەم بۆ خوشکەکانم دەترسم ئەوانیش توند و تیژیان بکرێتە سەر زۆر جار هەوڵی خۆکوشتنم داوە بەڵام بێ سوود بووە وەک بڵێیت ئاواتەکانم دەستم بگرن بڵێن چۆن بە ئاسانی دەستبەرداری من دەبن ڕقم لەو ژنانەی لەبەر دەرگا کە بە وەک کامێرای شاراوە وان بۆ دەرخستنی عەیبی خەڵکی ڕقم لە کوڕە چونکە جەستە پەرستن عەقڵ تەنها لە چاویان دایە زمان لووس و قسە خۆشن لێیان دەترسم , هەندێکیش لە ژێر ناونیشانی خوشکم و دادە لێت نزیک دەبێتەوە وەک مار وایە پێت وە ئەدا کاریگەری نەرێنی زۆری لەسەرم هەبوو وام دەزانی هەموو پیاوێک خراپە دڕندەن دڵم بە جۆرێک ڕەق بوو وەک بڵێیت چاوم هیچ کوڕێکی نەدەبینی هێندە ڕقم لە کوڕ بوو لێیان دەترسام ڕام دەکرد , بە ترسەوە نانم لەگەڵ براکەم و باوکم دەخوارد کۆمەڵگە دواکەوتووەکەم وا بوو دەبووایە خۆم بپارێزم لە قسەی خەڵکی نەوەک قسە بکەن بڵێن کچی فڵان وا و کچی فڵان وای کرد دەترسام دووبارە دەستدرێژی بکرێتەوە سەرم و باوکم گیانم بشکێنێت دەمویست هەرچی زووە گەورە ببم نەجاتم بێ لەم ترسە هەمیشە ڕادەکەم دوورە پەرێز لە خەڵک کۆمەڵگا

ئاخر نەتوانی سەر لە دەرگا بهێنینە دەر لەبەر قسەی خەڵک بۆچی ئەی ئێوەش ڕۆژێک کچ نەبوون بۆ دەبێت گیانی من تێک بشکێنن ؟

کاتێک سەر پاس یان تاکسی دەکەویت تەواوی گیانت دەلەرزێت , تا پێم بکرێت خۆم دوور دەگرم لە کوڕ چونکە ئێرە وایە ئەگەر بە ڕوویاندا پێ بکەنیت وا دەزانێت سەرسامی بوویت جا دەست دەکەن بە سنوور شکاندن چەندین قسەی خۆش و تا فریوت دەدات دوای وەک کاڵایەک کە ئیشی پێت نەما بێ فڕێت دەدات , دەمەوێت بخوێنم دەمی دایکم و باوک و کۆمەڵگاکەم داخەم زیاتر حەزم دەچێتە خوێندن هەوڵ دەدەم و کۆڵ نادەم تا بە بڕوانامەکەم وەڵامی هەمووان بدەمەوە.

ڕۆژێک بۆ دەرس چوومە ماڵی فیردەوسی هاوڕێم تاقیکردنەوەمان هەبوو لە ڕێگا کە دەچوومە ماڵ پارە (نەشمیل)م بینی دوای چاک و چۆنی و پرسینی هەواڵی یەکتر ڕۆیشتم خۆزگە ئەو کاتە ڕۆح لە جەستەمە هات بایە دەرەوە کاتێک شەو داهات باوکم سوور بوو کە هێرشی کردە سەرم گوتی (نەشمیل) خان تۆی بینیوە گوتیان ئەو کچە ئاگاتان لێبێت ئەو لا و ئەو لا نەکات تۆ دەتەوێت حەیای من ببەیت ناوم بزڕێنێت کچی بەرەڵا لە پڕ هێزێک لە ڕۆحمەوە دەرهات گوتم تۆ ناتوانیت وام لێ بکەیت منداڵەکەی جاران نیم بە دەنگی تووڕە و هاوارەوە باوکمی تووڕە کرد و دەستی کرد بە جنێو و قسە دایکم نەدەهات با لەوانەیە ئەم شەوە کۆتا شەوم با لەم ڕۆژەوە بوێریم دروست کرد بوو بە جۆرێک بۆم گرنگ نەبوو دەمرم لێم دەدرێت یان دەکوژرێم بەڵام لەوەتەی زانیومە جەستەی کچ هەستیارە ئەگەر شتێکی هەڵە بێت ئازاری پێ بگات لەوانەیە تووشی خوێن بەربوون بێ یان شەرەف و نامووسی لەدەست بدات (پەردەی کچێنی) دەترسام خۆم بە دوور دەگرت لە زلە و قایش سەرەڕای ئەمەش گوێم بە قسەی خەڵکی نەدەدا زیاتر لە جاران بێزار بووم لەم خەڵکە ئاخر من کچم نابێت بڕۆمە دەر نابێت جل و بەرگی جوان لەبەر بکەم نابێت خەون دروست بکەم چونکە کچم دەبێت واز لە خەونەکانم بهێنم ببمە مامۆستا و دکتۆر خزمەتی ئەم کۆمەڵگە عەقڵ کەوتووە بکەم خۆزگەم بەوەی خێزانەکەیان عەقڵیان کراوەیە

دەبنە ئەو شتەی خۆیان دەیانەوێت , بۆ ناهێڵن ئاسوودە بژیم ڕێگەم بدەن بخوێنم بۆ ئەو شتەی بەهرەم تێدا هەیە بۆ دەبێت بە دزییەوە پێ بکەنم نەکات کوڕێک ببینێت بەهەڵە تێ بگات ئاخر بۆ خەندەم لە لێو زویر دەکەن نەفرەت لە کوڕی دڕندە نەفرەت لە ژن موختاری گەرەک زۆر جار کە دەڵێن ژیان ناخۆشە من دڵیان دەدەمەوە دەڵێم وانییە دوای ئەو لێدانانەی پێم کەوت بوو بوێر بووم چاو نەترس بووم دەم گوت ڕۆژێک دێ تۆڵە دەکەمەوە دەبمە ڕۆژنامەنووس یەک یەک باسی خراپی ئەم کۆمەڵگایە دەکەم باسی ئەم کچانە دەکەم ئەشکەنجە دەدرێن, ئاخر منیش وەک هەموو کچێ ئاوات دەخوازم باوکم شانازیم پێوە بکە بڵێ ئەمە کچی منە ئەم بەهرەیەی هەیە و پشتگیریم بکات بۆ دەبێت جنێوم پێ بدات , دەمەوێت لە سەر بەرزا یەک هاوار کەم تا ژێیەکانی قوڕگم دەپچڕێت نەفرەت لە داب و نەریت و کۆمەڵگا, تەمەنم بەرەو بیست و حەوت ساڵ ڕۆیشت چەندین وتەم لەسەر کچ دا و بەرگریم لێکردن و دڵخۆشم بەوەی چەند کچێکم ڕزگار کرد بە بەرگری کردنم لێیان ڕوخساری چەند ئاژەڵێکم ئاشکرا کرد , کچ ناسکە وەک منداڵ وایە تا خۆشت بوێت بۆت دەمرێت باوەڕ بکەن ڕۆژانێک بێ باوکم نەم دەتوانی بۆنی دانە بە دانەی قەمیسەکانی ئەوم دەکرد کەچی هەموو شتێک گۆڕا , زۆر جار وا هەست دەکەم غەدر لە باوکم دەکەم کە وا باسی دەکەم بەڵام ئەمە ئازاری من بوو لە ڕاستیە ئێستاش دەترسم لێی وەک منداڵ کە دەیبینم ناوێرم لێی نزیک ببمەوە ئەگەر لێم بپرسن خۆشت ئەوێ دەست دەکەمە گریان دەڵێم دەمەوێت وەک تەمەنی هەشت ساڵی لە باوەشی بگرم و بۆنی بکەم من سۆزی باوکم دەوێت ئەو باوکەی کە دەستی لێ بەرز نەکردمەوە ئەوم دەوێت ڕۆژگارێک تێپەڕی هاوسەرگیریم لەگەڵ (ڕەوەز) کرد تا بڵێیت میهرەبان ئەویش ڕۆژنامەنووس بوو لەڕاستیە هەرگیز باوەڕم نەدەکرد کوڕێک ببێتە هەموو ژیانم دەترسام لە ئاگرێک ڕزگارم بێت بڕۆمە بۆ لای ئاگرێکی تر زۆر جار ئەم گوت دەتەوێت کچەکەت وەک خۆتی لێ بێت باوکی لێی بدات گومانیان دەخستە دڵی منەوە بەڵام لە ڕاستیە ئەو باوکێک و هاوسەرێکی میهرەبان بوو وەک منداڵێک نازی پێ دەدام لە ئازارەکانم تێ دەگەیشت دڵخۆشم بە بوونی بۆم دەرکەوت کوڕ هەیە و کوڕۆکەش هەیە,

ئەم هەموو ئازارە و ئەشکەنجەیە هۆکارێک بوو بۆ سەرکەوتنی من , هەمیشە بیستوومە کەسە سەرکەوتووەکان کۆمەڵێک ئازاریان هەبووە ژیانیان ناخۆش بووە بۆیە پاڵنەرێک بووە تا کۆڵ نەدەن منیش یەکێک بوومە لەو کەسانە , بۆیە پشت بە خودا ببەستە لەسەر قاچەکانت بوەستە هەرگیز شکست قبووڵ مەکە مەڵێ ژیانی من وایە هەر چەندێک خەمت هەبێت گرنگ نییە ئەوەیی گرنگە لەو کاتەی ماندوو دەبیت ڕابردووت بیر بێتەوە چۆن بەڕێت کردووە و زاڵ بوویت لەمەش سەرکەوتوو دەبیت پشت بە خودا.

ئێستا چەند پرسیارێک دەکەم!

ئاخۆ چەند شارا هەیە؟

چەند شارا مرد چونکە کچ بوو؟

چەند شارا بووە قوربانی دەستی کۆمەڵگە؟

شارا کان بۆ بێدەنگن ؟ بێزار نەبوون؟

لە چی دەترسن شەرم دەکەن؟

ئەی باشە کوڕینە باوکینە براینە.

ژیانی چەند شاراتان وێران کردووە؟

زلەتان لە چەند شارا داوە؟

توو خودا واز لەو بیرکردنەوە سەقەتە بهێنن باوەڕتان بە کچەکانتان بێ تا سۆزی پێ ببەخشن پێویستیان بە سۆزی کوڕی تر نابێت وەک منداڵ دەستیان بەسەر دابهێنن.

چونکە نێرن دەسەڵاتی خۆتان مەسەپێنن.

هەوڵ بدەن پیاو بن نێر بوون بەس نییە!

زۆر بە داخم بۆ ئەم کچانەی ژیانیان وێران بووە زلەیان لێ دراوە و توند و تیژیان بەرامبەر کراوە.

خودا تۆڵەی شاراکان بکاتەوە .

**سەرنج**:

خۆشبەختترین کچ ئەو کچەیە
باوکی هەمیشە لە لایەتی

بۆ هەموو کچێک , باوک پاڵەوانەکەی تی

منداڵ هەستیارە
وریابە چۆن هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکەیت

ڕەنگە بە قسەیەکی ناخۆش
داهاتووی منداڵێک بفەوتێنیت



چیرۆکی حەوتەم

ئـــاری و نیـــگاری بـــاڵاپـــۆش

باوکم بازرگانێک بوو لەبەر کار و پارە و سامان نەیتوانیوە ئامۆژگاریمان بکات پێمان بڵێ چی باشە و چی خراپە ڕێگەی پێ نیشان نەداوم کاتێک بۆ خوێندن چوومە ئەمریکا توانیم شەهادە بە دەست بهێنم بڕیارمدا بگەڕێمەوە وڵاتەکەم لە کۆمپانیاکەی باوکم دەست بە کار بکەم منیش کوڕێکی کەشخە و جوان بووم چونکە لە ئەورووپاش بووم وڵاتەکان گەڕاوم زۆر کچ پێم سەرسام بوون لەبەر ئەمەش بوو لووت بەرز بووم ڕوو خۆم نەدەدا پێیان هەر چەند لێم نزیک بان بەڵام حەزم لە کچی جوان و سفور بوو حیسابم بۆ ئەو کچانە نە دەکرد کە حیجاب بوون چونکە وام دەزانی حەزیان لە دونیا نییە و دژ بە مرۆڤن و عەقڵێک داخراون.

دایە : ئاری کوڕەکەم هەڵسە لە خەو یەکەم ڕۆژی کارتە باوکت تووڕە دەبێت.

ئاری : دایە تۆزێک بهێڵە بخەوم.

دایە : باوکت تووڕە دەبێت کەیفی خۆتە.

ئاری : باشە دایە وا هاتم , بەیانیتان باش چۆنی باوکە ؟

باوکم : باشتر ئەفەندی.

ئاری : سوپاس باوکە , نان دەخۆم و دەڕۆم خەمت نەبێت لەمەودوا خۆم ڕێکی دەخەم کارەکان.

باوکم : بزانین چۆن دەبێت ئەفەندی خۆم بەڕێوبەرم.

بە ڕێ کەوتین بۆ کۆمپانیا دوای یەکتر ناسین لەگەڵ فەرمانبەرەکان و کۆبوونەوەمان کرد ئیشەکانمان دابەش کرد و منیش چووم بۆ ژووری خۆم لەوێ سەرقاڵی کار بووم تا چەند ڕۆژێک وا بەردەوام بووین لە کار ئیشەکە کەمێک سەخت بوو چونکە سەرەتان بوو هەر جۆرێک بێت هەوڵمدا خۆم ڕابهێنم بەیانین زوو هەڵدەستام و شەوانیش تا کاتژمێر شەش کارم دەکرد هیلاک دەبووم.

ڕۆژێک زۆر کارم لەسەر مابوو ئاگام لە کات نەبوو (سۆزان)ــی خوشکم هات بۆ لام گوتی کار تەواو بوو با بڕۆینەوە گوتم باشە من کەمێکی تر لێرە دەبم کارم ماوە دەبێت تەواوی بکەم ئەو ڕۆیشت منیش

دوای کاتژمێرێک فایل و شتەکانم سەیر کرد و ڕۆیشتم لە گەراجەکە بووم کاتێک سەیارەیەک بەرەو ڕووم هات خێرا بوو و ڕووناکیەکەی لە چاوم دەدا کە نزیک بووە وەستا هاتە خوارەوە و کچێکی باڵاپۆش بوو گوتی بەڕێزم بۆ لا ناچیت لەسەر ڕێگاکەم دەتەوێت خۆت پێدا کێشم بمریت و من تووشی کێشەم بکەیت.

هەر بەردەوام بوو لە قسە زۆری گوت بێ مەجال منیش تووڕە بووم گوتم ئاهـ زۆرت گوت فەرموو بڕۆ کێ ڕێگەی لێ گرتوویت دەمێک بووە دەمەقاڵێ و تا ڕۆیشت مردم لە دەستی دەم گوت خۆ من ڕاستم دە گوت ئەم سەلەفییانە هەر بەم جۆرەن , چوومە ماڵەوە نانم بۆ نەدەخورا لە هیلاکیان یەکسەر خەوتم بەیانی هەستام و وەک هەموو ڕۆژێک بۆ کار کاتێک چوومە ئۆفیسەکەی دادەم دووبارە ئەم کچە باڵاپۆشەم بینی منیش هەر زۆر بە سووکی سەیرم دەکرد و گوتم تۆ دیسان چیت دەوێت دادەم گوتی ئەمە ئەندازیار (نیگار)ــە بۆ وا قسەی لەگەڵ دەکەیت

ئەویش تووشی شۆک بوو جا نازانم شەرمی دەکرد قسە بکات یان تووڕە بوو دوای دادەم منی بەو ناساند و ڕۆیشت گوتی کاتێکی تر دێمە لات (سۆزان) خان بە دەست خۆم نەبوو زۆر ڕقم لێی بوو چونکە حیجابیش بوو وەک کچەکانی تر نەبوو دادەم گوتی ئەمە (نیگار)ــە کچێکی گران و سەنگی نە و لێهاتووە وا قسەی لەگەڵ مەکە , لەم ڕۆژەوە ڕقم لێی بوو دەمویست سووکایەتی پێ بکەم بیشکێنمەوە ئازاری بدەم ڕق و کینەم بەرامبەر ئەم کچە هەڵگرت بوو ڕۆژێک کە چووین سەیری باڵا خانەیەک بکەین ئەومان لەگەڵ بوو ئەگەر باوکم لەوێ نەدەبوو دڵنیام لەسەر ئەم باڵا خانەیە فڕێم دەدایە خوارەوە هێندەم ڕق لێی بوو زۆر جار توانجم لێ ئەدا بە هۆنراوەکەی شێرکۆ بێکەس:

"هەستە تێکۆشە تا خوێنت گەرمە

سەرپۆش فڕێدە چ وادەی شەرمە"

ئەویش زۆر بە ئاسایی وەری دەگرت و بە هێمنی لە ژێر لێوەوە هۆنراوە یەکی خوێندەوە گوتی:

"نەسرین داخەکەت سەختە لەسەر دڵ

هیوای ئەویشت وابردە ژێر گڵ

هەستای تێکۆشایت چون خوێنت گەرمە

سەرپۆشت علم و مەعریفە و شەرمە"

پێم سەیر بوو گوتم ئەو شاعیرە سەری داوە لە بەرد منیش دەزانم هی (پیرەمێردە) بزەیەکی کرد گوتی داخی گرانم بۆ (گۆران عەباس) کەم کەس دەیناسێت ئەو شاعیرە مەزنە , تووڕە بووم و دەمویست بە زۆر بێ دەری بکەم لەم کۆمپانیایە بۆ هەر شوێنێک دەڕۆیشتم لەبەر دەمم بوو وەک فریشتەی گیان کێشان بەس کچێکی ناسک و ڕووخۆش بوو ئەگەر بڵێم سەرسامی نەبووم درۆ دەکەم تەنها باڵاپۆش بوو ڕقم لێی بوو بەڵام کچێکی جیاواز لەوانی تر ڕووخۆش و سەنگین بوو کەسایەتیەکی تایبەتی هەبوو زۆر کوڕ سەرسامی بوون ئەو بە هەمووانی دەگوت بەڕێزم یان کاکە پێم سەیر بوو ناز و مەکر و نیگای نەدەکرد سەیری منی نەدەکرد ئەسڵەن حیسابی بۆ نەدەکردم ئاخر مەعقوولە ئەو هەموو کچە بە پەرۆشن قسەیان لەگەڵ بکەم ئەویش حیسابم بۆ نەکات زۆر ڕقم لێ بوو زۆر زۆر دوژمنم بوو.

ڕۆژێک ویستم ئازاری بەم وەک منداڵ کە چووم بۆ گەراج سەیارەی ئەوم بینی لە خۆمەوە بیرۆکەیەکی شێتانەم بۆ هات چووم یەکێک لە تایە کانم تەقاند خۆشم شوێنێک شاردەوە چاوەڕێم دەکرد بێت تووڕە بێت دەمزانی منداڵانەیە بەس ئیتر وام کرد کە دەرکەوت چوو سواری سەیارەکە بێ تایەکەی بینی لای وەستا بوو تووڕە و مۆن منیش پێ دەکەنیم دڵم خۆش بوو کە بەم جۆرە دەمبینی بە سەیارەکەم ڕۆیشتم ڕاوەستام گوتم ئۆهـ (نیگا) خان ئەوە چیت لێهاتووەبەداخەوە وەرە من بتگەیەنمە ماڵ ئەویش گوتی سەرەتا (نیگا) نا من ناوم (نیگار)ە دووەم سوپاس ئەزیەت مەکێشە ئێستا هاوڕێیەکم دێ بە دوامدا منیش لەم لووت بەرزیەی ئەو خەریک بوو دڵم بتەقێت بە هەر جۆرێک بێ حەزم لی بوو ڕۆژێک داوای هاوکاریم لێ بکات لەم قسانە بووین کوڕێک هات گوتی (نیگار) چاک و چۆنی کردە گوتی ئەم بەڕێزە کێیە گوتی کوڕی بەڕێوەبەرە لەگەڵ منیش چاک و چۆنی کرد و گوتی با بڕۆین دوای چاکی دەکەم بۆت (نیگار) گوتی کاتێکی خۆش کاک (ئاری) پرسیارم کرد دەبێت ئەمە کێ بێت ؟ نازانم منیش خۆم

سەرقاڵ کردووە کردووە بە کێ توو خودا زۆر بێ ئیشی (ئاری) ئەفەندی وازی لێ بێنە بابە گیان بەس نا دەبێت ئەم کچە بشکێنم ئەو کێیە ؟ تا وا لووت بەرز بێت بەرامبەرم.

ڕۆژەکان وا بەردەوام بوون و منیش توانج و سووکایەتی و ئازاری زۆرم دەدا وەک خزمەتکاری خۆم بەکارم دەهێنا تا ڕۆژێک بووە موناقەشەیەکی زۆر و شەڕێک لە نێوانمان منیش بێ وەستان قسەم پێ گوت سۆفی کچی سۆفی باڵاپۆشی عەقڵ داخراو هەوڵمدا پەلاماری بدەم لەچکەکەی لەسەر لا دەم ئەویش فرمێسک لە چاوی دەباری زلە یەکی لێدام گوتی نەکەیت دەستم بۆ ببەیت زۆر خراپ دەبێت ئاگر لە چاوی دەباری چ چاوێک بوو وەک شێرێکی برسی بە سەر نێچیرەکەی هاوار بکات دەگریا و مۆن بوو و چاوە تیژەکانی , ترسام لەم شوێنە ڕۆیشتم دەمزانی کۆنترۆڵم لە دەست داوە هەڵەم کرد خۆم وەک ئاژەڵ دەهاتە بەرچاو ئەم شەوە زۆر درێژ بوو دەمویست بچمە لای دادەم ژمارەی وەربگرم قسەی لەگەڵ بکەم زۆر شەرمەزار بووم.

بۆ ڕۆژی دواتر زوو هەستام ویستم بڕۆم ببینم داوای لێبوردنی لێ بکەم زۆر چاوم گێڕا لە کۆمپانیا دیار نەبوو دەبێت وازی نەهێنا بێ لە کار ؟ نا باوەڕ ناکەم دوو سێ ڕۆژ ڕۆیشت هەر (نیگار) دیار نەبوو بەرگەم نەگرت چوومە لای دادەم گوتی ئەو کارەکەی تەواو کرد ئێستا لێرە نەماوە وا بزانم چوویتە ماڵەوە تا پشوو بدات.

بەم قسەیە کەمێک ئاسوودە بووم بەڵام دەمویست ببینم من پەیوەستی بووم ڕاهات بووم هەموو ڕۆژێک ببینم دڵتەنگ بووم هەر خولەکێکم لێ بوو بە کاتژمێرێک زۆر دڵتەنگ بووم و بێزار بووم نانم بۆ نەدەخورا و ڕەنگ زەردیم پێوە دیار بوو بیرم دەکرد یان شەرمەزاری ئەو بووم نازانم هۆکاری چی بوو دوای دوو مانگ دووبارە خەریکی پرۆژەیەکی تر بووین لە ناکاو زانیم کە (نیگار) بە دیار کەوت ئەو پرۆژەکەی وەرگرت بوو دڵخۆش بووم و لەبەرامبەری شەرمەزار بووم ویستم لە دەرفەتێک قسەی لەگەڵ بکەم بەڵام ئەمجارە زۆر خراپتر هەر سەیری نە دەکردم بێ گومان حەقی بوو, کە کۆبوونەوە تەواو بوو چوومە دەرەوە گوتم (نیگا) گوتی (نیگار) فەرموو کاک (ئاری) گوتم نازانم لە کوێ دەست پێ بکەم شەرمەزارم هەڵەم کرد گوتی باشە کارم هەیە دەڕۆم گوتم باشە دەرفەتێکم پێبدە داوای لێبوردن بکەم گوتی پێویست ناکات هەر بۆ زانیاریت ئەمە کۆتا کارە دڵخۆش بە دەڕۆم کە وای گوت و ڕۆیشت

ئازارێک لە دڵمەوە دروست بوو دوعام دەکرد ئەو مانگە نەڕوات کارەکە زوو تەواو نەبێت زۆر هەوڵم دەدا داوای لێبوردنی لێ بکەم و لێم خۆش ببێت , ئەم کارەش تەواو بوو زانیم دەڕوا چوومە سەر ڕێگای, گوتم مەڕۆ من دەڕۆم تۆ تاوانت نییە ببوورە گوتی نا من دەچمە لەندەن بۆ کارێک پەیوەندی بە تۆوە نییە چەند پرسیار دروست بوون لە مێشکمدا بۆ دەڕوات دڵم تەنگ بوو باش نەبووم نەم دەزانی چۆن کات دەڕوات , بێزار بووم لە هەموو شتێک خودایە چۆن تاقیم دەکەیەوە من عاشقی ئەم کچە باڵاپۆشە بوومە , دادەم هەستی پێ کرد بوو شتێکی وا هەیە ڕۆژێک هات بۆ ژوورەکەم گوتی ئاشقی ئەویت منیش پێکەنیم نا بابە گوتی باشە ئەوچیتر ناگەڕێتەوە ڕەنگم گۆرا خێرا پسیارم کرد هۆکار چیە گوتی بۆ خەمتە خۆ ئاشقی نیت ؟ گوتم دادە توخوا بیڵێ چی بووە گوتی ئەو نەخۆشە لە مۆخی گرێیەک هەیە شێرپەنجەیتی ئێستا بۆ چارەسەر لە دەرەوەیە ئەو قژێکی جوانی هەیە ڕاستە حیجابە بەڵام لە ژێر ئەم حیجابە و لەچکە کچێکی نەخۆش هەیە قژی هەڵدەوەرێت.

ئای خوایە من چیم کرد ویستم هەستی بریندار بکەم لەچکەکەی لابەم من چیم کرد خودایە ؟ , دادە هەرچی زووە شوێنەکەی بڵێ من سەفەر دەکەم دەچمە لای هەر چی بێ چارەسەری دەکەم نابێت ئەو بمرێت دادە خۆشم ئەوێت و دەبێت گەردەنم ئازا بکات.

زوو بلیتم کڕی جلم کۆکردەوە چوومە لەندەن لەوێ بەهۆی دادەم نەخۆشخانەکەم دۆزیەوە کە چووم (نیگا)م بینی دڵم بووە ئاو کاتێک چارەسەری سروشتی بۆ دەکرا گوتم (نیگا) ئەویش شۆک بوو ئەمجارە نەی گوت (نیگار) گوتی چی دەکەی لێرە کاک (ئاری) ؟ منیش بە دەم گریانەوە بۆم باس کرد ئەو ماوەیە لە دووری ئەو چیم لێهاتووە گوتم کەوتیە دڵمەوە , گوتی نابێ من ڕازی نیم چونکە دەبینی بارودۆخم لەوانیە هەڵنەستمەوە کۆتا نەشتەرگەری بێت هیوایەکم نیە و تۆش کچی حیجابت ناوێت و هەرگیز نابێت شتی بەم جۆرەبەڵام دەمزانی لە ناختا کەسێکی جیاواز هەیە , گوتم توخوا وامەڵێ لە خۆم خۆشنابم هەڵدەستیەو دڵنیام , دوای هەفتەیەک کاتی نەشتەرگەری هات زۆر دەترسام هەڵنەستێتەوە گوتم (نیگا) گوتی (نیگار) گوتم (نیگار) گوتی ئۆخەی زانیت بە زۆر فرمێسکەکانم گرت بوو نەبارێت پێم گوت چاوەڕێتم گوتی باشە کاک (ئاری) , دکتۆرەکان هاتن گوتیان کاتی هات بردیان بۆ ژووری نەشتەرگەری (سۆزان) هات شەشە کاتژمێر لە نەشتەرگەری بوو , دوای سێ

مانگ (نیگا) چاک بووەوە کەم کەم قژی دەهاتەوە زۆر دڵـخۆش بووم کە خودا دەرفەتی پێدام لێمخۆشبێت هەموو شتێک جوان بوو دەرمانی سروشتی بەکار دەهێنا چووینەوە وڵات لەگەڵ خێزانەکەی (نیگا) قسەمان لەسەر هەموو شتێک کرد بوو من پارە و شتم لە ئەستۆ گرت بوو , دوای نۆ مانگ چـوومە داوای زۆر دڵـخۆش بووم گوتـم (نیگا) بە من ڕازی دەبـیت, گوتی بە مەرجێـک گوتم ئەبێت چی بێت گوتــی مەڵێ (نیگا) بڵێ (نـــیگـــار) خۆ ئەوەندە قورس نیە وتـم باشە (نیگار) دەستمان کرد بە پێکەنین ڕۆژی گواستنەوە نزیـک بووە شکور بۆ خودا دڵخۆش بووین بەس نازانـم دەبێ خودا لێم خۆشبێت هەڵەم کرد سوکایەتـیم بە کچیکی حیجاب کرد یان نا ؟ خودایە لێم خۆشبە (نیگار)ـم خۆش ئەوێ دڵخۆشی دەکەم بەڵێن بێت .

**سەرنج**:

لە دوورەوە بڕیار لەسەر کەس مەدە

تا لە نزیکەوە نەیناسیت

مەرج نییە ئەوەی باڵاپۆش بێت دواکەوتووبێت

بەڵکو بەدوای فەرمانی خودا دەکەوێت

هیچ کاتێک درەنگ نییە

بۆ داوای لێبووردن



## چیرۆکی هەشتەم

## خراپــی خــەسووێــک چی لە بــووکەکەی دەکــات

دەمەوێت باسی خێزانەکەم بکەم چۆن ئارامی گرتووە لێرەوە دەست پێ دەکەم کاتێک کچێکم بە ناوی (شەیما) کە لە ڕێگەی برادەرێکەوە ناسیم و کەوتە دڵمەوە بۆیە وام پێ باش بوو و قسە لەگەڵ دایک و خوشکەکانم بکەم و بچینە داوای لە سەرەتا ڕازی نەبوون و گوتیان کچی پوورت بۆ دەهێنین بەڵام من ڕەتم کردەوە گوتم تەنها ئەو کچەم دەوێت دایکم دەیزانی ماڵی (شەیما) لە گەڕەکێکی هەژارنشینە و دایکی نانکەری ماڵانە بۆیە پێی خۆش نەبوو بەس من ڕەفتار و ئاکاری ئەوم بە دڵ بوو شوکر دوای چەند هەفتەیەک ڕازیم کردن و چووین بۆ داوای (شەیما) و لەسەر سوننەتی خودا و پێغەمبەر کردم بە خێزانی خۆم لەبەر ئەوەی ماڵەکەی ئێمە گەورە بوو تەنها دایک و خوشکم لەوێ دەژیاین بۆیە گوتمە (شەیما) لەگەڵ دایکم دەژین ئەویش قسەی منی نەدەشکاند کچێکی لە بخوات ترس و دیندار بوو پێچەوانەی دایکم و خوشکم بوون کە سفور بوون و با وڕیان هێندە بەهێز نەبوو لە سەرەتا هیچ کێشەیەک نەبوو بەڵام دوای چەند ڕۆژێک گلەیە کانی دایکم و خوشکەکەم دەستی پێ کرد و گوتیان تا نیوەڕۆ خەوتووە کە میوان دێت حەیامان دەبات نازانێت دوو ئیش بکات بە ئەنقەست قاپ و گڵاسەکانی ماڵ دەشکێنێت من دەمزانی کە ڕاست نییە چونکە هەموو ڕۆژێک (شەیما) نانی بەیانی بۆ حازر دەکردم و بەڕێی دەکردم کە لە ئیش بووم نامەی بۆ دەناردم دەمزانی زوو هەڵدەستێت , ڕۆژ بە ڕۆژ بیانووەکانی دایکم زیادی دەکرد و منیشی بێزار دەکرد ڕۆژێک بە (شەیما)ـم گوت قسەکانی دایکم ڕاستە گوتی (ئەحمەد) ئەوە تۆ من ناناسیت من ناڵێم دایکت درۆ دەکات بەس توو خودا جواب بدەوە من وام بەم جۆرە لێم تێگەیشتووی گوتم نا (شەیما) دەزانم باش شارەزاتم بەڵام بێزار بوومە لە گلەیە کانی دایکم حەز دەکەم ڕووبەڕوو قسە بکەن ئەویش بێ دەنگ بوو و گوتی باشە.

ڕۆژێکیان دایکم دەستی لەگەڵ شەیتان تێکەڵ کرد بوو قسەی لەگەڵ پیاوێک کرد بوو

دەیویست ئابڕووی (شەیما) ببات و منیش تەڵاقی بەم گوت بوویت پیاوەکە نیوەڕۆیەک بێتە ماڵەکە کە (شەیما) لە ژووری خەوە و ئەویش بێتە لای لەو کاتە تەلەفۆنێکی بۆ من کرد و گوتی کوڕم (ئەحمەد) بڕۆ ماڵەوە کارەبا تێکچووە من و خوشکت لە ماڵی پوورتین (شەیما) بە تەنیا منیش گوتم باشە دایە گیان خەمت نەبێت چەند جارێک تەلەفۆنم بۆ (شەیما) دەکرد و بێ وەڵام

بوو نەمزانی بوو حەبی خەویان داوە تێ کە چوومە ماڵەوە و دەرگام کردەوە چەند جارێک بانگی (شەیما)ـم کرد جوابی نەدا کە چوومە ژووری خەو بینیم پیاوێک لایەتی و پاڵکەوتووە رێک خەریک بوو ببمە پیاوکوژ زۆرم لێیدا و (شەیما) بە ئاگا هات گوتی (ئەحمەد) چی بووە گوتم چی بووە تۆ دەزانیت شەرەف و ناموسم دەبەیت داوێنپیس کەوتە سەر ئەژنۆ و دەپاڕایەوە و دەی گوت سوێند بە خودامن هیچم نەکردووە نازانم چی دەڵێیت دەستم لێ بەرز کردەوە بۆ ئەوەی لێی بدەم وەک منداڵ چاوی داخست دڵم ئازاری هەبوو پیاوەکە ڕای کرد و منیش ڕۆیشتمە دەرەوە تا شەو نەگەڕامەوە ماڵ و وام دانا کە هیچ نەبووە و لای دایکم و خوشکم باسم نەکرد چونکە هێشتا ئەو خێزانی من بوو گوتم تەڵاقی دەدەم نامەوێت حەیای بەم (شەیما) دەگریا گوتی واللە ئاگاداری هیچ نیم من خەوت بووم و سەرم گێژی خوارد کە هەستام تۆم بینی باوەڕم پێ بکە گوتم تا یەک هەفتەی تر خۆت کۆ بکەوە و دەچینە دادگا ژنی من نیت لەو ماوەیە نەمهێشت دایکم و خوشکەکەم هەست پێ بکەن تا ڕۆژی دادگای , ڕۆژێک پێش جیابوونەوە دایکم هەر وای دەزانی هیچ نەبووە دووبارە پلانە شەیتانەکانی جێبەجێ کرد لە کار بووم و تەلەفۆنم بۆ هات گوتیان (شەیما) سووتاوە هەر بە ڕاکردن چووم بۆ نەخۆشخانە و دایکی (شەیما) و دایکم لەوێ بوون گوتم چی بووە گوتیان کە غازەکەی هەڵکردووە گڕی گرتووە بارودۆخی جێگیر نەبوو لاشەی سووتا بوو چووم بۆ ماڵەوە هەندێک جل و بەرگ بەرم بۆ نەخۆشخانە لەم کاتە بیرم چوو بۆ لای کامێرای ماڵەوە ویستم بزانم چۆن سووتاوە بینیم چەند خولەکێک پێشتر دایکم بە ئەنقەست غازەکەی کردووەتەوە و گیانی (شەیما) سووتا هەر سەرم سووڕما لە کارەکانی دایکم ڤیدیۆی چەند ڕۆژێک پێشترم لێدا زانیم هەر دایکم بووە ئەو پیاوەی گرتووە ئینجا گوتم ئای خودایە چەند هەستم بە تاوان دەکرد خۆ من خێزانەکەی خۆم دەناسی چۆن فریوم خوارد چوومە نەخۆشخانە دکتۆر گوتی بیست و چوار کاتژمێرمان بۆ داناوە زۆر خراپ سووتاوە و سووتانەکەی پلە دووە , ئەژنۆم شکا زۆر هەستم بە تاوان دەکرد لەو کاتە بانگی عیشای دا چوومە بۆ مزگەوتێک نزیک لە نەخۆشخانە پاڕامەوە زۆر گریام دەم گوت خودایە بەس (شەیما) باش بێت گەردنم ئازا بکات من بەوم گوت داوێنپیس خودایە لێم خۆش بە تۆزێک لە مزگەوتەکە خەوم لێ کەوت سوێند بە خودا (شەیما) هاتە خەونم و وەک مانگ وا بوو

دەی گوتە من جێگەم زۆر خۆشە ئافرەتێکی پاکم و گوناهم نییە گەردنی تۆش ئازاد بێت (ئەحمەد) لە بەهەشت چاوەڕێتم لە خەوەکە ڕاپەڕیم تێر گریام وام زانی ئەمە نیشانەیەکە بۆ ئەوەی (شەیما) مرد بێت بە ڕاکردن ڕۆیشتم وەک شێتێک بینیم دایکی (شەیما) دەگریا کەوتم دەستم کرد بە گریان دکتۆر و پەرستارەکان لێم کۆبوونەوە و دڵیان دەدامەوە تا گوێم لە دکتۆرێک بوو گوتی سوپاس بۆ خودا خێزانەکەت زۆر باشە بۆ دەگریت لەگەڵ ئەم قسەیە ڕا چڵکام هەزار جار شوکر خودایە (شەیما)ــی پاک و بێ تاوانت بە من بەخشییەوە دوای مانگێک (شەیما) باشتر بوو لە نەخۆشخانە هاتە دەر پێم گوت هەموو شت دەزانم حەقی خۆتە شکایت لە دایک و خوشکم بکەیت گوتی نا گەردنیان ئازاد بێت بەس توو خودا با لەو ماڵە بڕۆین گوتم باشە دایکم و خوشکەکەم زۆر پەشیمان بوونەوە و گوتیان هەر چییەکت دەوێت داوای بکە بەس مەڕۆن بەڵام من ڕازی نەبووم هەر لە سەرەتاوە هەڵە بوو خێزانەکەم و دایکم لە یەک ماڵ دانا تکایەکی برایانە لە هەمووان دەکەم تا پێتان دەکرێت ماڵێکی بچووکی جیا بۆ خێزانەکەتان بکەن مەهێڵن کەس بێتە نێوانتان تۆ کە خێزانی خۆت دەناسی باوەڕ بە قسەی کەس مەکە , ئافرەتێک بکە خێزانت کە تەواو دڵنیا ببیت لەوەی شایەنتە پێی بڵێیت خێزان و ببێتە دایکێکی شاهانە بۆ منداڵەکانتان , خێرا بڕیار مەدەن لە کاتی بوونی ناخۆشییەک تا تەواو تێ دەگەیت لە مەسەلەکە گەرچی دایک و خوشک و ئەندامانی خێزانەکەت ئازیزن بەڵام لە هەندێک کاتدا ناتوانن ئەو شتانە لەیەک قبوڵ بکەن کە لە لایان خۆشەویستە بۆیە هەوڵدەن تێیان بگەیەنن کە چەند ئەم کەسە یان ئەم شتە بەنرخە بۆت , ژنەکەت شەرەفتە بۆیە دەبێت متمانەت پێی هەبێت و لە هەموو شتێک زیاتر بیپارێزیت .

**سەرنج** :

متمانە , پەیوەندی نێوان دوو کەس بەهێز دەکات

خۆشەویستی , پەیوەندییەکە بەردەوام دەکات

ڕێزگرتن , پەیوەندی جوانتر دەکات

ڕاستگۆی , پەیوەندییەکە دەپارێزێت



## چیرۆکی نۆیەم

## سـەڵاوات ئاواتـی کچێـکی کـرد بەڕاستـی

چیرۆکی من لەو ڕۆژەوە دەست پێ دەکات کە لە پەیمانگا بووم و تازە پێگەی شت بووم لە بەشی شیکاری دەمخوێند ئەو کاتە هاوپۆلێکم هەبوو بە ناوی (هاوار) کوڕێکی باش و ڕێک لە خێزانێکی دیندار بوو و ناسراو بوون لە ناو خەڵکی شار زوو کەوتە دڵمەوە بەڵام من کچێکی بێ دەنگم و هەستی خۆم دەرنابڕم دوو ساڵ ڕۆیشت و خوێندنمان تەواو کرد لەگەڵ هەندێک لە هاوپۆلەکانمان لە نۆرینگەیەک کارمان دەکرد (هاوار)ـیش هەر لەوێ بوو تەنها لەگەڵ کچێک زۆر هاوڕێ بووم ناوی (هێلین) بوو ژیانی خۆمم بۆی باس دەکرد , ڕۆژ هات و تێپەڕ بوو زیاتر خۆشەویستی (هاوار) دەکەوتە دڵمەوە بەڵام نەم دەتوانی پێی بڵێم من بەوم ئەوت کاک (هاوار) و ئەویش دەی گوت (لاڤە) خاتوون , کاتێک نەخۆشێک دەهاتە لای نەرم و نیان بوو ڕووخۆش زیاتر هۆگری دەبووم ڕۆژێک دانیشت بووم و خەیاڵم ڕۆیشت بوو تا دەنگێک هات گوتی خاتوونی دکتۆر دەنگی (هاوار) بوو وتم فەرموو کاک (هاوار) گوتی برسیت نییە نیوەڕۆیە دەچم خواردنێک دەهێنم گوتم نا سوپاس لەو کات (هێلین) هات گوتی ئەی من واللە بۆ منیشی بهێنە ئەویش پێکەنی گوتی ئەی بەسەر چاو بۆت دەهێنم دکتۆرە (لاڤە)ـش نایخوات منیش تۆزێک مۆن بووم و ڕۆیشت, خۆم خەریک کرد بە فەحس و نەخۆشەوە (هێلین) وازی نەدەهێنا گوتی (لاڤە) چیتە باش دیار نیت ماوەیەکە گوتم (هێلین) گیان هیچ نییە وا کار دەکەم تۆش بڕۆ بەلای ئەم خانمە خوێنی لێ وەربگرە بە هەر حاڵ هەر چۆنێک بێت بەڕێم کرد و ڕزگارم بوو (هاوار) هاتەوە گوتی فەرموو هەر بۆم هێنایت دکتۆرە گوتم سوپاست دەکەم لەو کاتە منداڵێک هات تا فەحسی بباتەوە منیش لەفەکەم دا بەو و سەیرێکی کردم گوتم ئەمەش هەر خێرە پێ کەنی گوتی وایە گرنگ خەسار نەبێت , ڕۆژەکانی ئێمە بەم شێوەیە بەڕێوە دەچوو , چوومە ماڵەوە هیلاک بووم و دایکم گوتی کچم نان حازرە گوتم دایە برسیم نیە وتی دیارە شتێکت خواردووە گوتم ئا ئا لە دڵما وتم دەردێکم خواردووە کەس نەیخوات إِنْ شَاءَ اللّٰه سەیرێکی فەیسبووکم کرد زانیار وێنەیەکی پۆست کرد بوو نووسیبووی لە خودا بێ هیوا مەبن هەمیشە دوعا بکەن لەگەڵ ئەم پۆستە لە تاریکی شەو بۆ من چرایەک هەڵبوو چوومە چەند گرووپێکی ئایینی بینیم چەند خاتوونێک باسی گەورەی سەڵاواتی (ئیبراهیم) دەکەن و خوێندنی سووڕەتی (البقره) بەبەردەوامی بۆ ئەوەی بە ئاواتەکانت بگەیت منیش لەو ڕۆژە بڕیارمدا دەست پێ بکەم و دایمە سەڵاواتم لێ دەدا و لە کاتە بە تاڵەکان قورئانم دەخوێند هەستم بە ئارامی دەکرد زیاتر لە جاران دڵخۆش بووم سوێند بە خودا هەمیشە ئومێدێک لە دڵم هەبوو

هەستم دەکرد ڕۆژێک بە ئاواتەکانم دەگەم باشترین دەرمان بوون ئەم دوو کارە , ڕۆژێک باوکم گوتی کچم وەرە دانیشە گوتم باشە بابە گیان فەرموو گوتی کچم تۆش کاتی شوو کردنت هاتووە دەبێت بچیتە ڕێگای خۆت هەر کات قسمەتت هات تۆزێک شەرمم کرد باوکم گوتی برادەرێکم هەیە لە کۆنەوە دەیناسم داوای تۆ دەکات بۆ (بورهان)ـی کوڕی نوقم گیرا ئاخر من (هاوار)ـم خۆش دەوێت چۆن دەتوانم لەگەڵ کەسێکی تر ببم , هیچم نەوت و چوومە ژوورەوە دایکم گوتی کچە شەرم دەکات دەرگام داخست و دەستم کرد بە گریان بە کوڵ ئاخر خودایە بۆ ئەم کەسەت خستە نێو دڵم کە بۆم نابێت چۆن دەکرێت لەگەڵ کەسێکی تر ببم خودایە یارمەتیم بدە هێندە گریام تا هەناسەبڕکێ بووم دایکم هاتە لام گوتی ئەی ڕۆ کچم جارێ شووت نەکردووە ئەو گریانە چییە سەرم خستە سەر قاچی دایکم و گریام هەر قسەی بۆم دەکرد گوتی کچم چیتە ئەگەر ناتەوێت پێیان دەڵێین با نەیەن کچمان نییە بۆ شوو جارێ منداڵە بۆنی شیری لێ دێت تۆزێک پێ کەنیم گوتی هەستەوە بزانم سەیرم بکە (لاڤە)ـم کچە جوانەکەم چیتە هەندێک بێ دەنگ بووم گوتم دایە نامەوێت گوتی ئی بۆ هەر دەبێت شوو بکەیت گوتم دایە کوڕێک هەیە کەوتووەتە دڵم شەقێکی لە دەستم دا گوتی ئەی بۆ زووتر نەتگوت گوتم بە خودا تۆ یەکەم کەسی پێت بڵێم گوتی کێیە دەیناسم گوتم باسم کردووە بەس نەتبینیوە گوتی کێ بزانم گوتم (هاوار) ئەوەی لە خێزانێکی ناسراوە گوتی ئەها کوڕی ئەم مەلایە دەڵێیت گوتم بەڵێ گوتی جا دەیزانێت گوتم نا تا ئێستا هەر دوعا دەکەم بێتە پێش بەس هیچ نەبووە زۆرم خۆش دەوێت بە خودا یەک شتی هەڵەشم نەکردووە گوتی دەتناسم کچم, باش من بە باوکت دەڵێم جارێ با نەیەن چووە دەرەوە , سوجدەی شوکرم برد بۆ بەیانی چوومە نۆرینگە هەستم کرد (هاوار) زوو زوو سەیری دەکردم (هێلین) هات گوتی کچێ (لاڤە) ئەوە گریاویت گوتم چی ؟ گوتی وەرە با بڕۆین , چووینە ژوورێک دانیشتین گوتی (لاڤە) گیان قوربانت ببم چی بووە؟ خۆم بۆ نەگیرا و لە دڵ پڕدا دەستم کرد بە گریان گوتی (لاڤە) چیتە؟ مەسەلەکەم بۆ باس کرد گوتم (هاوار)ـم لە دڵدایە و کەچی داواکاریم هاتووە گوتی کچێ ئەوە بۆ باست نەکردووە بۆ منت باس بکردایە ئێستا چەند منداڵتان هەبوو گوتم (هێلین) توو خودا لە دەمت دەرنەچێت گوتی باشە باش بەس چاوت بسڕە وا نابێت زاواش سەیری دەکردیت گوتم کێ گوتی (هاوار) گوتم بە خودا دەم پەلی هیچ نەڵێیت , چووینە دەرەوە و خەریکی کۆمپیوتەرەکە بووم بینیم (هاوار) چووە لای (هێلین) بە نزمی قسەیان دەکرد ترسام (هێلین) شتێک بڵێت ئیتر دوای لە کۆمپیوتەرەکە (هاوار) نامەیەکی نارد

گوتی پیرۆزە کوا شیرینی سەیرێکم کرد نامەم جواب داوە گوتم چی گوتی داواکاریت هاتووە ئەها ببوورە ویستم لە نامە پیرۆزبابیت لێ بکەم زۆر توورە دیاری با بەسەر من نە تەقەیەوە منیش پێ کەنیم ئای (هاوار) ئەگەر دەزانی چەندم خۆش دەوێت تۆش پیرۆزبایی دەکەیت (هێلین) هات گوتی شکی کرد بۆیە منیش گوتم داواکاری هاتووە هیچی ترم نەوت بە خودا گوتم باشە چوومە دەرەوە کاتی پشووم بوو لەم کاتە دایکم هات بوو (هاوار) گوت بووی فەرموو پووریێ لێرە دانیشە با خوێنت وەربگرم دایکم خۆی تێک نەدا بوو گوتی باشە کوڕم کە هاتم گوتم دایە ئەوە چی دەکەیت لێرە (هاوار) ئاوڕێکی داوە گوتی ئۆی دایکی دکتۆرە (لاڤە)ـــیە ببوورن واللە نەمناسی پووریێ گیان گوتی هیچ نییە کوڕم دایکم سەیرێکی کردم بە ئیشارەت گوتی ئەمە چاوم داخست و هەناسەیەکم دا کەمێک دایکم دانیشت لا مان گوتی ئێوەشم هیلاک کرد کوڕم (هاوار)یش گوتی نا مادەم تۆ دایکی دکتۆرەی بەسەر چاو دایکم گوتی خودا لێت ڕازی بێت کوڕم با من بڕۆم ئیتر ڕۆیشت بۆ شەو هاتە لام گوتی کوڕێکی باش دیارە بەس ئەوها نابێت دەبێت زوو بێتە داوات و هەستی پێ بکات پێش ئەوەی بچێتە داوای کچێک گوتم دایە چی بکەم بە خودا هیچم بۆ ناکرێت ئەو ڕۆیشت و تەواوی شەوەکە گریام زۆر بێ تاقەت و بێ زابووم بۆ هەفتەیەک پشووم وەرگرت نەمتوانی بڕۆمە نۆرینگە دایمە سەڵاواتم لێ دەدا و سووڕەتی (البقرە)ـــم دەخوێند بێ ئومێد نەبووم لە ڕەحمی خودا نەمزانی بوو لەو ماوەیە دایکم و (هێلین) قسەیان کردووە (هاوار) پرسیاری منی لە (هێلین) کرد بوو (هێلین) ـــیش بە قسەی دایکمی کرد بوو گوت بووی کاک (هاوار) با دوو قسەت پێ بڵێم بەس بە (لاڤە) مەڵێ دەمکوژێت گوتی فەرموو خاتوون (هێلین) گوتی ئێمە لە پەیمانگا بەیەکەوە بووین تا ئێستا هەڵەیەکت لە (لاڤە) بینیوە گوتی نا واللە کچی باشە خودا تەمەن درێژی بکات گوتی با شتێکت پێ بڵێم هاتوونەتە داوای (لاڤە) بەس ئەو کەسێکی تری بە دڵە , گوتی بە ڕاست کێیە ؟ گوتم واللە جەنابتی بەس چەند ساڵە هەستت پێ نەکردووە گوتی بە ڕاست نازانم چی بڵێم ؟ هیچی نەگوتووە ؟ گوتم ئاخر (لاڤە) کچێکی حیجابە شەرم دەکات شتێکی وا بکات بەس دوعای کردووە تۆ بیزانیت گوتی نازانم چی بڵێم ئەی کەی دێتەوە ؟ گوتم لەوانەیە دوو ڕۆژی تر ، ئیتر ئاگاداری هیچی نەبووم پشووەکەم تەواو بوو ڕۆیشتمەوە نۆرینگە هیچ خۆم تێک نەدا (هاوار) گوتی بەخێر بێیەوە دکتۆرە گوتم سوپاس کاک (هاوار) گوتی باشی گوتم ئەحواڵت تۆ باشیت گوتی سوپاس بۆ خوا چی بوو خێر نەهات بوویت گوتم تۆزێک نەخۆش بووم گوتی سەلامەتییە , هەستم کرد لەم ڕۆژانە شتێک بووە

(هاوار) زیاتر پێ دەکەنێت لەگەڵ نەخۆش و دکتۆرە ئافرەتەکانی تر زۆر بێزاری کرد بووم من تا ئێستا شەرمم کردووە پێ بکەنم کەچی کچی تر بە ئاسانی بە ڕوویدا پێ دەکەنن زۆر تووڕە بووم و نەم دەزانی چی دەکەم هێندە تووڕە بووم بەر داخێک ئاو لە دەستم شکا و پەنجەم بە خوێن بوو (هێلین) هات گوتی کچم هێواش چییە گوتم هیچ دەڵێمە باوکم با خوازبێنییەکەم بێتەوە نەم هێشت (هێلین) قسە بکات گوتم ئەمڕۆ دکتۆرەکان دەعوەتی منن ئەوانیش دەستیان کرد بە چەپڵە گوتیان خێر إِنْ شَاءَ اللّٰهُ دڵت خۆشە گوتم زۆر زۆر ئیتر لە داخا ڕۆیشتم بینیم (هاوار) چووە لای (هێلین) و ئاوڕم نەداوە (هێلین) گوت بووی جەناب چیت کردووە؟ واللە تووڕەیە گوتی دەڵێمە باوکم ڕازیم (هاوار) گوتی ئەوها باش پیرۆزی بێت چوومە ماڵ گوتمە باوکم ئەگەر دێنە پێش با بێن سەیرێکی دەکەم بزانم بە دڵمە باوکم گوتی باشە پێیان دەڵێم دایکم هاتە لام گوتی کچم شێت بووی خودا لێی گۆڕیویت چی بووە گوتم دایە وا باشترە بۆ من گوتی ئاخر چی بووە گوتم هیچ وا باشترە ڕۆیشت و لە داخا هەر دەگریام دیارە قسمەتی من نەبووە بڕیار بوو دوو بەیانی بێنە داوام (هێلین) گوتی بە خودا شێت بوویت گوتم توو خودا بەسە ئەو هەر حیسابم بۆ ناکات وا باشترە تا لە بیری بکەم گوتی ڕابکە ڕابکە چی لە دڵت دەکەیت ؟ بە تووڕەیەوە ڕۆیشت نەمزانی بوو بە (هاوار)ی گوت بوو دکتۆر ئەگەر بەڕاستی ئەوت دەوێت شتێک بکە ئەویش گوتی تازە بڕیاری خۆی داوە قسمەتە , ڕۆژی داواکاریم هات زۆر دڵتەنگ بووم دەمویست لەم شەوە بمرم نەک بۆ کەسێکی تر ببم خودایە بۆ شتێک هەیە بە ناوی خۆشەویستی من هێندە بەندەکەتم خۆش دەوێت ئەویش بێ ئاگا سوێند بە خودا تەنها تا بە حەڵاڵی بۆ من بێت هیچم نەکردووە و نەمگوتووە شەرمم کرد خودایە چۆن بەرگە دەگرم ؟ هەموو ڕۆژ بیبینم خودایە گیان . لە دەرگایان دا هاتنە ژوورەوە باوکم بانگی کردم و دانیشتین خەریک بوو دڵم شەق ببات خەریک بوو لەوێ دەست بکەم بە گریان , باوکی خەریک بوو قسە بکات و داوای من بکات لە پڕ دەنگی دەرگا هات و براکەم چوو دەرگای کردەوە چیم بینی خودایە ئەوە خەونە یان ڕاستی ؟ بینیم (هاوار) و دایکی و خوشکی هاتنە ژوورەوە خەریک بوو بگریم لە خۆشیا نەم دەزانی چی بکەم دایکم پێکەنی گوتی فەرموون , گوتم بە خێر بێن فەرموون دانیشن ئاوم بۆ هێنان و دایکم گوتی ئەمە دکتۆر (هاوارە) دیارە هاتووە فەحسەکەی هێناوەتەوە ئەم ڕۆژە خوێنی وەرگرتم ئیتر دەستیان کرد بە قسە نەم دەتوانی چاو لەسەر (هاوار) هەڵگرم تا باوکی (بورهان) گوتی ئێمە دەڕۆین دیارە ئەمشەو وا قسمەت بووە ئاگام لێ بوو

باوکم گوتی خەبەرتان دەدەینەوە إِنْ شَاءَ اللّٰه هێندە دڵ خۆش بووم سوپاس بۆ تۆ خودایە , ئەوان ڕۆیشتن و ئیتر (هاوار) و باوکم دەستیان کرد بە قسە دایکی (هاوار) گوتی ئەمە بووکەکەمە مَاشَاءَ اللّٰه دەڵێت گوڵە تازە خونچەی دەرکردووە باوکم چاوی گەش بووەوە هیچ لە مەسەلە تێ نەدەگەیشت دایکم قوربانی ببم زیرەکانە قسەی کرد گوتیە باوکم ئەمانە هاتوونەتە داوای (لاڤە) دایکی دەستی کرد بە قسە گوتی باوکی (لاڤە) هاتووین ببین بە خزم کوڕەکەم ببێتە کوڕتان و کچەکەت ببێتە کچمان یەکتر دەناسن و یەکیان بە دڵە باوکم گوتی ئەها واللە باسی هیچی نەکردووە بەس دیارە لە ناوە خۆتان یەکلایتان کردووەتەوە ئەگەر وایە کچەکەم بە کراسی بەرین پێشکەشتان بێت سوێند بە خودا دڵم و چاوم پڕ بوو دەستم کرد بە گریان نەمگوت عەیبە تا پێم کرا گریام باوکم هەر زۆری پێ سەیر بوو ئیتر من چوومە باخچەکە ئاگام لێی بوو (هاوار) لەگەڵ خوشکی هاتن بۆ باخچەی ژوورەوە خوشکی بە پێکەنینەوە گوتی بۆ دەگریت؟ ئێستا وا بیت ئەی دوای؟ ئیتر ئێمەی جێ هێشت (هاوار) گوتی قوڕم بەسەر جا تۆ هەر بگری هەموو ڕۆژ من چی بکەم ئەوها نابێت دکتۆرە دەستمان بە پێکەنین کرد گوتم چۆن زانیت گوتی (هێلین) خان خۆش بێت باسی کرد گوتم ئای (هێلین) دەمت شڕە گوتی دەمی خۆش ئەگەرنا من چۆنم دەزانی خاتوون بە تەما بوویت تا کەی هیچ باس نەکەیت ها ؟ گوتم تا ئەو کاتەی دەهاتیت گوتی ئەوە هاتم گوتم سوپاس بۆ خودا دەنگی باوکم و دایکم هات و دایکی (هاوار) گوتی کچم ئێمە دەڕۆین یارەبی بەختەوەر بین لەسەر ئێمە بە یەک گەیاندنی ئێوە بوو ئەوەی تر خۆتان تەواوی بکەن ڕۆیشتن چوومە ژوورەوە یەک سوجدەم برد و گریام ئای خودایە لە گەورەی تۆ و سەڵاوات دان و سووڕەتی (البقره) چەند کاریگەر بوون هەزار جار سوپاس بۆ خودا بەر لەوەی ئەم زکرانە بۆ پێداویستی دونیا بڵێن بۆ قیامەتان بڵێن بەڕاستی هەر زکرێک کاریگەری هەیە لەسەر هەنگاوی داهاتووت , ڕێکەوتین مارە یەکەم قورئانێک و سەفەرێکی عومرە بێت ئێستا هاوسەری یەکترین سوپاس بۆ خودا زۆر دڵخۆشین خودا ئێمەی بە یەک گەیاند گەورەی سەڵاوات زۆر گرنگە هەموو ماڵێک بەختەوەر بێت بەس پێتان دەڵێم چاوتان لە خۆشەویستی حەرام نەبێت تەنها لە خودا بپاڕێنەوە پشتی پێ ببەستن.

**سەرنج :**

بێ هیوا مەبن لە خودا , خۆی دەزانێت چی خێری تێدایە

هەموو شتێک کاتی خۆی هەیە , ئارام بگرە

بە کردنی هەر زکرێک بە یەقینەوە

بەربەستێتێک لەبەر دەمت لادەچێت

سەڵاواتی ئیبراهیم

{ اللّٰهُمَّ صلِّ علّىٰ مُحَمَّدٍ وَعلّىٰ آلِ مُحَمَّدٍ كَمَا صلَّيتَ علّىٰ إِبْرَاهِيمَ وَعلّىٰ آلِ إِبْرَاهِيمَ إِنَّكَ حَمِيدٌ مَجِيدٌ اللّٰهُمَّ بَارِكْ علّىٰ مُحَمَّدٍ وَعلّىٰ آلِ مُحَمَّدٍ كَمَا بَارَكْتَ علّىٰ إِبْرَاهِيمَ وَعلّىٰ آلِ إِبْرَاهِيمَ إِنَّكَ حَمِيدٌ مَجِيد }



## چیرۆکی دەیەم

## فاتــیمە خـــان

لە شەوێکی باراناوی کە ئازار سەرتاپای گیانمی داگیر کرد بوو خێرا چوومە لای دایکم و دەستم کرد بە گریان و ناڵە و دەستی بەسەر داهێنانم و دەیویست ئارامم بکاتەوە و ئازارەکەم کەم بێتەوە , لە تاو گریان و ئازار چاوەکانم توند داخست بوو و خەو بردمییەوە هۆکاری نەخۆشییەکەمم نەدەزانی لەوانەشە هەر ئازارێک بێت و تەواو بێت.

لەبەر دەست کورتی و هەژاری دایکم نەی دەتوانی بمبات بۆ لای دکتۆر و چارەم بکات و تەنها هاوار و ناڵەم بۆ خودا دەکرد و داوای شیفام لێ دەکرد باوکە بەستەزمانەکەم کە کار گوزار بوو پارەیەکی وامان نەبوو تەنانەت سکی خۆشمان تێر بکەین زۆر جار لەسەر سفرەکە دایک و باوکم سەیری یەکتریان دەکرد و لەبەر دڵی ئێمە خەندەیەکیان دەکرد و دەیان گوت تێر بووینە تەنها بۆ ئەوەی من و خوشک و براکانم بەشێک لە نانەکە زیاتر بخۆین سوپاسی خودا دەکەم کە خانووەکە هی خۆمان بوو و کرێچی نەبووین.

لە ڕۆژانی خوێندنماندا من و خوشکە بچووکەکەم تەنها هەزار دینارمان دەبردە دەوام و جاری واش هەبوو دایکم سێوێکی بۆ کەرت دەکردین نەیدەگوت پارەمان نییە دەی گوت بۆ نەخۆشی و گەشە باشە و براکەشم کە لە ئێمە گەورەتر بوو دوای ئەوەی مەکتەب تەواو دەبوو خێرا ڕای دەکرد بۆ بازاڕ و پێڵاوی بۆیە دەکرد باوکم نیگەران دەبوو بەڵام ئیتر ژیانی ئێمە وا بوو , چونکە من گەورەتر بووم لە خوشکەکەم هەندێک جار دەمتوانی بەرگەی برسێتی بگرم و ئەو پارەی لاشم بوو دەمدایە ئەو ئەم گوت برسیم نییە هەندێک جاریش توند دەستم بە سکمەوە دەگرت لەبەر برسێتی دایکی داماویشم نانی بۆ ماڵ دەکرد و هەندێک جاریش خەیاتی دەکرد ئەمشەوەم هەرگیز بیر ناچێت کە لە دیار فانۆسێکەوە دانیشت بووین باوکم دەستی کرد بە چیرۆک گێڕانەوە کاتێک باسی پێغەمبەر ئەیووب (علیە سلام) دەکرد چەندە پیاوێکی ئارام گر بووە دەرد و بەڵای زۆری بەسەر هاتووە کەچی لە خودا بێ ئومێد نەبووە , ئەم چیرۆکانەی باوکم بۆ ئێمە وەک ئومێدێک وا بوو دووبارە خەندەی دەخستە سەر لێومانەوە لە کاتی نوێژی بە کۆمەڵ سوپاسی خودامان دەکرد بەوەی کە هەمانە بۆ جارێکیش بێ باوکم نەبینیوە کە گلەی بکات لەو ژیانەی کە تێیداین پیاوێکی نوورانی بوو , هەندێک جاریش هێندە بە خراپی دڵم دەشکا کاتێک هاوڕێکانم دەیان گوت کچی کار گوزاریت شەقامەکەیە بە چاوێکی کەم سەیریان دەکردین بەڵام

من شانازی بە باوکی خۆمەوە دەکەم کە باوکم دەهات بۆ لای مامۆستاکانم دەستەکانیم ماچ دەکرد و ئەویش دەستی بەسەرم دا دەهێنا و گوێی خۆمان کەڕ دەکرد بەرامبەر بە قسەی خەڵکی کە وەک خەنجەرێک وا بوو لە دڵی ئێمەیان دەدا , شەوان نزام دەکرد و سوپاسی خودام دەکرد دەمزانی ڕۆژێک بەهۆی خوێندنەکەمەوە دەبمە فریادڕەسی خێزانەکەمان بەڵام بەداخەوە کە کۆچی دایکم تەواوی ژیانمی وێران کرد زۆر جار لە ڕێی مەکتەبەکەوە من و خوشکم دەچووینە سەر گۆڕەکەی و تێر دەگریان بە نهێنی بێ ئەوەی باوکم بیزانێت دەمەوێت بڵێم دایە ماڵە بچووکەکەمان بێ تۆ چۆڵە وەک جاران خۆشی نەماوە باوکیشم بیرت دەکات ئەو نیسکی پوورم بۆمان لێ دەنێت وەک نیسکەکەی تۆ تامی نییە.

مردنی دایکم دوو هێندەی تر هەژارتری کردین وەک بێ کەسێکمان لێ هات بوو باوکیشم دڵتەنگی پێوە دیار بوو ئاگام لێ بوو شەوانە دەگریا بۆ دایکم لە خودا دەپاڕایەوە ئەی گوت ئەگەر لەبەر ئەم ئەمانەتە نەبێت دەمەوێت بێم بۆ لای تۆ بەڵام منداڵەکانم بە جوانترین شێوە بەخێو دەکەم.

باوکم کوڕی پیاوێکی زۆر دەوڵەمەند بووە لە ڕابردوودا بەس لەبەر ئەوەی عەشقی دایکم کوێری کرد بوو ئامادە بوو واز لە هەموو شتێک بهێنێت لەبەر دایکم ئێستاش ئەم گریانە بە کوڵەی شەوانەی باوکم بیر ناچێتەوە چ ئاگرێک لە ناخی هەڵگیرساوە , سەرەڕای ئەم شتانە باوکم بەردەوام بوو لە چیرۆکی پێغەمبەر ئەیووب (علیه سلام) هەموو کاتێک بیری دە هێنای ناینەوە کە دەبێت ئارام بگرین و خودا بەندەکانی تاقی دەکاتەوە .

ئەم ساڵە ویستم واز لە خوێندن بهێنم لەبەر ماڵ بەڵام باوکم ڕێگەی نەدا ڕازی نەبوو گوتی دایکت دەیەوێت بخوێنیت بە کوڵ دەستم کرد بە گریان باوکم لە باوەشی کردم هەستم بە گەرمی هەناسەکانی دەکرد بە زۆر خۆی گرت بوو پوورە (زاریێ) خواردنی بۆ حازر دەکردین و بۆی دەهێنایین ئاگای لێمان دەبوو چەند ساڵێک وا تێپەڕی تا چوومە پۆلی دوازدە ئەمساڵ کۆتا ساڵم بوو دەمزانی دوای ئەم ساڵە ژیانێکی نوێ چاوەڕێم دەکات پێشبینییەکەشم ڕاست بوو کاتێک لە کۆلێژی ئاداب وەرگیرام بەڵام نەهامەتیش دەستی پێ کرد ئەویش ئەوە بوو کە ( ئازاد ) کەوتە داوی خۆشەویستی منەوە بەڵام بیرم لە ژیانی باوکم و خوشک و براکەم دەکردەوە هەرچەندە دەرگای بەرەکەت بە ڕووماندا کرا بووەوە کاتێک براکەم لە کارگەیەک ئیشی دەکرد و پارەیەکی باشی دەست کەوت و خانوو و ماڵی گۆڕی و ژنیشی هێنا

باوکیشم خانەنشین بوو بە یادی چوون بۆ لای لەیلاکەی هەناسەی دەدات و چاوەڕێی خودای دەکرد پێی بگەیەنێت , منیش بەڕاستی عاشقی ئازاد بووم کوڕێکی ئیماندار و ژیر دیار بوو هەرچەندە ئەی گوت دایکم ڕازی نابێت بەڵام من ئامادەم هەموو شتێکت بۆ بکەم بیری چیرۆکەکەی باوکم و دایکم کردەوە کە چۆن بە یەک گەیشتوون و منیش هەمان ڕێچکەی خۆشەویستی ئەوان دەگرم, زۆر جار ماڵی ئازاد فشاریان دەکردە سەر بەڵام چونکە تاقانە بوو نە یان دەتوانی دەستبەرداری بن بۆیە ڕازی بوون هاوسەرگیری لەگەڵ بکەم بەڵام بە مەرجێک لەو ماڵە ببین بە هەر جۆرێک بێ هاوسەرگیریمان کرد زۆر دەمویست لەگەڵیان ڕابێم و منیان خۆشبووێت بەڵام بێ سوود بوو خەسووم زۆر ڕقی لێم بوو هەموو شتێکی دەکرد تا من ئازار بچێژم ئازاد بەم شتانەی دەزانی تەنها ئەی گوت ئارام بگرە کاتێک باوەشی پێدا دەکردم و نێو چەوانی ماچ دەکردم ئیتر هەموو شتێکم بیر دەچووەوە ئەم گوت لەگەڵ ئەو دڵخۆشم ئیتر چ حەقم بە خەڵک دایە هەر چی دەڵێن با بیڵێن , , زۆر بوختانیان بۆ دەکردم تا من لەبەر چاوی ئازاد ناشیرین بکەن بەڵام ڕۆژ بە ڕۆژ خۆشەویستی ئێمە زیادی دەکرد کاتێک بێتاقەت بام هەوڵی دەدا قسەی خۆشم بۆ بکات و بە پێکەنینم بخات بوونی ئەو بەس بوو بۆ من شوکر بۆ خودا دوای ساڵێک دووگیان بووم کاتێک ئەمەشم پێ گوت زۆر دڵخۆش بوو دڵی پڕ بوو دەگریا گوتم ان شاءالله دەبێتە خێر و بەرەکەت بۆ ماڵمان بەڵام پێچەوانە بووەوە زیاتر و زیاتر خەسووم ڕقی لێم بوو حەزی دەکرد منداڵمان نەبێت تا ژنێکی تر بۆ ئازاد بهێنێت هەندێک جار بە ئەنقەست ئازاری دەدام و ئیشی پێ دەکردم تا من ماندوو ببم و گلەی و نا ڕەزای دەر ببڕم لای ئازاد ناشیرینم بکات , ڕۆژێکیان لەسەر پلی کانە کان وەستا بووم و تەلەفۆنم دەکرد خەسووم ویستی لە دواوە پاڵم پێوە بنێت و بکەوم بەڵام خۆی کەوت خێرا تەلەفۆنم بۆ ئازاد کرد و بردمانە نەخۆشخانە زۆر نیگەران بووم ترسام دوای کە هەڵ سێتەوە بڵێتە ئازاد من پاڵم پێوە ناوە , دوای چەند پشکنینێک بۆمان دەرکەوت کە خەسووم لە ترسا تووشی شەلەل دەماخ بووە و ناتوانێت بجووڵێت و قسە بکات , بێتاقەت بووین بەڵام قسمەت وا بوو وەک دەڵێن چاڵ بۆ کەسێک هەڵکەنی خۆت دەکەویە ناویەوە خەسووشم بەم جۆرەی لێ هات , لەبەر ئازاد بەخێوم دەکرد و خزمەتم دەکرد هیچ ڕقێک لە دڵمدا نەبوو بە خودا چونکە من دایکم نەما بوو بە چاوی دایکی خۆم سەیرم دەکرد و ڕۆژێکیش خراپ نەبووم لەگەڵی ئێستا چوار ساڵ تێپەڕ بووە بەسەرم ئەم ڕووداوە سوپاس بۆ خودا منداڵێکی جوانم هەیە و ژیانم خۆشە خەسووشم وردە وردە باشتر

دەبێت , بۆیە پێتان دەڵێم هەرگیز بێ ئومێد مەبن لە ڕەحمی خودا هەژاری هیچ عەیبێکی تێدا نییە ڕۆژێک دێت خودا دەرگای ڕۆزیت و ڕۆزیتان لێ دەکاتەوە , ئەگەر کەسێک خراپەی بەرامبەر کردن هەمیشە باش بن و وەک ئەو مەبن .

**سەرنج :**

چۆن گومان بە خودا ببەیت , خودا بەم جۆرە دەبێت لەگەڵت

ئەو کەسانەی بە ئازارەوە گەورە دەبن

کەسانی بەهێز و مەزن دەردەچن

ئەگەر کەسێک خراپەی بەرامبەر کردی

تۆش خراپ بیت لەگەڵی

ئەوە ئێوە هیچ جیاوازییەکتان نییە لەگەڵ یەک



## چیرۆکی یازدەم

## کچــێک بــــەرەو دۆزەخ

من کچێکم پڕ لە تاوان گوناهـ جاران کچێکی پاک بووم بەڵام ژیان زۆر خراپ پیسی کردم , سەرەتای تەمەنی لاوی بووم دڵم بە دونیا زۆر خۆش بوو وام دەزانی دڵخۆشترینم , جوانییەکەم ڕادە بەدەر بوو بۆیە لەخۆبایی بووم ئەمەش وای کرد تووشی هەڵبێم زۆر جار دایکم پێی دەگوتم ئاخیرت خێر بێ کچم ئەوەندە بە خۆت دەنازی منیش پشت گوێم دەخست و پێ دەکەنیم لە مەکتەبیش لەگەڵ جۆرە کچانێک بووم کە لە خانەوادە دەوڵەمەند و دیارەکان بوون هەستان و دانیشتنمان سەرەتا نیگەرانی دەکردم چونکە هاوڕێیەتی کوڕیان دەکرد , دڵتەنگ دەبووم ڕاستە لووت بەرز بووم بەڵام واتای ئەوە نەبوو هێندە نەفس نزم ببم و ڕووو بدەمە کوڕ , کچەکان زۆر جار دەیان گوت ڕابوێرە دونیا ئەوە ناهێنێت بە خودا تۆ قەیرە دەبیت ئەم قسانە مێشکیان تێک دەدام شەوێکیان زۆر بیرم دەکردەوە و دەم گوت ئەوان لەگەڵ کوڕ هاتووچۆ دەکەن و دڵخۆشن خۆ هیچ نابێت چی دەبێت ئەگەر منیش خۆشەویستی خۆمم هەبێت هێندە ساویلکە بووم وام دەزانی خۆشەویستی هەموو شتێکە بەڵام ئیتر گەنج بووم خوێن گەرم بووم مرۆڤ لە تەمەنی لاوی وای لێ دێت و دڵی بۆ ڕەگەزی بەرامبەر دەچێت هەر چۆنێک بوو خەوتم تا چەند ڕۆژ مێشکم ئاڵۆز بوو بوو ئەم قسانە و لەگەڵ نەفس و ویژدانی خۆمدا بە شەڕ دەهاتم , دوای چەند هەفتە ڕۆژێکیان لەگەڵ کچەکان چووین بۆ کافێیەک لە ڕاستیدا بە دڵم نەبوو زۆر لە دیسکۆ و نادی دەچوو شوێنەکە, ئارام نەبووم دەمزانی شتێک چاوەڕێم دەکات نەگبەتییەک دەمدۆزێتەوە لەم شوێنە پیسە (سارا) گوتی بۆ وا ڕەنگت زەرد بووە کچم دەڵێت منداڵی یەکەم جارە هاتووی بۆ شوێنێک کچەکانی تریش لەم لاوە دایان لە قاقا و منیش لەگەڵیان پێ کەنیم نەمزانی کۆتا پێکەنینم دەبێت لە ژیانمدا و ئیتر بەرەو دڵتەنگی و گوناهـ و تاوان و گریان و ڕۆژە خراپەکانی ژیانم دەرۆم خۆزگە ئەم ڕۆژە دەمردم و نە دەکەوتمە ئەم گێژاوە , چەند کوڕێک هاتن هاوڕێ کچەکان بوون و دەستیان کرد بە قسە و گاڵتە و سەر و شێوەیانم بە دڵ نەبوو دەمزانی کەسانی خراپن هەوڵمدا هەستم بەڵام بێ سوود بوو کوڕێکی تێدا بوو چاوی لەسەرم لا نەدە برد بەڵێ ئەم کوڕە وەک شەیتان بوو , داوای خواردن و شتیان کرد و من گوتم هیچم بۆ ناخورێت بەڵام بە زۆر شەربەتێکیان بۆ هێنام هەر ئەم کوڕە چوو وەری گرت و بۆ هەمووانی هێنا من چۆن بزانم کە دەرمان تێ دەکاتە ناوی و ئاڵوودەم دەکات سەرم گێژی دەخوارد و بەس باش بوو چووینە ماڵەوە و خەوم لێ کەوت و دەڵێت چەند ساڵە نەخەوتووم و

خۆزگە لەم خەوەش هەڵنەدەستام , بەیانی سەرم ئێشا و بە زۆر چوومە دەوام و چاوم هەڵنەدەهات , دووبارە ئەم کوڕەم بینی لای کچەکان و بە زۆر خۆم نەجات دا بەڵام وازی نەهێنا و چاوی لەسەرم بوو و منیش خۆم لە گێلی دابوو زۆر خەوا ڵوو بووم , بۆ ماوەیەک ئەم سەر ئێشەیە بەری نەدەدام خۆشم نەم دەزانی چی بوو دووبارە کچەکان شتیان دەرۆینە دەرەوە گوتم ناتوانم زۆر نەخۆشم گوتیان جەوێک بگۆڕە باش دەبێت پێدا گریان کرد منیش ڕازی بووم دووبارە ئەم شوێنە نەفرەتیە وەک دۆزەخ وا بوو ئیتر هەمووی ئاژەڵێک بوون هەر کچێک لەگەڵ شەیتانێک قێزم لێیان دەکردەوە دووبارە ئەم ژەهرەم داوا کرد و هەمان کوڕ بۆی هێنام دەرمانەکەی تێ کرد بوو هەستم دەکرد باشتر دەبم وەک بڵێ بەم شەربەتە ڕاهات بووم و جەستەم پێوەی فێر بووە نازانم دەبێت ئەمە چی بێت ؟ بەڵام هەستم دەکرد کۆنترۆڵی خۆم لە دەست داوە بەپێی عەقڵم جووڵە ناکەم و هەستم بە دڵخۆشییەکی زۆر دەکرد چونکە مەست بوو بووم هەر ڕۆژێک دانایەکم لەم شەربەتە دەخواردەوە و ئەمجارە خۆم داوام دەکرد بڕۆم بۆ ئەم شوێنە ئەم کوڕە ئاژەڵە زانی کۆنترۆڵی خۆی کردووم لێم نزیک دەبووەوە زۆر جار کە دەهات بۆ مەکتەب دانایەک قوتووی پێ بوو لەم ژەهرە منیش دڵم بۆی دەچوو ڕۆژێک گوتی فەرموو وەرم گرت بێ ئەوەی ڕەتی کەمەوە بۆ ماوەی هەفتەیەک بوو زۆر خراپ بووم چونکە ئەم شتەم نەخوارد بووەوە بە دوای ئەم کوڕە دەگەڕام چونکە وەک جاران شەربەتی ئەم کافەیە تەئسیری نەبوو هەستم دەکرد تامی گۆڕاوە , کوڕەکەم دۆیەوە گوتی دەزانم چیت دەوێت فەرموو بیگرە گوتی بە مەرجێک هەموو ڕۆژ دەتدەمێ دەبێت لەگەڵم بێیتە دەرەوە زلە یەکم لێ دا گوتی باشە بڕۆ بەڵام تۆ بوویت بە کۆیلەی من , ڕاست دەکات من بوومە کۆیلەی ئەم ژەهرە جەستەم ڕاهاتووە لەسەری خودایە چۆن کەوتمە ئەم گێژاوە یارمەتیم بە قێز لە خۆم دەکەمەوە بێ ئەم خواردنەوەیە نەم دەتوانی ڕۆژێک بەڕێ بکەم و لەرزم دەگرت و ژێر چاوم شین دەبووەوە دایکم دەی گوت دەتبەمە دکتۆر باش دەبیت نەیدەزانی کچەکەی ئالۆودە بووە ئاخر چۆن پێی بڵێم ؟

تا وام لێ هات زۆر خراپ ببم چووم بۆ لای ئەم کوڕە بە قاچەکانی خۆم داوام لێ کرد و ڕازی بووم خۆزگە دەمردم و ئەم ڕۆژە دەچوومە ژێر گلەوە بەڵام ئەم ئاژەڵە دەستی لێ نەدا بام کچێنی منی برد ئەم پەردەی شەرەف و نامووسی کچە نەک تەنها خۆی ئەمجارە هاوڕێیە سەگەکانیشی وەک ئێسکێک وا بووم چەند سەگێک بملێسێتەوە ڕقم لە خۆم دەبووەوە نەفرەت لە هاوڕێی خراپ دەکەم ئەگەر من بە

قسەی دایکم بیکردایە هەرگیز وام لێ نەدەهات ئاخر توو خودا پێم بڵێن چ کەسێک وەک دایکە کێ وەک دایک هاوڕێی کچەکەیەتی باشی ئەوی دەوێت تا تووشی هەڵە نەبی نازانی ئامۆژگارییەکانی دایک واتای چییە کە هەموو ڕۆژێک قسەت بۆ دەکات و لێی بێزار دەبیت بەڵام دوای چی ؟ دوای چی پەشیمانی ؟

من وێران بووم کچێکم چەند ئاژەڵێک لە دەورمن دەملێسنەوە و پیس بوومە , بە چ ڕوویەک بچمە بەردەم دایکم کەچی دوای ئەم هەموو شتە هەر ئاڵوودەی ئەم ژەهرەم , دوای چەند مانگێک بە ئاگا هاتمەوە نەمزانی لە کوێ کەوتووم دەنگە دەنگ لە دەوروبەرم دەهات و کەسانێک لێم نزیک بوون هێندە ئازاریان دا بووم تا حەزی خۆیان تێر کرد بوو ئینجا منیان لە بەردەم دەرمانخانەیەک فڕێ دابوو و هاتووم بۆ نەخۆشخانە چەند مانگ بێ هۆش کەوت بووم چاوەکانم کردەوە دایکم بینی و دەگریا هاواری دەکرد کچە فریشتەکەی من چۆن وات لێ هات و خۆت وێران کرد مەگەر من چیم پێ گوتی ؟ نا دایە فریشتە نەمام ئێستا زۆر پیسم کچێکی پاک نیم.

دوای ئەوەی بە هۆش خۆم هاتمەوە تووشی شۆک بوو بووم قسەم بۆ نە نەکرا قێزم لە ژیان دەکردەوە و دڵۆپ دڵۆپ فرمێسکی پەشیمانیم دەباراند ئەم هاوڕێیانەی کە منیان وێران کرد دەبێت ئێستا چۆن بن ئەگەر من ببینن ئاوڕم لێ دەدەنەوە یان هەڵدێن و نامناسن وەک جاران دەبمەوە کچێکی پاک دەتوانم شوو بکەم و کچێکم بەبێ دەبێت خودا لێم خۆش ببێت ؟ هەزاران پرسیار منیان دەسووتاند لە ناخەوە

دکتورەکان لەگەڵ دایکم قسەیان دەکرد دەیان گوت ئەگەری هەیە چاک بێ ئەم مادەیە لە جەستەی نەمێنێت و چارەسەر بکرێت و ئاڵودەی نەمێنێت.

نەمدەزانی دڵخۆش ببم یان نا ؟ بەڵام سوپاسی خودام کرد دوای ماوەیەکی زۆر خودام بیر هاتەوە

من چۆن دابڕاوم لەم زادە گەورەیە خێزان و دۆستەکانم بە چاوێکی خراپ سەیریان دەکردم بەڵام دایکم بۆ ساتێکیش بێ پشتی بەر نەداوم خوێندنی ئەم ساڵم لەدەست دا بۆ ساڵی دواتر قوتابخانەکەم گواستەوە وماڵیشمان باری کرد چووینە گەڕەکێکی عەشایری سەیری ئەم خەڵکەم دەکرد چەندە ئاسوودەن و دڵخۆشن ئەم کچانەی لە تەمەن مندان وەک خوشک وان گرنگی بە پارە و جوانی نادەن ئەمە ژیان بوو

ژیانێکی سادە و جوان دەستم کرد بە خوێندن بەڵام گرێیەک لە دڵمدا بوو من کچێنی خۆم لە دەست داوە چۆن دەتوانم ئاسوودە ببم هەمیشە لە خودا دەپاڕامەوە لێم خۆش ببێت دەترسام ئەم خەڵکە سادەیە و دڵ پاکانە چیرۆکی من ببیستن ڕاکەن لێم , خوێندنم تەواو کرد ئەمساڵ بەڵام دڵخۆش نەبووم خۆزگە ژیانم بەم جۆرەبا و تووشی هەڵە نە بام ئێستاش فرمێسکی پەشیمانی دەڕێژم کاتێک لە پزیشکی وەرگیرام ڕۆژێک بۆ تاقیکردنەوەی عەمەلی چووین بۆ نەخۆشخانەیەک و (سارە) هاوڕێ کۆنەکەم بینی بێ هۆش کەوت بوو بەزەیم بە حاڵی دەهاتەوە زانیم ئەویش هەڵەی بەرامبەر کراوە و لە لایان پیاوەکەی لێی دراوە ئاخ (سارە) چۆن ژیانی خۆم و خۆت وێران کرد ئامۆژگاریم بۆ کچان ئەوەیە توو خودا ئاگاداری خۆتان بن هەڵ مەخەڵەتێن بە جوانی و پارە بە خودا هەمووی کاتییە هەموو شتێک بە حەڵاڵی خۆشە خۆشەویستی لەم سەردەمە درۆیە و هیچ نییە ئەگەر کوڕێک تۆی بوێت دەستی باوکت ماچ دەکات بەر لەوەی دەستی تۆ بگرێت.

**سەرنج:**

هاوڕێی باش دەستت دەگرێت , بەرەو بەهەشتت دەبات


هاوڕێی خراپیش , بەرەو دۆزەخ

هیچ دایک و باوکێک

خراپی منداڵەکانی ناوێت

هەموو کاتێک دەرگاکانی خودا

بە ڕووتدا کراوەتەوە



## چیرۆکی دوازدەم

## عــەشقێکــی پــاک

چیرۆکەکەی من لێرەوە دەست پێ دەکات کە لەگەڵ (زریان) لە یەک مۆڵ ئیشمان دەکرد و چەندین کارمەندی تر کە زۆربەمان قوتابی زانکۆ بووین لە کاتی ڕۆژانی پشوودا ئیشمان دەکرد تا بتوانین بۆ تۆزێکیش بێ قەرەبووی پارەی زانکۆ بکەینەوە من وەک فەرمانبەرێک لەگەڵ (هێرۆ) لە شوێنی ماکیاژ و پێداویستی ئافرەتان بووین دەوامەکەمان لە دوازدەی نیوەڕۆ تا هەشتی شەو بوو هیلاک دەبووین بەڵام بۆ ئێمە باش بوو لەگەڵ (هێرۆ) لە یەک زانکۆ بووین بەڵام بەشەکانمان جیاواز بوو من لە بەشی ئینگلیزی بووم واتا دەمویست کاری وەرگێڕی بکەم خێزانەکەم لە ئاستێکی مامناوەند بوو , دایکم ژنی ماڵ و باوکیشم دووکانێکی هەبوو ژیانێکی ئاساییمان هەبوو دەمویست یارمەتی باوکم بەم لە بەڕێوەبردنی پەیداکردنی بژێوی ژیانمان , من بەینم زۆر باش نەبوو لەگەڵ کوڕ حەزم لێ نەبوو زۆر تەداخولیان بکەم تەنها سڵاومان هەبوو بەڵام (هێرۆ) پێچەوانەی من بوو لەگەڵ زۆربەیان هاوڕێ بوو زۆر جار پێم ئەوت ئاگادار بە تووشی هەڵە نەبی هەموو جارێک بە گاڵتەوە جوابی دەدامەوە ئەی گوت دەمێکە ئەو قۆناغەم بە ڕێ کردووە , زۆر کوڕ دەیانویست لێم نزیک ببنەوە بەڵام من بەو دڵە ڕەقەمەوە ڕووم نە دەدایە هەموویان دەمزانی لەگەڵ خێزانی ئێمە ناگونجێت لەگەڵ کوڕدا تێکەڵاو ببم بۆیە خۆم بە دوور دەگرت وا باشتر بوو تاقەتی کێشەم نەبوو دەچووم بۆ ئیش و دەگەڕامەوە,

تازە بوو دەوامان دەست پێ کرد بوو سەرەتا زۆر شەرمم دەکرد و شڵەژاو بووم یە کەم جارم بوو هەوڵمدا خۆم ڕابهێنم ئەو شەرمەم نەمێنێت , زۆربەی کاتەکان وام دەزانی هەموو خەڵک سەیرم دەکەن لە ترسی لە دەست دانی ئیشەکەم گوتم دەبێت باشتر ببم ئاگام لە جموجۆڵەکانم بێ , خۆم خەریک کرد بوو بە ڕێکخستنی دووکانەکە و (هێرۆ)ـش کچێکی هار بوو دەچووە ئەم لا و ئەو لا لەگەڵ کوڕ دەیان کرد بە گاڵتە و پێکەنین پێم ناخۆش بوو دەترسام بکەوێتە داوی کوڕەوە , تا ڕۆژێک لە بەرامبەرمان کۆمەڵێک کەل و پەلی مۆبایل و لاپتۆپ دانرا گوتیان ئەم دووکانە تازەیە بەرگی مۆبایلی تێدا دەفرۆشێت دوای سەرنجی زۆر هەر لە پشتەوە کوڕێکی قەمیس سپی و باڵابەرزم بینی سەری خوار کرد بوو لەسەر چۆک دانیشت بوو خەریکی کارتۆنێک بوو ئەمڕۆ یەکەم ڕۆژ بوو دووکانەکەی ڕێک دەخست زۆر سەرقاڵ بوو تا نزیکەی بیست خولەک دانیشت بوو من لە دواوە دەمبینی دوای گوتم با خەریکی کاری خۆم ببم و موشتەری دەهات بۆ لام و بەڕێم دەکردن و جار جار سەیرم دەکرد بەڵام هەر قەمیسە سپییەکەیم دەبینی لە مەراق مابوومەوە دوای سەیرم کرد لەوێ نەما بوو گوتم دیارە

ڕۆیشتووە دوای بۆ ماوەیەکی تر لەگەڵ (هێرۆ) سەرقاڵ بووم و قسەمان دەکرد کاتێک لە ناکاو کوڕە قەمیس سپییەکە ڕوخساری بە دیار کەوت و هات بۆ لامان گوتی بە ئەرک نەبێت ئاوتان لایە ؟ (هێرۆ) بە دەمییەوە ڕۆیشت , وەک گوتم (هێرۆ) زوو لەگەڵ کوڕ ڕێک دەکەوت و کەوتە قسە و باس و منیش لە لایەکەوە جار جار لە ژێر چاوەوە سەیرم دەکردن و دوای سەیرێکی من کرد و چاوەکانی بچووک و کرد و خەندەیەکی کرد و خوداحافیزی و کرد و بەرە و لای دووکانەکەی ڕۆیشت و ڕووخۆش و دەم بە خەندە کەمێک دە ڕەقی پێوە دیار بوو (هێرۆ) بە پەلە هات گوتم کچێ چیتە؟ ئەم دڵخۆشییە گوتی کوڕێکی قۆزە وایە؟ منیش گوتم خودا لە دایکی نەسێنێت گوتی ناوی (زریان)ــە لەم دووکانەی بەرامبەرمانە دووکانی مۆبایلی هەیە گوتم ئێ دە باشە خودا کاری ئاسان بکات هەر بە بێ ویستی خۆم زۆر چاوم دەچووە سەری چەندین ڕۆژ ئەوم دەبینی میهرەبانی و ڕوو خۆش یەکەیی و گاڵتەکانی سەرنج ڕاکێش بوو و بە دەردی (هێرۆ)ــش گوتی قۆز و کەشخە بوو لە هەمووشی گرنگتر خاوەن کەسەیاتی جوان بوو کوڕێکی بە ڕەوشت بوو هەر چەندە کەمێک بوو ناسی بووم بەڵام ڕوخسارێکی وا پاکی هەبوو ڕیشی تەنکی و پێکەنینی دڵی هەموو کەسێکی دەبرد بە ئاسانی , ڕۆژ و شەومان وا بە ڕێ دەکرد زۆر سەیرم دەکرد لە ژێر چاوەوە ئەو ڕۆژانەی نەمبینی با یان بۆ ساتێک دوور با لێمەوە لەبەر چاومدا دیار نە با هەر بە دوای دەگەڕام ئیتر نازانم بە جۆرێک پەیوەستی بووم خۆشم خەریک بوو بیرم دەچوو کە نابێت متمانە بە کوڕ بکەیت , تا ئێستا نەمتوانی بوو بیناسم یان قسەی لەگەڵ بکەم چەند ڕۆژێک تێپەڕ بوو دەرفەت نەبوو بیناسم بە دوای بیانوویەک دەگەڕام حەزم بە چارەی بوو ئەو وەک کوڕانی تر نەبوو جیاواز بوو ئەگەر دەپرسن لە چی جیاواز بوو ناتوانم جواب بدەمەوە چونکە خۆشم نەمدەزانی ئەگەر ڕۆژێک دەم بە خەندە با لە خۆمەوە دڵخۆش دەبووم بەس ئەگەر تووڕە با منیش دەم و چاوم بە یەک دا دەدا , جا من لە تۆ دەپرسم جگە لە عەشق ئەمە چی ترە ؟

کاتێک لە کاتی نان خواردن دەمبینی لەگەڵ هاوڕێکانی نانی دەخوات و گاڵتە دەکات هۆش و دڵمی دەبرد زۆر جاریش کە گۆرانییەکی هەڵ دەکرد لە بەرامبەرم ئیتر دەچووە ناو گۆرانییەکەوە جووڵەی سەیری دەکرد و زۆر قشت و شیرین بوو ئەم ڕەفتارانەی هۆشی منیان برد بوو جگە لە من دڵی (هێرۆ) و کچەکانی ترشی برد بوو کە باسی ئەویان دەکرد لە ناوخۆیان غیرە ئەی گرتم زۆر جار لە ڕق ئەم گوت ئەو کوڕە بۆ ئێوە نابێت خۆتان هیلاک مەکەن تا کچی تر هەبێت ئێوەی بۆ چییە زۆر

جار ئەمان کردە گاڵتە و پێ دەکەنین ڕۆژانێکی خۆش نازانم بۆ کات زوو دەڕۆیشت شەو بە خەیاڵی ئەو دەخەوتم و ڕۆژم دەکردەوە دەمویست زوو بێم بۆ کارەکەم بیبینم هەر ڕۆژێک و زیاتری عاشقی خۆی دەکردم دەمویست لە دوورەوە هەر لێی بڕوانم ڕۆژێک لەسەر مێزێکی کافەیەکە دانیشت بوو و خەریکی کتێب خوێندنەوە بوو منیش دەستی وێنەم باشە واتا تۆزێکی لێ دەزانم ویستم بڕۆم بۆ هونەرە جوانەکان بەس قسمەت نەبوو , لە دوورەوە سەیرم دەکرد و دەستم کرد بە کێشانی وێنەکەی زۆر جوان بوو چاوە تیژەکانی لەگەڵ هەر سەیرکردنێک بێ شک عاشقی ئەم چاوە هەنگوینانە ئەبووی چاڵی ڕوومەتی کە پێ دەکەنێت ئەی خودایە, وێنەکەیم کێشا قاچەکانی لەسەر قاچ دانا بوو چاو و برۆی لە یەک دابوو دەستێکی لە ژێر چەناگە دانابوو و بە دەستەکەی تریش کتێبەکەی دەخوێندەوە وا بزانم ڕۆمانێک بوو ئیتر نیگاکانی سەرنج ڕاکێش و دڵڕفێن بوو منیش چوو بوومە خەیاڵی وێنەکەیەوە کاتێک لە پڕ (هێرۆ) هات بە حاڵ شاردمەوە خێرا هەڵم گرتووە خستمە ناو جانتاکەمەوە زۆریش دڵم خۆش بوو زیاتر بە مۆدێرنەکان دەچوو , ئەم وەسفەی من کەمیشە عاشقیت بوو بووم دەمویست قسەی لەگەڵ بکەم شەوان بە دیار ئەم وێنەی دەخەوتم چاوەکانی جوانترین بوو چەند جار هەوڵم دا بڕۆم بۆ لای یان هەر شتێکی تر قسەی لەگەڵ بکەم (هێرۆ) زۆر نزیک دەبووەوە بەڵام ڕووی نە دەدا پێی دڵم خۆش بوو و ئەویش جار جارێک سەیری دەکردم و خەندەی دەکردم ڕۆژێک بە خێرای بە ڕێگاوە دەڕۆیشتم و پەلەم بوو کە گەیشتمە دووکان (هێرۆ)ـم بینی لەگەڵ ئەو نێوانی خۆش بوو پێ دەکەنین چەند خەمم خوارد لەو کاتە بوو کە چاوی بە من کەوت و (هێرۆ) گوتی ئەمە (لەنیا) لەوانەیە نەتناسی بێت دوای دەستی کرد بە قسە کردن و من شۆک بووم کاتی قسەی دەکرد هەر لێم دەڕوانی دوای هەر ئەوەندە بوو (هێرۆ) تەلەفۆنی بۆ هات و ڕۆیشت بە تەنیا منی لێ بوو هەوڵمدا خۆم بە جل و بەرگەکان خەریک بکەم کاتێک دەنگی هات گوتی دووکانەکەتان خۆشە دڵم خێرا لێی دەدا بێ ئەوەی سەیری کەم گوتم سوپاس ئارەقەم کرد دوای گوتی ئاوێک یان ساردییەک هەیە بۆمی بهێنیت ئاوڕم داوە لە پشتم بوو شۆک بووم ئەمجارە بە ئیشارەتی دەست گوتی تینوومە گوتم ئی پێ کەنی منیش نازانم چیم بوو ئاوم بۆ برد و ئیتر ڕۆیشت گوتی خۆشحاڵم چ ڕۆژێک بوو بەس شەرمم دەکرد دوای ئەو ڕۆژە خۆم دەشاردەوە لێی نازانم بۆ بەس نەمدەویست بیبینم شەرمم دەکرد وەک جاران سەیرم نە دەکرد تەنانەت لە لای دیوار و کوچەکان خۆم دەشاردەوە لە نیگاکانی دوای چەند ڕۆژێک هاتە دووکان کە بە تەنیا بووم

پێم سەیر بوو گوتم (هێرۆ) نەهاتووە جارێ گوتی کێ دەڵێت من بۆ (هێرۆ) لێرەم ئەگەر ئەم کاتە ئەو قسەی نەکرد با گوێم لە دەنگی ترپەی دڵم دەبوو ئەوەندە خێرا لێی دەدا گوتی بۆ هەست دەکەم ڕادەکەی لە من هیچ هەڵەیەکم کردووە گوتم نا وا نییە گوتی با وایە لەو کاتەوە سەیر دەکەم تۆ وایت ئیتر (هێرۆ) بە دیار کەوت ئەمجارە خێر و بەرەکەت بوو و منیش گوتم ئەمە (هێرۆ) هات کاک (زریان) ڕۆیشتمە دەر نازانم غیرە بوو یان لە ڕقە بوو بەڵام دوای ئەمە وام هەست کرد چەند ڕۆژێکە سەیرم دەکات وەک بڵێیت بە چاوەکانی لەگەڵم بدوێ و قسەم بۆ بکات منیش وەک هەموو جارێک ڕام دەکرد و لە ژێر قژەوە سەیرم دەکرد و شەوان بە خەیاڵی ئەو دەخەوتم , نزیکەی دوو مانگ تێپەڕی بەم جۆرە کاتی دەوام هات و لەبەر ئەم هۆکارە زیاتر ماندوو دەبووم بڕیارمدا واز لە کارەکە بهێنم و قسەم لەگەڵ (هێرۆ) کرد ئەویش ڕازی بوو چەند ڕۆژێک نەچووم بۆ کار و خەریکی زانکۆ بووم بەو پارەی کۆمکرد بووەوە دەمتوانی پێی بەڕێوە بچم و هەموویم حیساب کرد بوو و تا پێم بکرێت کەمتر سەرفی دەکەم بۆ خۆم و دەیدەمە دایکم تا پێداویستییەکان بکڕێت و بۆ خوشک و براکانم جلی مەکتەب بکڕێ بە بۆنەی ئەوەی خۆم منداڵی گەورە بووم ئەرکی من زیاتر بوو و دە بایە بیرم لە ماڵەوە بکردبایەوە ئێستا من گەورەم دەتوانم خزمەت بکەم و لەسەر قاچم بوەستم ,دوای یەک هەفتە زانکۆ گوتم لە بیری دەکەم خۆم خەریکی دەرس کرد نەمدەزانی ئەویش بە دوامدا دەگەڕێت لەم هەفتەیە کە (زریان) منی نەبینی بوو ڕۆیشت بووە لای (هێرۆ) هەواڵی منی پرسی بوو ئەویش گوتبووی وازی هێناوە لەم کاتەیە (زریان) دڵتەنگ بووە نەیتوانیوە بەرگە بگرێت داوای ژمارەی مۆبایلمی لە (هێرۆ) کرد بوو ئەمیش دابووێ بەم ڕێگایە شەوێک تەلەفۆنێکم بۆ هات و سەیرم کرد ژمارەکە غەریبە جوابم نەداوە بۆ دووەم جاریش پەیوەندیم کرد دووبارە جوابم نەداوە گوتم خودا دەزانێت چ بێ ئیشێکە و چاویلکەم لە چاو کرد و خەریکی هەڵدانەوەی پەڕەی کتێبەکەم بوو کە بیرم لە (زریان) دەکردەوە لە پڕە زەنگێک لە مۆبایلەکەم هاتوو سەیرم کرد نووسرا بوو (( لەنیا من زریانم جوابم بەرەوە تکایە )) زۆرم پێ سەیر بوو ڕا چڵکام و گیانم دەستی کرد بە لەرزین مۆبایلەکەم دوور خستەوە لە خۆم و نەمدەزانی چی بڵێم دوای کاتژمێرێک کتێبەکەم بۆ نەدەخوێنرا نامەم بۆ نارد (( گوتم ناتناسم کام زریان )) دوای خولەکێک جوابی داوە گوتی (( بۆ مەگەر چەند زریان دەناسی ؟؟ )) خەندەیەک لێومی گرت و پێ دەکەنیم نەمدەزانی چی بۆ بنووسم گوتم (( زریانێکم دەناسی زریانی کەڤەر )) جوابی داوە (( بۆ من کەڤەری

مۆبایلم زریانی کەڤەر )) برانە ڕۆ زۆر پێ کە نیم بەم قسەیە گوتم (( دەتناسم )) دوای ئەمە گوتی وەرە ڤاییەر قسە دەکەین ئەمشەوە قسەمان کرد و زۆر دڵخۆش بووم تا درەنگی شەو دوای گوتم دەبێت بڕۆم ببوورە و ئەمشەوە لە خۆشیان خەوم لێ نەدەکەوت و نازانم چۆن چووم بۆ زانکۆ خۆ هۆشم بەسەر خۆمەوە نەبوو هەر چاوەڕێی نامەی بووم هەوڵمدا کەمێک خۆم بگرم ئەو نامە بنێرێت و بۆ شەو نامەی نارد و کەمێک قسەمان کرد کاتێک گوتی نەخۆشم و ڕۆیشت زۆر خەمم خوارد نیگەرانی بووم و دوعام دەکرد باش ببێت بۆ بەیانی دەنگی نەبوو چەند نامە بۆ نارد و تەلەفۆنم بۆ کرد دەنگی نەبوو ئەمشەوە بە دەم گریانەوە خەوتم و دوعام بۆ دەکرد باش ببێت زۆر بێ تاقەت و بێ هێز بووم دوای لە پڕێکە سەیرم کرد نامەی ناردووە زۆر دڵخۆش بووم بەس زۆر تۆڕە بووم هەر چەند خەمی ئەوم بوو بەس خۆم وا دەرخست تووڕەم گوتم (( ئەوە لە کوێ بوویت کاک زریان ؟ نازانی لێرە چاوەڕێت دەکەم بە هۆی جەنابتەوە خراپم )) ئەم قسانەم کرد و کاتێک (زریان) دەستی کرد بە گاڵتە و خۆی داماو قشت کرد تا من لێی خۆش ببم ئیتر گوتی دەمەوێت بەیانی بتبینم قسە بکەین منیش گوتم دەوامم هەیە گوتی باشە دێم بۆ لات و ڕێکەوتین بێت بۆ زانکۆ لە کافتریایەکە دانیشین زۆر بە پەرۆش بووم بۆ بینینی دەمێک بوو نەمبینی بوو لە خودام دەویست زوو دەرس تەواو بێ برۆم , چووم دووبارە (زریان)م بینی بە نیگا و خەندە و میهرەبانی یەکەی دڵی بردم لە شۆک مابوومەوە من عاشقی بووم زۆرم خۆش دەویست دوای چاک و چۆنی ئیش و خوێندن گوتی دەمەوێت شتێکت پێ بڵێم من ڕاست و ڕووانم وا بزانم عاشق بوومە شۆک بووم چاوەکانم زەق بوون گوتم عاشقی کێ ؟ دیسان پێکەنین گرتی گوتی عاشقی کچی ماکیاژەکە, خەریک بوو دڵم ڕابوەستێت نەمدەزانی چی بڵێم گوتی من دەڕۆم دوای لە نامەکاندا جوابم بەرەوە زۆر دڵخۆش بووم و هەستێکی خۆش باوەڕم نەدەکرد کە چوومە ماڵەوە لەم شوێن بۆ ئەو شوێن پیاسەم دەکرد نەمدەتوانی دابنیشم لە دیار ئاوێنە سەیری خۆم دەکرد و پێ دەکنیم و نینۆکەکانی خۆم دەخوارد باوەڕم نە دەکرد گوتم من چی دەکەم لێرە با جوابی بدەمەوە نامەم بۆ نارد و گوتم هاوسەرگیریم لەگەڵت دەوێت , پەیمانی تا هەتا یمان بە یەکدا ویستم سەرەتا بە (هێرۆ) بڵێم ئەو هۆکارێک بووە بۆ ناسینمان بۆ بەیانییەکەی دەرسم نەبوو بۆیە گوتم دەچم سەرێکی لێ دەدەم (زریان)ش دەبینم , کە چووم بۆ لای لە باوەشم کرد باسەکەم بۆ باس کرد گوتم من و (زریان) بە یەکەوەین وا دەر دەکەوێت (هێرۆ) پێی ناخۆش بێ زۆر گرنگیم نەدا گوتم دەچمە لای لە دووکانەکەی

(زریان) دانیشتم و دەستمان کرد بە گاڵتە و پێکەنین (زریان) خۆی وایە ڕووخۆش و گاڵتەچییە هەر کەسێک لای بێت پێ دەکەنێت و دڵخۆش دەبێت زۆر بانگی (هێرۆ)ـم کرد بە ئیشارەت بێ بۆ لامان بەڵام و تی کارم هەیە بەخیلی لێ بەدی دەکەم بەڵام گرنگیم پێ نەدا نێوانمان زۆر باش بوو لەگەڵ (زریان) هەموو ژیانم بوو بۆ ئەو دەمردم و خەیاڵمان دەکرد ڕۆژێک بەیەکەوە بەین و ئەو هاوسەرم بێ ئەمە خەیاڵی من و پاشاکەم بوو زۆر دڵخۆش بووین خەریک بوو عاشقی ژیان ببم لەبەر ئەو بێزار نەدەبووم لە قسەکردن لەگەڵی بڕیارماندا دوای خوێندن بێتە داوام ئەو خۆی قۆناخی چوار بوو لە بایۆلۆجی منیش سەرەتام بوو لە دوو بووم چاوەڕێمان دەکرد ئەم ساڵ تەواو کەین خێزانەکانمان یەک بناسن هەمیشە لە خودا دەپاڕامەوە لەگەڵی ببم تا کۆتای ژیانم بەڵام ئاخ کە قەدەر دووری کردین لە یەک ئەمەش بە هۆی خیانەتی هاوڕێ بوو کام هاوڕێش ؟ هاوڕێی ژیانم (هێرۆ) , لە سەرەتاوە باسم کرد بوو زۆر لەگەڵ کوڕ تێکەڵاو بوو لە دوایدا سەرسامی (زریان) بوو خۆی لێ نزیک دەکردەوە و بەڵام (زریان) بە ڕێزەوە قسەی لەگەڵ دەکرد و بێ ئەوەی هەستی بۆی هەبێت دوای ئەوەش کە زانی من و ئەو پەیوەندیمان هەیە زۆر گۆڕا بوو ڕەفتار و قسەکانی سارد بوو لەگەڵم (زریان)ـش هەستی پێ کرد بوو زۆر جار لەسەر ئەمە قسەمان کرد بوو نیگەران بووم دەمزانی (هێرۆ) وا ئاسان واز ناهێنێت زۆر جار بە (زریان)م ئەوت خۆت نزیک مەکەوە ئەویش ئەی گوت خەمت نەبێت من یەک عەشقم هەیە و تەواو دەستی دەکرد بە گاڵتە زۆر خەمبار بووم نازانم لە ترسی لە دەست دانی عەشقەکەم بوو یان نیگەرانی بۆ هاوڕێکەم من چۆن بزانم لە دواوە (هێرۆ) وەک شەیتان پلان دادەڕێژێت بۆ لێک کردنی من و (زریان) ماوەیەک بوو (زریان) درەنگ جوابی نامەی دەدایەوە یان دەی گوت ئیشم هەیە زۆر پەست بووم لێی توورە ئەبووم لێی , ڕۆژێک بینیم لە فەیسبووک (هێرۆ) هاوڕێی تی دەستم بە پرسیار کردن کرد لێی گوتی ئەمە ئاساییە گوتم باشە با وا بێت لەگەڵی دانیشت بووم قسەمان دەکرد و سەیرم دەکرد (زریان) شڵەژاوە و سەیری چاویشم ناکات چەند پرسیارم لێ کرد چیتە بۆ گۆڕاوی گوتی وا نییە لە خۆتەوە بە دوای دەرفەت دەگەڕام بۆ ئەوەی مۆبایلەکەی بەرم هەر ئەوەندە بوو (زریان) ئیشی هەبوو گوتی چاوەڕێکە دێمەوە دەرفەتێکی چاک بوو مۆبایلەکەی جێهێشت منیش دەستم بۆ برد بە ترسەوە سەیرم دەکرد نەکات شتێک بی بە دڵی من نەبێت نامەی (هێرۆ)ـم بینی کە بۆی نارد بوو بیرت دەکەم خۆشەویستم کەی دێی بۆ دووکان و چەند وێنەیەکی خۆی نارد بوو

ویستم سەیری نامەکانی پێشووتر بکەم بەڵام سڕابوونەوە نەمدەزانی لەو کاتە چی بکەم زۆر خەمبار بووم و خەریک بوو دڵم دەربێت کاتێک (زریان) هات سەیرم کرد و گریام و گوتم ئەمە چییە ئەو نامانە لەبەر ئەوە گۆڕایت تۆم خۆشویست پێم گوتی هەموو ژیانم بۆ ئەو ژیانەت لێ تاڵ کرم چیت پێ بۆڵیم ئاخر ئەی ویست قسە بکات ڕێگەم نەدا بە دەم گریانەوە قسەم دەکرد گوتی عاشقتم تا هێزم هەبوو زلە یەکم لێدا و ڕۆیشتم ژیانی من لێرەوە کۆتای هات نە جوابی نامە نە جوابی تەلەفۆنم نە ئەداوە لە ژوورەکەم دەگریام خودا دەزانێت چۆن ڕۆژ و شەوم بەڕێ کرد لە ناو تاریکی نوقمی گریان بووم ئەو کەسەی عاشقی ژیانی کردم ئێستا بووەتە هۆکارێک تا عاشقی مردن ببم , نەفرەت لە هاوڕێ و عەشق ڕقم لێیانە من چ تاوانێکم هەبوو جگە لەوەی عاشقی پیاوێک بووم زۆرم خۆشەویست خۆم لە هەموو شتێک بە دوور دەگرت جگە لە گریان هیچ چارەیەکی ترم نەبوو هاوڕێکەم کە خوشکم بوو لەگەڵ خۆشەویستەکەم چ خەمێکە خودایە کەس نەیبینێت چەند مانگێک تێپەڕی هیچ هەواڵیم نەدەزانی ژمارەکەم گۆڕی بوو و ئەکاونتەکانیشم داخست بوو چەند جارێک (هێرۆ)ـم بینی بەڵام ڕووم تێ نەدەکرد و دەڕۆیشتم هیچ هێزم نەما بوو لە گیانی خۆم بێزار بووم ئەم ویست بڵێمە دایکم کچەکەت وا دەمرێت و ئازاری هەیە بەرگە ناگرم , ڕۆژ بە ڕۆژ هەستم بە سیستی و لاوازی جەستەم دەکەم فرمێسک و دوعاکانی دایکم دەبینی بۆ کچەکەی بێ ئەوەی بزانێت چیتی تەنها دوعای بۆ دەکرد نانم بۆ نە دەخورێت و وزە لە گیانم نەما بوو نەمدەتوانی وەک جاران ئیش بکەم تا ڕۆژێک لە هۆش خۆم چوو بووم منیان برد بۆ نەخۆشخانە کاتێک بە هۆش خۆم هاتمەوە نەمدەزانی چی ڕووی داوە یان دکتۆرەکان چیان گوتووە بە دایکی داماوم وا دەگرییێت دایکم لە باوەشی کردم وەک ئەو دایکانەی باوەش بۆ مردنی ڕۆڵەکەیان بکەنەوە لە دوا ساتەکاندا زانیم گورچیلەم لە کار کەوتووە , خۆشم باوەڕم نە دەکرد شۆک بووم ئەی (زریان) عەشقی تۆ چی لێ کردم ئەسڵەن بە خەیاڵم نەدەهات مردنی من کەیە و لە کوێیە ؟ من (زریان)ـم لە دەست دا خۆ لە دوای ئەو وەک مردوو دەژیم چیم داوە لە ژیان خۆزگە زووتر دەمردم خەمی خۆم نەبوو بەڵام خەمم بۆ ئەم پیرە دایک و باوکە دەخوارد کە چاوەڕێی مردنی کچەکەیان دەکەن و جەرگیان دەسووتێت دڵی دایکم ئەداوە ئەم گوت دایە وا زوو جێتان ناهێڵم ئەی من کچە حەوت ڕۆحەکەی تۆ نیم ئەها تۆ بە منت ئەوت هیچت لێ نایەت ئێ من باشم چۆن جێت دەهێڵم وا ئاسان بەم قسانە دایکم زیاتر برینی دەکولاوە دەستی دەکرد بە گریان و خوشک و براکانم لە

دەورم کۆ دەبوونەوە بەزەیان پێم دادێتەوە بۆیە ڕوویان خۆشە لەگەڵم ئەوانیش دەزانن ئەمرم بۆیە نازم هەڵدەگرن بە خۆمم ئەوت (لەنیا) بە خودا مردنت نزیکە بۆیە ئەم خەڵکەت لێ کۆبوونەتەوە چەند خۆشەویست بوویت , ئەگەر مرۆڤ بزانێت دوای ئەوەی نەخۆش دەکەوێت خۆشەویست دەبێت و نازی هەڵدەگیرێت ئاواتی دەخواست هەموو ڕۆژێک نەخۆش بکەوێت ئیتر تا شتێکت لێ نەیەت قەدرت نازانن , لە نێو ئەو قەرەباڵخ یە بۆنی بێکەسی دەکەم (زریان) دەبێت چی بکات؟ نامەیەکی دوور و درێژم بۆ ئەکاونتەکەی نارد چونکە لام بوو سەیری وێنەکەیم کرد وەک جاران چاوەکانی پێ نەکەنی ئەم خەندەی جارانی نەما بوو ویستم لە دوا ساتەکانم ببینم و بە سەرشۆڕ یەوە سەیرم کات هەر چەند ئێستاش عاشقی ئەوم , شەوێکی تاڵ و تاریکی و سامناک بوو یەڵدا بوو بە چاوی فرمێسک و سەیر کردنی ئەو وێنەی کە بۆم کێشا بوو بە دەستە لاواز و سستەکەم دەستم کرد بە نامە نووسین بۆی نووسیم (( وەرە ئەو کچە ببینە کە خیانەتت لێ کرد سەیر بکە دەمرم دڵخۆشی ئێستا ؟ ئەی بیری من ناکەیت ؟ نەک دڵ تۆ ژیانیشت بردم کاتم کەم ماوە ئاواتەخوازم بۆ کۆتا جار بتبینم لە دوا ساتی ژیانم تۆ لام بی وەک ئەو دوعای کە ئەمان کرد لە باوەشی یەکدا بمرین وەرە ئەم ئاواتەم بەدی بهێنە نازانم هاوسەر یان منداڵت هەیە یان نا بەڵام دەمەوێت ناوی یەکێک لە منداڵەکانت ئەو ناوە بێ کە هەڵمان بژارد قسەیەک بکەم ئێستاش عاشقی تۆم ! جگە لە عەشق بوون من چ هەڵەیەکم بەرامبەرت کرد چۆن دڵت هات خیانەتم لێ بکەیت من دڵم دا بە تۆ و تۆش وێرانت کرد بیرت دێ ئەم شت یا خودا مەرگم پێش مەرگت بکەوێت ئا ئەمە ڕۆژەکەیە بەس یەک داوام هەیە دەمەوێت بۆ کۆتا جار لام ببیت و ))

هەنسکی گریانم دەهات و دایکم هات بۆ ژوورەوە لە باوەشی کردم و گوتی تێ دەپەڕێت هەموو شتێک , نازانم کەی بوو خەوم لێ کەوت و سەرم ژانێکی زۆر دەکرد لەبەر گریان بوو و نەمدەزانی ئەگەر سەیری مۆبایلم کەم نامەکانی دەبینم یان نا دەترسام زۆر , تا شەو نەمتوانی بڕۆمە خەت لە ترسان و لە نەخۆشخانە بووم ئامادە کاریان دەکرد بۆ نەشتەرگەری و چەند منداڵێکم بینی کە قژیان نەما بوو و ڕەنگیان زەرد بوو بەڵام پێ دەکەنین و زۆر بەهێز دیار بوون ئومێدیان بە ژیان مابوو دیمەنێکی جوان بوو تۆ بزانی نەخۆشی و بەڵام لە خەندە و گاڵتە نەکەویت ئەگەر منیش منداڵ بام وا بەهێز ئەبووم, زۆر جا بچووکەکان فێرە ژیانت دەکەن و پێت دەڵێن ژیان بەردەوامە و کۆتای نایەت لە ژوورەکەم چەندین دایک و منداڵ و گەنجی نەخۆشم بینی کەسانێک دەورەیان لێدا بوون و دڵیان ئەداوە لەو کاتە لە

مانای خێزان تێ گەیشتم لەم ماوەی تووشی نەخۆشی بوومە فێرە زۆر شت بووم , خێزان واتای چییە هەست و سۆزی مرۆڤ و سیلەی ڕەحم و مردن و ئارام گرتن و هیوا و ئومێد و بەهێز بوون , لەو کاتەدا هەناسەیەکی قوولم هەڵکێشا کاتێک کوڕێکی گەنجم بینی دڵی خۆشەویستەکەی دەداتەوە (زریان)م بیر هاتەوە دەستم بۆ مۆبایل برد سەیرم کرد وەک هەمیشە چەندین نامەی نارد بوو و لە خەمی مندا بوو و ئێستا هەناسە بە ئاسوودەی دەدەم جوابم داوە لە کوێم و لە چ حاڵێکم گوتی دێم بۆ لات لەو کاتە سەرم خستە سەر سەرینەکەم کە گوێم بۆ گفتوگۆی دایکم و دکتۆر ڕاگرت بوو کە ئەی گوت کەسێکمان ئەوێت گورچیلەی پێ ببەخشێت ئێوەش ناتوانن چونکە لە تەمەن لاتان داوە چاوەکانم داخست و چ هەستێکە گوێ بۆ مردنی خۆت ڕابگریت دەبێت کێ گورچیلەی خۆیم پێ ببەخشێت و منی وا خۆش بوێت , خەوم لێ کەوت و هەستامەوە کاتێک ئاوڕم داوە لەم دیوە دایکم دانیشت بووە کوڕێک لە بەرامبەریەتی قەمیس سپی وەک یەکەم جار پشتی (زریان)ـم بینی نەمدەزانی لەو کاتە هەڵوێستم چی دەبێت دەگریم یان پێ دەکەنم و دەبم دایکم ئیشارەتیکی کرد و (زریان) ئاوڕی داوە بە چاوی گریان و میهرەبانی و بێ دەسەڵاتی سەیری دەکردم بە پشت دەستی فرمێسکی چاوی سڕی و لەسەر چۆک کەوت و منیش لەسەر قەروێلەکە بووم و فرمێسکەکانی ئەوکەوتنە سەر دەستم و ڕقم لێی بوو بەس چ ڕقیک دەمویست توند لە ئامێزی بگرم و تا چەند ماوەیەک بەم جۆرە ئەگریا و دایکیشم بەرگەی نەگرت و ڕۆیشت دەستمان کرد بە قسە لەو ماوەیە چۆن بووە وتی بۆ جێتهێشتم و گوێت بۆ ڕانەگرتم نەتهێشت ڕوونی کەمەوە بۆت وتم چی ڕوون دەکەیەوە خیانەتەکەت؟

گوتی خیانەت نەبوو من جوابی ئەوم نەداوەتەوە چەند جارێک نزیک بۆوە ڕام کردووە نامەی دەنارد جوابم نە دەداوە بۆیە گۆڕام ترسام پێت بڵێم نێوانی تۆ و ئەو تێکبچێت ئەو وەک خوشکت وابوو دڵنیام تۆ خراپ ئەبووی یان باوڕت بە من نە دەکرد چەند جار نامەم بۆ ناردی و تەلەفۆنم بۆ کردی گوێت بۆ من ڕانەگرتم ڕەقەمت گۆڕی و نەمتوانی تۆ بدۆزمەوە نەدەکرا بێمەماڵیشتان و نەشمدەویست هەواڵت لە (هێرۆ) بزانم چونکە نێوانتان نەبوو لە دوای ئەوە ڕۆیشتم لەم دوکانە چەند سالە ئازاری دووریت دەکێشم و بۆت دەگریم ناتوانم لەبیرت کەم دوای ئەم قسانە سەری خستە نیوان دوو دەستیەوە و دەگریا و منیش دەگریام لەگەڵی, وتم تازە درەنگە ئەم باسانە چوونکە من دەمرم سەری شۆڕ کردووە چاوی نوقمی خوێن و گریان بوو گوتی وا مەڵێ جاری زووە دەزانم تۆ جێم ناهێڵیت و بەیەکەوە دەبین و

هاوسەرگیری دەکەین منیش بە ئاخێکەوە گوتم ئەی چی لە دوو گورچیلەی وەستاوم دەکەیت ؟ دوای چەند خولەکێک گوتی تۆ بخەوە من لێرە دەبم و چاوم داخست دوای ئەو ماوە دوور و درێژە بە ئاسوودەی خەوم لێ کەوت و دوای ئەوە هەستامەوە لە لامەوە (زریان)ــم بینی و باوکم و دایکم لە لایەکی تر گوتم ئێستا بە دڵخۆشی دەمرم کەسە خۆشەویستەکانم لە لامن ڕەنگیان گۆڕا و بێ دەنگی ژوورەکەی داپۆشی کاتێک دکتۆر هات گوتی کەمێکی تر نەشتەرگەرییەکە دەکرێت بەلامەوە سەیر بوو چۆن دەکرێت گوتی کەسێکی خۆبەخش گورچیلەکەی دەبەخشێت بە تۆ دەبێت کێ بێت ئەم کەسە ویستم ببینیم گوتیان خۆی ئامادە دەکات ناتوانیت بیبینیت نەمدەزانی هۆکاری ئەو بێ دەنگ یە چییە گوتم خودا پاداشتی باتەوە گیانی مرۆڤایەتی هەر ماوە بەنجەکەیان هێنا و جلی نەشتەرگەریم لەبەر کرد خۆم دەمزانی ئەمرم و نەجاتم نابێت بۆیە بە چاوێکی خەمبار یەوە سەیریانم دەکرد و دایکم و باوکم ماچیان کردم و (زریان)ـیش بەرگەی نەگرت و فرمێسک لە چاوی هات منیش توانام نەبوو قسەی لەگەڵ بکەم تەنها گوتم خودا ئاگادارت بێ لە جیاتی منیش , ڕووبەڕووی مەرگ بوومەوە کۆتا هەناسەکانی ژیانم دەدا نەمدەزانی دوای ماوەیەک تر چیم لی دێت و نادیار بوو ژیانم دوای نەشتەرگەری و چەند کاتژمێرێک لە نێوان مردن و ژیان ببەرە هۆش خۆم هاتمەوە دوای ڕۆژێک ئاگاداری خۆم بووم و هەموویان دڵخۆش دیار بوون و فرمێسکی خۆشیان دە ڕێشت بەلام (زریان)ــم نەدەبینی بە دوای دەگەڕام کاتێک پرسیارم کرد لە دایکم سەیری قەرەیۆڵەکەی تەنیشتمی کرد و منیش ئاوڕم داوە ڕوخسارە پاکەکەی (زریان) ـم بینی کە لە جێگا کەوت بوو و کانولە لە دەستی بوو بێ هۆش کەوت بوو دایکی لەسەر سەر یەوە وەستا بوو دڵم خەریک بوو دەربێت توانای قسە کردنم نەبوو نەمدەزانی چی بەسەر هاتووە , دایکم دەستی بەسەردا هێنام گوتی چاوت دابخە هەردووکتان باش دەبن بێ هۆش کەوتمەوە , دوای چەند کاتژمێرێک بە ئاگا هاتم گوێم لە دەنگە دەنگ بوو دکتۆرم بینی دەی گوت باشن و باشتریش دەبن بێ خەم بن , دووبارە سەیری (زریان)ــم کرد بە خەندەیەک لە جێگاکەی سەیری دەکردم گوتی ئازارت هەیە ؟ سەرم جووڵاند گوتم نەخێر تۆ چیتە ؟ بەر لەوەی وەڵام بداتەوە دکتۆرەکە قسەی کرد گوتی ئەوە پاڵەوانەکەیە کە گورچیلەیەکی خۆی داوە بە تۆ , نەمدەزانی چی بڵێم ئەو کوڕەی عاشقی بووم و بەڵام باوەڕم پێی نەکرد و جێم هێشت ئێستا ژیانی ڕزگار کردووم بێ

ئەوەی بیر لە تەندروستی خۆی بکاتەوە . دەمویست دەستەکانم بۆی درێژ بکەم و سوپاسی بکەم ئێستا من بەشێکم لەو گورچیلەیەکی ئەو لە لاشەی مندایە .

شوکر بۆ خودا بەرەو چاک بوونەوە دەچم لەسەر قاچەکانم دەوەستم و دووبارە دەستم بە ژیانەوە گرتووە و چەندین ناخۆشیم بینیوە ئێستاش لەگەڵ (زریان) ئامادەکاری بۆ هاوسەرگیریمان دەکەین و بەیەکەوە کار دەکەین و دووکانێکمان هەیە . دڵخۆشترین کەس بووم دوای ئەوەی هاوسەرگیریمان کرد بەهۆی ئەم ڕووداوە منیش گەڕامەوە بۆ لای خودا و بوومە باڵاپۆشت سوپاس بۆ خودای گەورە , دوای ماوەیەک هەواڵمان پێگەشت کە (هێرۆ) لەلایەن هاوسەرەکەی خیانەتی لێ کراوە و بەرگەی نەگرتووە و خۆی کوشتووە لەدوای خۆی کچێکی یەک ساڵەی جێ هێشتووە تووشی شۆک بووم و خەمم خوارد بەم هەواڵە بەداخەوە بۆ (هێرۆ) ماڵی ئێمەی کاول کرد و ماڵی خۆشی کاول کرد ئیتر ژیان دەوران دەورانە , لەگەڵ (زریان) خەمان خوارد بۆ منداڵەکەی ئەم داماوە چۆن بێ دایک و باوک گەورە دەبێت بە هەر جۆرێک بێت هەوڵماندا خێزانەکەی بدۆزینەوە و منداڵەکە لە ئەستۆ بگرین و بەرپرسیاریەتی هەڵبگرین , ڕازی بووین بەیەکەوە منداڵەکە پەروەردە بکەین وەک دایک و باوکێک نازی پێ دەبەخشین و لەگەڵی میهرەبان بووین خۆشمان ویست ئەو بووە بەشێک لە ژیانمان , ئەمە ژیانی من و ئەو کوڕە بوو کە خۆشم دەویست ناوی دەنێم عەشقێکی پاک چونکە چەندین سەختی و ناخۆشی و دابڕانمان بینی بەڵام نیەتمان وا بوو لە لەگەڵ یەک بین , هەر کاتێک کەسێکتان خۆویست بە نیەتێکی پاک بڕۆنە پێش لێی و نیگەران مەبن ئەگەر لە قسمەتی تۆ نووسرابێت خودا بە یەکتان دەگەیەنێت و هەرگیز خیانەت مەکەن و باوەڕتان بە یەک بێت بێ ئەوەی گوێ لە یەک نەگرن بڕیار مەدەن لەسەر ڕووداوەکان وەک (هێرۆ) لەبەر تەماعی خۆتان هەرگیز ماڵی یەکتر وێران مەکەن وەک شەیتان مەبنە کەسی سێیەم.

## سەرنج :

هەرگیز پێش ڕووداوەکان مەکەون

چاوەڕێ بکەن بزانن چی ڕوویداوە

گەر بە نیەتێکی پاک کەسێکت خۆشبووێت

نزا بکە خودا بێ هیوات ناکات

هەر شتێک بوو خێری تێدایە

نهێنیەکانتان لە دڵتاندا بهێڵنەوە

باشترە لەوەی کەسێک بیبیستێت



## چیرۆکی سێزدەم

## دیمـــەن ئافرەتێـــکی دڵ شـــکاو

هیوادارم ئەوەی من بەسەرم هات ببێتە پەندێک بۆ هەموو کەسێک , من کچێک بووم گیرۆدەی بەڵێنێکی نێوان دوو خێزان بووم ئەو کاتەی لە دایک بووم کە لە دونیا هیچ تێ نەدەگەیشتم باوکم و مامم من و ئامۆزاکەمیان لە یەک مارە کرد بوو وەک داب و نەریتێکی کۆن کە تا ئێستاش لە ناو کورد باوە تا من گەورە بووم پێیان دە گوتم تۆ بووکی (ئاراس)ـی , من هەر بە گاڵتە وەرم گرت بوو وەک برایەک سەیری (ئاراس)ـــی ئامۆزام دەکرد ڕۆژێک لەگەڵیدا نەبوومە هەر ئەم گوت کوڕە فشەیە ئەمە بە منداڵی بوو , لە مارکێتێک کارم دەکرد (عەلی) کە هەم دراوسێمان بوو هەم لە منداڵییەوە بە یەکەوەین هەستم بۆی هەبوو و زۆریشم خۆش دەویست شەو و ڕۆژ داوای ئەوم دەکرد لە خودا ئەویش بە هەمان شێوە منی خۆش دەویست ئەی گوت (دیمەن) گیان بەس با تۆزێک پارە کۆ بکەمەوە بەڵێن بێت دێمە داوات خۆت دەزانی تەنها من و دایکم و باوکم دەژین لە ماڵێک کەس نییە کار بکات لە ماڵی ئێمە توو خودا لێم تێ بگە ماڵێکی خۆشت بۆ دەکەم , ئەم گوت (عەلی) کوڕە قوربانی تۆ ببم واللە هیچم ناوێت دایک و باوکی تۆ جێگایان لەسەر سەرمە و جێگای تۆش لە ناو دڵمە بەس تۆ هی من بە هیچم ناوێت هیچ بە خودا , ڕۆژ هات و ڕۆیشت زیاتر پەیوەستی (عەلی) دەبووم ئای خودایە چەندم خۆش دەوێت ئەو فریشتەی ڕزگارکەری منە بە شەو و ڕۆژ خەون و خەیاڵم دروست دەکرد لەگەڵی , بەس تا ڕۆژێک منیان کوشت باوکم و براکەم بانگیان کردم گوتیان تۆ دەبیت بە بووکی (ئاراس) بۆ کار دەکەیت ئامۆزاکەت پارەی زۆرە پێویست ناکات گوتم چی باوکە ئەوە بە جددیتە من چۆن شوو بەو پیاوە ڕەزیل و پیسە دەکەم ئەو هەر خوێندەواریشی نییە خۆی بە پارە هەڵدەکێشێت براکەم گوتی وس بە کچێ ئەوە بەڵێنە و جێبەجێ دەکرێت ئەی دەتەوێت مامم کچەکەی نەدا بە من گوتم ها ئەفەندی خەمی خۆتە تۆش نەک من کێشەی خۆتە باوکم کورسییەکەی تێ هەڵدا گوتی ژن بە ژنی هەر دەکرێت لە بەیانی زووتر نییە واز لە کارکردن دەهێنیت گوتم باوکە توو خودا دڵت دێت وا لە کچەکەت دەکەیت؟ لێت دەپاڕێمەوە دایکە توو خودا تۆ قسە بکە دایکم قۆڵی گرتم و منی بردە ژوورەوە گوتی کچێ دەتەوێت لەو تەمەنە بە تەڵاقدانم بدەیت نازانی باوک و برات عەشایرن گوتم دایکە توو خودا تۆش وا مەکە دەمرم باشترە نەک شوو بەو (ئاراس)ـە بکەم دایکم ڕۆیشت بێ ئەوەی قسە بکات و دەستم دایە مۆبایل تەلەفۆنم بۆ (عەلی) کرد گوتم توو خودا جێم مەهێڵە بە خودا بێ تۆ ناتوانم گوتی (دیمەن) ئەوە قسەیە تۆ بەس مەگری بەیانی وەرە قسە دەکەین باشە گیان تەلەفۆنم داخست ئەم شەوە هەر گریام

خودایە بۆ دەبێت من ببمە قوربانی باوکم و برام تاوانم چییە ؟ بەیانی چوومە مارکێت بە (عەلی)م گوت بیرتە باسی ئامۆزاکەمم بۆ کردی ئێستا بە زۆر دەمدەن بە شوو توو خودا شتێک بکە (عەلی) دەمرم گوتی شەیتان بە نەعلەت بکە چۆن وا قسە دەکەیت؟ من قسە لەگەڵ دایکم و باوکم دەکەم دێمە داوات بەم قسەیە دڵم ئاوی خواردەوە هەر ئەم ڕۆژە لەبەر قسەی باوکم وازم لە کار بهێنەرە بۆ ماوەیەک چاوەڕێی وەڵامی (عەلی) بووم تا نامەی نارد گوتی دایکم بەیانی دێت قسە لەگەڵ دایکت دەکات إِنْ شَاءَ اللّٰه تۆش دڵتەنگ مەبە , زۆر دڵخۆش بووم بەیانی دایکی هات چونکە دراوسێمان بوو دڵی دایکم نەرم بوو بەس باوکم و براکەم کێشە بوون بە تایبەت براکەم باوکم هەر چۆنێک بێت بە قسەی دایکم دەکات شەو دایکم قسەی لەگەڵ باوکم کرد بوو دیار بوو باوکم گوتی با بێنە پێش مادەم , براکەم گوتی باوکە ئەی من چی مامم چی باوکم گوتی تۆ بێ دەنگ بە جارێ هەر چۆنێک بێت قسە لەگەڵ مامت دەکەم زۆر دڵخۆش بووم بە قسەی باوکم بەس براکەم بە ڕقەوە سەیری دەکردم گوتی (دیمەن) خان لەسەرت ناچێت بەس ئەم کچە بۆ من نەبێت گوتم باشە چی دەکەیت بیکە , باوکم قسەی لەگەڵ مامم کرد ئەویش گوتی شتی وا نابێت تۆ برا گەورەیت چۆن لە قسەت پەشیمان دەبیتەوە باوکم زۆر تووڕە بوو بەو قسەیە گوتی واللە وای لێ هات مادەم تازە کچم نییە بۆ (ئاراس) دەمێک کردیانە موناقەشە تا ڕازی بوو براکەم ئامۆزاکەم بهێنێت بەس من بۆ (ئاراس) نابم خودایە زۆر شکور باوکم گوتی ژنەکە پێیان بڵێ با بێنە پێش بەیانی داوای بکەن چووم دەستی باوکمم ماچ کرد و هەر ئەوەندە مابوو بمرم لە خۆشیا دایکم گوتی وەرە کچم با بڕۆینە مەتبەخ هەندێک شیرینی حازر بکەین گوتی کچم تۆش دەڕۆیتە ماڵی خۆت دڵی پیاوەکەت ڕابگرە شوکر ماڵی چاکن دەمێکە دەیان ناسین بە شەرمەوە سەیری دایکمم دەکرد تا لەو کاتە (عەلی) تەلەفۆنی کرد گوتی (دیمەن) چی بووە گوتم کوڕە قوربانی تۆ و خودا ببم باشە باوکم ڕازی بوو گوتی بەیانی با بێن گوتی بە ڕاست ئەها گوتم خودا ئاسانی دەکات گوتم ئەرێ واللە , دەبێت کەی بەیانی بێت ئەمڕۆ تۆم نەدیتووە بیرت دەکەم گوتی من بیرت ناکەم ئەمڕۆ ڕزگارم بووە لە بۆڵە و غیرە کردنت گوتم ها (عەلی) ئەفەندی سەیری کچت کرد بە دڵی خۆت دەستی کرد بە پێکەنین گوتی جا دەوێرم تا درەنگ قسەمان دەکرد و دڵخۆش بووین بە دەم پێکەنینەوە ئەم شەوە خەوم لێ کەوت تا دایکم هات گوتی واللە کچ دەدەین بە شوو تا ئێستا خەوتووە وا نیوەڕۆیە هەستام و دایکم ماچ کرد گوتم قوربانت ببم جوانترین دایک گوتی ئەها لە ماستاو چەند

باشیت هەستە درەنگە شەو هات و جلێکی کوردی جوانم لەبەر کرد بەس مابوو دڵم بوەستێت ئەوەندە خێرا لێی دەدا (عەلی) و دایک و باوکی هاتن و شوکر هەمووی بە باش تێپەڕ بوو بڕیارماندا لە دوو هەفتە هەمووی یەکلای بکەینەوە , لەم ماوەیە زۆر (ئاراس)ــم دەبینی لە دەوروبەرم دەهات و دەڕۆیشت بەڵام خۆم لە گێلی دا و ڕووم نەدا پێی و هەر باسیشم نەکرد تا ڕۆژێک هاتە سەر ڕێگام گوتی ها ئامۆزا شوو دەکەیت گوتم بەڵێ کاک (ئاراس) کێشە هەیە؟ گوتی زۆر کێشەیە دڵخۆش نابیت بەڵێن بێت چارەت دەکەم گوتم کاکە بۆ واز ناهێنیت؟ دە بڕۆ بە ڕێگای خۆت تۆم ناوێت , لە فەیسبووک زوو زوو نامەی دەنارد تا بلۆکم کرد زۆر بێزار بووم لێی , ڕۆژی هاوسەرگیری هات و زۆر دڵخۆش بووم مەلاکە لە یەکتری مارە کردین و هەر بۆ دوو بەیانی دەگوازرامەوە زۆر قەلەق و دوو دڵ بووم بیرم تەنها لای (عەلی) بوو دەبێت بەم جلی زاوایە چەند جوان بێت هاوسەرێکی چەند باش بێت ؟ ئەویش دەی گوت هەمووی تێپەڕ دەبێت بەس ئارام بگرە و پشت بە خودا ببەستە کاتێک هات بە دوام بەم جل و چەپکە گوڵەوە دڵخۆشترین بووکی دونیا بووم کاتێک نێو چەوانی ماچ کردم وام زانی بەس من و ئەو هەین لەم دونیایە خودایە شوکرم , تا سێ مانگ تێپەڕی بەسەر هاوسەرگیریمان زۆر بەختەوەر بووین دایک و باوکی ئەو میهرەبان بوو ئەم گوت خودایە (عەلی) بە کێ چووە قوربانی هەموویان ببم زۆر باش بوون لەگەڵم (عەلی) بەیانیان دەچوو بۆ مارکێت و شەو دەهاتەوە من لەو کاتە لەگەڵ دایک و باوکی (عەلی) بووم زۆر باش بوون لەگەڵم هەندێک جاریش سەردانی ماڵی دایکمم دەکرد بۆ ئەم شەو سێ مانگ تێپەڕ دەبوو بەسەر هاوسەرگیریمان (عەلی) تەلەفۆنی کرد گوتی (دیمەن) تاقانەم وەرە دەرەوە سوپرازیم بۆ کردوویت گوتم لە کوێی کوڕە گوتی لەبەر دەرگا بەس تۆ وەرە کە چوومە دەرەوە سەیارەیەکی کڕی بوو و گوڵێکی سووری بە دەست بوو گوتم ئای شێتە چەندم خۆش دەوێت ئێستاش بیرم ناچێت ئەو خەندە جوانەی بۆ منی دەکرد کاتژمێر هەشتی ئێوارە بوو بیرم ناچێت هەرگیز کە دەنگی (ئاراس) هات گوتی (دیمەن) سەیرم کرد بەرامبەر (عەلی) وەستا بوو دەمانچەیەکی دەرهێنا گوتی ئەی نەم گوت دڵخۆش نابیت (عەلی) هاواری کرد گوتی (دیمەن) بڕۆ ژوورەوە زوو تا دەنگی تەقە هات و گولە بەر (عەلی) کەوت بە هاوارەوە چوومە لای قەمیسی هەموو بە خوێن بوو سەری لەسەر قاچم بوو بە هەناسە تەنگ یەوە دەی گوت (دیمەن) ئاگات لە خۆت بی بیرم ناچێت قەت ئێستاش بەو ئازارەوە دەمرم لە ناو باوەشم هاوسەرەکەمیان کوشت ئای (عەلی) بۆ

سێ مانگ منت ویست بۆ سێ مانگ لەگەڵ من بوویت بێ تۆ چی بکەم دوو ساڵ تێپەریووە تاکە شت بۆم مابێتەوە (محەممەد)ی کوڕمە ئەو بۆنی (عەلی) لێ دێت تا ئێستاش نازانێت باوکی کێیە ئاخر گوناهی من چی بوو خودایە منداڵێکی بێ باوک گەورە بکەم هەموو ڕۆژ دایک و باوکی (عەلی) لە پێش چاوم جەرگیان دەسووتێت و منیش ڕەش پۆشێکم دڵم بە هیچ خۆش نییە بەس (محەممەد)ــی کوڕم نەبێت بۆنی (عەلی) لەو دەکەم کەی بێت منیش بمرم لای (عەلی) بمنێژن زۆر جار بیر لە خۆکوشتن دەکەمەوە بەس لەبەر منداڵەکەم و دایک و باوکی (عەلی) ناتوانم ئەوان ئەمانەتی (عەلی)ــە بۆ من زۆربەی شەو دێتە خەونم دەڵێت (دیمەن) ئاگاداری کوڕەکەم بە من شوێنم زۆر خۆشە , سوپاس بۆ خودا (ئاراس) دوای ئەوەی کەوتە زیندان شێت بوو و دوێنێ بیستم خۆی کوشت هیوادارم هیچی تر کچ و کوڕەکانتان نەکەنە قوربانی دەستی داب و نەریتە کۆنەکانتان من بە گریانەوە باسی ژیانی خۆم کرد إِنْ شَاءَ اللّٰه بۆ ئێوەش دەبێتە دەرسێک تەنها داوای دوعا دەکەم لە ئێوە .

سەرنج :

هەرگیز پەیوەست مەبن بە داب و نەریت


چونکە جگە لە ئازار و شتی بێ مانە هیچی تر نییە

سەبر و ئارامیتان هەبێت , ڕۆژێک دێت

خودا تۆڵەتان بۆ دەکاتەوە

لە دونیا کێت خۆش بوێت

لە قیامەتیش لەگەڵ ئەویت



## چیرۆکی چواردەم

## دیــاری و لەنــیا عەشــق و دڵ پیســـی

زۆر جار وا دەزانن کە بە عەشقەکەتان دەگەن و هاوسەرگیری دەکەن دڵخۆش دەبن ئەی ئەگەر ئەم عەشقە نەما ئەو کات چی دەبێت ؟

ڕۆژانێکی خۆشم لەگەڵ (دیاری) بەسەر برد دوو عاشقی جوان بووین ئەگەر یەکێکمان نەخۆش با یان دڵتەنگ با یان بێتاقەت و بێزار با ئەوەی تر زیاتر خەمی دەخوارد ئەگەر لە دەرەوە باین دڵمان لای یەک دەبوو دوعامان دەکرد خودا ئاگای لێ بێت چەندین نامەی یەک لە دوای یەک بێ هەواڵی یەک بەرگەمان نەدەگرت لە دووری یەک بێتاقەت دەبووین نەمان دەتوانی بۆ چەند سەعاتێک بێ یەک ببین , بڕیارماندا لەو ماوەیە هاوسەرگیری بکەین و شوکر بۆ خودا هەر دوو خێزان ڕازی بوون کە کات و ساتی ئاهەنگەکەمان دیاری کرد و زۆر دڵخۆش بووین لە کۆتای شەوەکان دەمان گوت ئیتر پێویست بە مۆبایل ناکات لای یە دەبین و ئاگاداری یەک دەبین کەمی ماوە خەیاڵمان دەکرد چۆن بژین ماڵێکی بچووک و باخچەیەک تا منداڵەکەمان یاری تێدا بکەن منداڵێک من و تۆ دایک و باوکی ببین دەبێت چەندە جوان و میهرەبان بێ خەیاڵێک کە تۆ لە کار هاتیتەوە نانت بۆ حازر بکەم لەگەڵ باوەشی من ماندوو بوونی ڕۆژەکەت بیر بچێتەوە ژیانێک بژین کە خەم نەتوانێت دەستی پێمان بگات کە چووین بۆ دەرەوە دەستەکانمان لە ناو دەستی یەک بێت تا کەس نەتوانێت سەیرمان بکات هەموویان بزانن ئێمە موڵکی یەکین بۆ یەکین , کاتی دەستگیرانی تەواو بوو ئەڵقەمان گۆڕ یەوە وەک خەونێک وابوو خەونێک دووبارە نابێتەوە کاتی هاوسەرگیری هات جلی بووکێنیم بۆ عەشقەکەم لەبەر کرد (دیاری) بە خۆی و چەپکە گوڵەکەی هات بۆ ناو ئارێشگاکە دووبارە بە نیگاکانی دڵمی برد هەنگاو هەنگاو نزیک بووەوە نێو چەوانی ماچ کردم ئەو کات هەستم کرد تەواو بوومە هی ئەو من موڵکی ئەوم بەختەوەرترین کەسم بە چاوەکانی لەگەڵم دەدوا ئەها تاقانەم ئەم خەڵکە چەندێک دڵخۆشن بۆ ئێمە ئیتر تۆ هی منی خۆم ئاگام لێت دەبێت جوانترین بووک , بە سەیر کردنی دەچوومە ناو خەیاڵەوە ئاگام لەم خەڵکانە نەما بوو کە خۆشیان بۆ ئێمە دەگێرا دەمویست بگریم زۆر بووک لە کاتی هاوسەرگیری دەگریت لەبەر ئەوەی بە عەشقەکەیدان نەگەیشتوون بەڵام من دەگریم گریانی خۆشی چونکە بە عەشقەکەم گەیشتم لە سەیر کردنی هەرگیز بێزار نە دەبووم , ئەو خۆشبەختی بوو بۆ من کە دڵخۆش با دەمگوت دڵخۆشترین کەسم لە ژیان لە ژیان خۆشتر نییە ئەگەر دڵ تەنگیش با خەم نەک تەنها ئەو بە لک و منیش دەگرتەوە هەمیشە سوپاسی خودام دەکرد کە ئەوی پێ داوم کە لە ئیش بوو تەنها

کاتژمێرێک لێم دوور بوو هەستم بە بێزاری دەکرد خولەک بە خولەکم دەژمارد بگەڕێتەوە ماڵەوە سەرەتاکانی ڕۆژی هاوسەرگیریمان زۆر خۆش بوو ڕۆژانێک بوو هەرگیز لە بیر ناکرێن کەسێکی میهرەبان ئارام دڵسۆز زۆر گرنگی پێ دەدام ئەگەر شتێکم لێ هات با شێت دەبوو دەستی دەکرد بە پرتە و بۆڵ هەندێک جار زۆر لەسەری دەڕۆیشت بەڵام بێزار نەبووم دەمگوت خەمی منی تی حەز نا کە وا بمبینێت بە هیلاکی و نەخۆش یەوە چەند مانگ تێپەڕی نەمزانی چۆن وا کات تێپەڕی بە خێرای ئێستاش ڕانەهات بووم لەوەی هاوسەری ئەوم هەر لەم شۆکە مابوومەوە کۆتا ڕۆژە خۆشەکانم ئەو ڕۆژە بوو کە چووین بۆ شوێنێک سوپرایزێکی جوانی بۆ کرد بووم و خۆشترین ڕۆژ بووە پرسیارم لە خۆم دەکرد دەبێت من چ چاکەیەکم کردبێت خودا وا پاداشتی داومەتەوە کەسێکی پێ بەخشیوم هەموو ڕۆژێک بیرم دەهێنێتەوە چەندە عاشقمە, لەو ڕۆژانەی دوای زۆر سەرقاڵی ئیش بوو هەفتەیەک تێپەڕی بوو نەمتوانی لای ببم و هەستی خۆمی پێ بڵێم بە ڕۆژ تا درەنگانی شەو خەریکی ئیش بوو کە دەهاتەوە یان هیلاک بوو دەخەوت یان لەسەر لاپتۆپەکەی دا دەنیشت کەمتەرخەمی پێوە دیار بوو تەنانەت کە قسەشم لەگەڵ .دەکرد بیر و هۆشی لای من نەبوو دەمگوت کێشە نییە هیلاکە زۆری لێ ناکەم تا گەیشتە ئەو ڕادەیە ئەوەی بە تەنیا نانم دەخوارد بەڵام هەرگیز دەرم نە دەبڕی نەمویست بێتاقەتی بکەم هەر بیانووم بۆ دە هێناوە بە ناوی ئیش و کارەوە دەوامی منیش دەستی پێ کرد کە مامۆستا بووم ئەی گوت بە تەنیا حەز ناکەم بڕۆیت هەر خۆی دەیبردم و دەیهێنامەوە دڵخۆش بووم کە غیرە دەکات خەمی منی تی بێزار نەدەبووم لەم ڕەفتارەی زۆر جار بە گاڵتە پێم ئەوت شێتە دڵ پیسەکەم ئەی گوت ئەگەر دڵ پیسی لە ژنەکەم نەکەم لە کێی بکەم پێش ئەوەی هاوسەرگیریشی لەگەڵ بکەم هەروا بوو ئەی گوت بە تەنیا مەڕۆ دەرەوە جلێک لەبەر بکە هیچ شوێنێکت دیار نەبێت بۆ دەبێت جگە لە من سەرنجی پیاوی تر ڕاکێشی زۆر دڵخۆش بووم بەم قسانەی دەمگوت گرنگیم پێ دەدات ناڕەحەت نەدەبووم هەرگیز ئەو شێتانە عاشقم بوو , ڕۆژانێک تێپەڕی خەریکی داوام بووم و ئەویش ئیش و کار ڕۆژێک لە دەوام زۆر چاوەڕێ بووم بێت بە دوامدا نزیکەی نیو سەعات ڕۆیشت گوتم دیارە لە بیری کردووم تەلەفۆنیشم بۆی نەکرد دەزانم هیلاکە مامۆستا (ئازاد) کە لەگەڵمان بوو منی بینی م . ئازاد : ئەگەر دەتەوێت من دەتگەیەنمە ماڵەوە.

لەنیا : نا مامۆستا زۆر سوپاس بە تاکسی دەڕۆمەوە.

مامۆستا ئازاد : نا چۆن دەهێڵم فەرموو.

بە نیگەرانییەوە سەر سەیارەکەی کەوتم بێ ئاگا بووم لەو کاتە (دیاری) گەیشت بوو دەهات بۆ لام من نەمبینی بوو دڵم باشی نە دەگوت خۆزگەم دەخواست ئەم کاتە تەلەفۆنم بۆ کرد بایە, هیلاک و ماندوو بووم کە چوومەوە بێ ئەوەی خۆم بگۆڕم و پشوو بدەم خێرا نانم حازر کرد لە خەیاڵ خۆم دەمگوت (دیاری) ماندووە ئەم چێشتە لێ دەنێم کە حەزی پێیەتی ماندوو بوونی ناهێڵم جوان سفرەکەم ڕاخست و کاتی ئێوارە نزیک بووە وە دووبارە دواکەت منیش لە چاوەڕوانی ئەودا بووم و دڵم وەک چرکەکانی کاتژمێرەکە لێی دەدا زۆریش هیلاک بووم کەمێک ڕاکشام تا ئەوەندە بیرم دێ هەستام کاتژمێر یازدە بوو بینیم (دیاری) لەسەر قەنەفەکە دانیشتووە زەردەخەنەیەکم کرد و گوتم هاتیتەوە هەناسەم چووم بۆ لای کەچی زۆر گۆڕا بوو قسەی نە دەکرد گوتم چیتە (دیاری) بۆ وات لێهاتووە گوتی تەنها برسیمە منیش باوەڕم کرد گوتم وەرە دڵەکەم کوبەم بۆ حازر کردوویت دەزانم حەزت پێیەتی لەسەر سفرەکە دانیشت بووین و بێ دەنگی ماڵەکەی داپۆشی بوو زۆر نیگەران بووم وەک هەموو جارێک کە (دیاری) ئەی گوت تۆ بەر داخە ئاوەکەم بۆ تێ بکە دەمەوێت بە دەست تۆ بیخۆمەوە منیش دەستم دایە بەرداخکە گوتی خۆم دەستم هەیە دڵم ئێشا بە قوڕگی گریانەوە نانەکەم خوارد دوای تەواو بوونمان ئەمجارە یارمەتی نەدام لە کۆکردنەوەی سفرەکە ئاخر (دیاری) تۆ چیتە خۆ هەر هیلاکیش بای یارمەتیت دەدام من تاوانم چییە ؟ هەناسەیەکی بە ئازارم هەڵکێشا سفرەم کۆ کردەوە (دیاری)ـش بە تووڕەی و بێ دەنگی دانیشت بوو شڵەژاو سەیری تەلەفزیۆنەکەی دەکرد لەم کەناڵ بۆ ئەو کەناڵ چووم بۆ لای سەرم خستە سەرشانی گوتم.

لەنیا: هاوسەرەکەم چیتە ؟

دیاری: هیچ.

لەنیا: ئەی من هاوسەرت نیم بڕیار نەبوو کە یەکمان دڵمان تەنگ بێ ئەوی تر دڵی باتەوە یان لەگەڵی بێتاقەت بێ بۆ ئێستا پێم ناڵێیت.

دیاری : لەگەڵ کێ هاتیتەوە ماڵ.

منیش پێ کەنیم و گوتم : هاوسەرە دڵ پیسەکەم غیرە دەکات لەبەر ئەمە وایت ؟

چاوەکانی ئاگری لێ دەباری و بە دەنگی بەرزەوە هاواری کرد.

دیاری : بە چی پێ دەکەنی بە چی من گاڵتە لەگەڵ تۆ دەکەم گوتم چاوەڕێم بە بۆ بە قسەم ناکەیت من هاوسەرتم هاوسەر.

یەکەم جار بوو وا ببینم بە تووڕەی و دەنگی بەرز هاواری دەکرد فرمێسک لە چاوم دەهاتە خوارەوە نەمدەزانی چی بڵێم کاتێک منی وا بینی هەناسەیەکی قووڵی هەڵمژی بە گریانی من لاواز بوو گوتی

دیاری : مەگری دەمکوژیت بەرگە ناگرم.

توند لە باوەشی گرتم دەستی بە قژمەوە دەهێنا ماچی سەری دەکردم گوتی دەی بخەوە منیش ئارام بوومەوە شێتانە عاشقم بوو تەنها دڵ پیسی و غیرەی ڕادە بەدەر بوو هێندە بێ دەنگ و سامناک بوو ئەمشەوە گوێمان لە هەناسەی یەک بوو پێم گوت لەنیا : دیاریم ببوورە هەڵەم کرد.

دیاری : باشە خۆشەویستم ببوورە من کۆنترۆڵم لە دەست دا عاشقتم ناتوانم تۆ ببینم لەگەڵ کەسیتر

ئەمشەو بە بێ دەنگی تێپەڕ بوو هەستم نەدەکرد چۆنم وەک منداڵێک کە زۆر دەگرێت لە کۆتای هەنسکی گریانی هەر دەمێنێت (دیاری) عەشقم بوو بەڵام غیرەکەی زۆر بوو , زۆر دەترسام دووبارە بێتەوە ئەم ڕەفتارەی هەر چۆنێک بوو ئەم شەوەمان تێ پەڕاند بۆ بەیانی سەیرم کرد نانی بەیانی حازر کرد بوو گوڵیشی هێنا بوو ئەم (دیاری)یەی دوێنێ شەو نەبوو سوپاسی خودام کرد گوتم تەنها ڕۆژێک وا بوو تەواو ئەو عەشقە میهرەبانەکەی منە ئەم ڕۆژە زۆر دڵخۆشی کردم بە هەموو جۆرێک داوای لێبوردنی لێ کردم ئاسوودە بووم دووبارە ژیانی ئاسایی خۆمان بەڵام دەترسام شتێکم نە دەکرد بێ پرسی ئەو وەک بڵێ فەرمان لەو وەربگرم لە چاوی پیاوی خەڵک دوور کەوتبوومەوە بۆ ماڵی باوکم پرسم پێ دەکرد هەندێک جار ماڵی خزم و کەسەکانیشم تەرک دەکرد لەبەر ئەو تەواو ترسا بووم لێ , ڕۆژێک ژانە سەرێکی لێ بوو ئاگاداری خۆی نەبوو منیش نەمزانی چی بکەم لەم کاتە کە ئامۆزاکەی ماڵی نزیکە لێمان تەلەفۆنم بۆ کرد و چووین بۆ لای دکتۆر و کەمێک باشتر بوو بردمانەوە ماڵەوە کە

قسەم لەگەڵ ئامۆزاکەی دەکرد و سوپاسم دەکرد دووبارە ڕوخسارە دڕندەکەی (دیاری)م بینی زۆر ترسام خێرا خێرا بەڕێم کرد کە چوومە ژوورە و لای گوتم باشتر بوویت ؟

گوتی باش نابم , لەم قسەیەوە زۆر ترسام سەرم نزم کردەوە بەرداخێک ئاوم هێنا و لەگەڵ دەرمانەکەی دامە دەستی کەچی لە تووڕەیان بەرداخە ئاوەکەی بە ئەرز دادە و شووشەکە شکا توند قۆڵی گرتم و دەستی کرد بە هاوار کردن و تووڕە بوون هێندە توند قۆڵی گرت بووم کەوتمە ئەرزەکە دەگریام چووە دەرەوە نەمزانی چی بکەم دەرگام داخست و دەگریام تا بەیانی بە ئاگا بووم لە خودا دەپاڕانەوە خودایە (دیاری) من لە کوێیە ؟ بۆ وای لێ هات من میهرەبانەکەی خۆم ئەوێتەوە عەشقەکەم چی لێهاتووە ئاخر تاوانم چییە جگە لە خۆشبەختی ئەو چیم کردووە جگە لەو گرنگیم بە کام کوڕ و پیاو داوە تا ئەو لە کار نەیەتەوە نان ناخۆم بەم هیلاکییەمەوە کە لە دەوام دێمەوە خێرا نان حازر دەکەم تا برسی نەبێت و چاوەڕێ نەکات شتێک کە پێی ناخۆش بێ نایکەم پێش ئەوەی دوعا بۆ خۆم بکەم بۆ ئەو دەیکەم کوا ئەو خەیاڵانەی ئەم کرد من داوای دیاریم کرد کوا بۆ گۆڕا تاوانی من چییە ؟ خودایە ئەمشەو کۆتا شەوم بێ ئەگەر من هەڵەیەکم هەبێت ئیلاهی , بانگی بەیانی دا و هەستام شووشەکەم کۆ کردەوە هێندە بێ هۆش بووم ئاگام لەوە نەبوو شووشەکە دەستمی بڕیوە لەبەر ئازاری دڵم ئاگام لە ئازاری گیانم نەبوو چوومە دەرەوە لە ترسا دەرگاکەم بە هێواشی کردەوە بینیم لەسەر قەنەفەکە خەوتووە ئارەقە یەکی زۆر کردووە نوێژم کرد و پەڕۆیەکم هێنا تا تایە کەی داببەزێنم لەبەرە خۆیەوە هوڕێنەی دەکرد و ناوی دەهێنام بە ترسەوە دەستیم گرت هێندە لێی ترسا بووم ئەم ڕۆژانەم هەرگیز بیر ناچێت چۆن بەڕێم کردووە لە لایەک خەمی ئەوم بوو لە لایەک لێی دەترسام چونکە ئەو (دیاری)ــە من نەبوو تەواو گۆڕا بوو هەر ئەوەندەم بیر دێت کە لە خەو هەستام من لە دوای سەر یەوە خەوم لێ کەوت بوو چاک بوو سوپاس بۆ خودا تاکەی نەما بوو دووبارە پەڕۆکەم بۆ تەڕ کرد و دام ناووە سەری بۆ ماوەیەکیش مۆڵەتم وەرگرت بوو نەچمەوە دەوام لەبەر ئەوەی ئەو هەڵنەستا بوو نانم بۆ نەخورا ڕانەهات بووم بێ ئەو نان بخۆم بۆیە خەریکی ماڵ بووم و نانم حازر کرد بۆ نیوەڕۆ تا نزیکەی کاتژمێر یەک بە ئاگا نەهات منیش لە نێو دەفتەری ڕۆژانەم دەردە دڵیم دەکرد باسی ئەو خولەکانەم دەکرد کە چەندە دڵم لێی شکاوە ئەم گوت لە داهاتوودا دوای مردنم دەیخوێنێتەوە چۆن عەشقەکەمانی وێران کردووە کاتێک بە

ئاگا هات بە ترسەوە لێی نزیک بوومەوە هیچ قسەیەکم نەکرد تەنها دەرمانەکانم بۆ هێنا دەستم دەلەرزی کاتێک بەر داخە ئاوەکەم پێی دا ئەو دیمەنەی شەوی ڕابردووم بیر هاتەوە گوتی.

دیاری : دەستت بڕیوە؟

لەنیا : هیچ نییە تۆزێکە.

دیاری : کوا بیبینم.

لەنیا : پێویست ناکات ... کاتێک سەیرم کرد لە ترسی ئەوەی هاوار بکات خێرا دەستیم پێ نیشاندا

دیاری: بۆ خاوێنت نەکردووەتەوە لێت پیس دەبێت؟

هەستا لە جێگاکەی دەستی گرتم کاتێک هەستم بە ئازار کرد ئەمجارە بە دەستێکی ناو کەمەری گرتم دەستی بۆ شووشتم و مەرهەمی لێدا و بەستییەوە بۆم گوتی ئاگاداری خۆت بە دەمویست وەک جاران بڵێم تۆ ئاگادارم بە بەڵام نەمتوانی وا بڵێم ئەو هۆکاری ئازاری منە سەرم لێ شێوا بوو کەسێکی باشە یان خراپ لە کاتی توورە بوون چاوەکانی سوور هەڵدەگەڕا کەسی نە دەبینی کە بە ئاگا دەهاتەوە جوانترین و میهرەبانترین هاوسەر بوو زۆر دەترسام لێی تەنانەت بە ترسەوە دا دەنیشتم لای لە سەر جێگاش هەمیشە پشتم لێی دەکرد دەترسام زۆر جار خوشک و دایکەم لێیان دەپرسیم چیتە بۆ ڕەنگت زەرد بووە کاتێک ئەو گوێی لەم قسانە دەبوو سەیری چاویم دەکرد لە ترسا ئەم گوت هیچ نییە هیلاکم ئەم شەوە کە چووینە ماڵەوە لە ژوورەوە لە پێشم ڕاوەستا بوو ویستم ڕابکەم لای نەبم گوتی

دیاری : بۆ دەترسیت لێم سەیرم کە من هێندە خراپم لەگەڵ تۆمە سەیرم کە منت خۆش ناوێت ؟. دەنگی بەرز کردەوە مستێکی کێشا بە دیوارەکە هاواری دەکرد یەک بە خۆم قیژاندم لە تاو ئازاری گیانم گوت

لەنیا : نا بەسە لێت دەترسم هاوار مەکە توو خودا دەترسم بەسە (دیاری) هاوار مەکە تۆ گۆڕایت کوا هاوسەرەکەم عەشقەکەم لە کوێیە ئەوەی منی لە هەموو شتێک خۆشتر دەویست کوا توو خودا

بەسە دەترسم لێت خەیاڵمان دەکرد بە یەکەوە دڵخۆش ببین ببینە نموونە بۆ منداڵەکەمان بۆ وات لێ هات تاوانم چییە چیم کردووە ؟ بەس تۆم خۆشویست گوتم من دڵخۆشترینم شووم بە عەشقەکەم کردووە کوا

عەشقەکەم ئاخر ؟ کەوتمە ئەرزەکە دەگریام ئەویش لەم لاوە پشتی بە دیوارەکە نابوو دەگریا تا ماوەیەک وا بووین و دوای گوتم

لەنیا : تەواو کۆتای هات دیاری جیا دەبینەوە.

دیاری : وا مەڵێ ببوورە.

توند لە باوەشی گرتم بەڵام لاواز نەبووم بەرامبەری

لەنیا : ناتوانم دەڕۆم.

دیاری : توخوا تا بەیانی بیر بکەرەوە ڕێگە مەدە وێران بێت.

لەنیا : وێرانت کرد تۆ.

ئەمشەوە بە جیا خەوتین بۆ بەیانی جل و بەرگم کۆ کردەوە لەبەردەمم وەستا گوتی مەڕۆ من هەفتەیەک سەفەر دەکەم تکایە بیر دەکەینەوە وەک جارانمان لێ دێتەوە ڕازی بووم بەم بیانووە چوومە ماڵی باوکم گوتم دیاری سەفەری کردووە تا هەفتەیەک قسەمان نە دەکرد زۆر بیرم دەکرد سەیری وێنەکانی و نامەکانیم دەکرد ئەو نامانەی پێش هاوسەرگیری بۆی نارد بووم کوا بەڵێن و خۆشەویستی و خەمخۆریت چیمان لێ هات ئاخر , چەند ڕۆژێک پێش ئەوەی تووڕە بێ پشکنینێکم کرد بوو ماوەیەک ئازارم هەبوو بیرم کەوت بووەوە چووم وەری گرمەوە لە بەختی من لەم کاتەدا من دووگیانم نازانم دڵخۆشیم یان دڵتەنگ ڕۆڵە گیان لە چ کاتێک تۆ هاتیت سەیرکە هەموو شتێک وێران بووە تۆش ئێستا دێیت , دوای ئەم هەفتەیە (دیاری) هات بە شوێنم گوتی دەمەوێت قسە بکەین ڕازی بووم , پێم گوت کە دووگیانم لە خۆشیان دەستی کرد بە گیان بەڵام پێم شت نامەوێت هەرچەند گوتی ناهێڵم منداڵی ئێمەیە تاوانی چییە وا دەکەیت ؟ گوتم تاوانی ئەوەیە باوکێکی وەک تۆی هەیە لە کۆتایدا هەر وەک منی لێ دێت چۆن بوویت لەگەڵ من وا دەبیت لەگەڵ ئەو بەم قسەیە تەواو ڕەنگی گۆڕا و دەگریا دوای ماوەیەک هێندە خوم گرت بوو بەو مەسەلەی دووگیانە نەمتوانی لە ناوی بەرم هەرچییەک بێ دڵی دایک ئەوە نازانێت (دیاری) گوتی جیا نابمەوە من وەرە ماڵەوە تا منداڵەکەمان لە دایک دەبێت بە

مەرجێک چوومە لای کە لە من نزیک نەبیتەوە تەداخولم نەکات زۆر بە ئازار بوو ڕۆژانێکی بەڵام گرنگی زۆر پێ دەدام ئەوەی حەزم لێی با بۆی دەهێنام و ئیشی ماڵی دەکرد نەی دەهێشت ماندوو ببم , گوتم دڵخۆش مەبە تەنها تا ئەو کاتەیە کە لە دایک دەبێت دوای جیابوونەوە بێ دەنگ دەبوو ژوورێکی لە ماڵەوە جوان ڕازاند بووەوە هەموو ڕۆژێک دیارییەکی دەهێنا من زۆر عاشقی ئەوم ناتوانم بەم جۆرە لەگەڵی ببم بەڵام ناچارم وەترسم لە تووڕە بوون و دڵ پیسییەکەی زۆرم خۆش دەوێت , (دیاری) ببوورە ناچارم وا بکەم ئەگەر ڕۆژێک هیلاک بام و نەخۆش بام خۆی خواردنی حازر دەکرد و ماڵی پاک دەکردەوە ئەی گوت تۆ تەنها ئاگاداری کچەکەم بە هیچم ناوێت من هەموو شتێکت بۆ دەکەم باوکێکی جوان بوو ڕۆژێک بینیم شیرینی هێنابووەوە گوتم ئەو هەمووە بۆ چییە گوتی دەیکەمە خێر لەبەر کچەکەمان نازانم ڕۆژ بە ڕۆژ زیاترم خۆش دەویست وەک سەرەتای لێ هات بووەوە, نۆ مانگەکە تێپەڕ بوو کاتی ئەوە بوو کچەکەمان لە دایک بێ منیش ئەو کات و ڕۆژانەم نووسی بووەوە کە چۆن تێپەڕم کردووە لە کاتی دووگیانەکەم باسم کرد بوو چەندێک (دیاری)م خۆش دەوێت ئەو وەک سەرەتای لێهاتووە ئازارم هەبوو خێرا و بە پەڕۆ شییەوە منی بردە نەخۆشخانە فرمێسکەکانی ئەوم دەبینی ئەی شت تەنها تۆ بشبە هیچم ناوێت مەترسە من لات دەبم دوای نەشتەرگەری شازادە بچووکەکەمان لە دایک بوو بە هۆش خۆم هاتمەوە دایک و خوشکم و خەسووم و دۆستانم بینی دەیانگوت لە خودا بە زیاد بێ چاوم بۆ (دیاری) دەگێڕا کاتێک دایکم گوتی بانگی زاوا بکەن هەر گریاوە با بێت بزانێت ژنەکەی باشە تا (دیاری) بە ژوورەوە کەوت و چاوی نوقمی خوێن بوو بوو هێندە بۆم گریا بوو سەیری دەکردم و هەر دەگریا و ئەوانیش گاڵتەیان دەکرد دەیانگوت باشە خۆ نەمردووە ئەوە بوویتە باوک ئەو ناز و مەکرە چییە نەمدەزانی گریانی (دیاری) لە خۆشی منداڵەکەم بوو یان دڵتەنگی بۆ ئەوەی کە جیا دەبینەوە دوای منداڵەکەیدان هێنا و (دیاری) لە باوەشی گرت زۆر جوان بوون بەیەکەوە هێنای بۆ لای من بۆنی ڕۆڵەکەم کرد زیاتر پەیوەستی بووم ببوورە کچم کە بێ باوک دەبێت گەورە ببیت دڵم ژانی دەکرد بۆی چووین بۆ ماڵەوە زۆر ئاگاداری من و کچەکەمان بوو نازانم چۆن کات ڕۆیشت نە من باسم دەکرد نە ئەویش تا چەند مانگ ڕۆیشت خێزانێکی جوان بووین ڕاهات بووم لەوەی لەگەڵ یەک ببین دوای ڕۆژێک گوتم دیاری کات تەواو بوو ئێستا دەبێت جیا ببینەوە گوتی بڕیاری خۆت داوە چۆن کچەکەمان بێ باوک دەکەیت بێ من دەتوانی بژی توو بخوات

بیر کەوە گوت قسەمان لەسەر کرد بوو بێ دەنگی دای بپۆشیت بوو داوای کرد بۆ کۆتا جار لای کچەکەمان بێ و بۆنی بکات ئەم شەوە هەرسێکمان بە یەکەوە بووین دڵم خەریک بوو ڕابوەستێت نازانم بۆ هەستێکی ناخۆشم هەبوو دڵم تەنگ بوو بەرگەم نەدەگرت نەمدەویست ڕۆژ دابێت زۆرم بیر دەکردەوە کاتێک سەیریم دەکرد دڵمی دەبرد بەم ڕوخسار و دڵە پاکەیەوە بیرم دەکرد و من نەمدەتوانی بێ ئەو بژیم بۆ بەیانی دەستمان کرد بە ڕێکخستنی کاری جیابوونەوە هەموویان بە لایەنەوە سەیر بوو بەڵام بڕیارمان دابوو ڕۆژی جیابوونەوە هات و چووین بۆ دادگا جارێ نەچووبووینەوە ژوورەوە بە زۆر لەسەر قاچ وەستا بووین و سەیری یەکمان دەکرد لەو کاتەی کەمی مابوو بڕۆین (دیاری) دەستی گرتم گوتی دەتوانی بۆ کۆتا جار بێیت لەگەڵم دەمەوێت قسە بکەین منیش نەمویست لاوازم بکات بەرامبەر بە خۆی ڕازی نەبووم سەرەتا بەڵام زۆر تکایی کرد ڕۆیشتم لەگەڵی چووینە ئەو ساڵۆنەی کاتی بووکێنی منیان ڕازاند بووەوە شتم ئەمە چییە ؟ گوتی بە جوانی و ڕازاوەیەوە بوویت بە هی من ئێستاش بەم جۆرە بڕۆ لەلام گوتم شێتی بە خودا گوتی تکایە بۆ کۆتا جار ڕازی بووم لە دەرەوە چاوەڕێی کردم ئاگام لە کات نەما کە دە بایە جیا ببینەوە ئەسڵەن بە خەیاڵم نەدەهات چوومە دەرەوە بینیم وەستاوە گوتی زۆر جوانی وەک ئەو کات گوڵێکی بە دەست بوو پێی دام و نێو چەوانی ماچ کردم چووین بۆ ئەم هۆڵەی هاوسەرگیریمان تێدا کرد جوان ڕازا بووەوە بە گوڵ پێم سەیر بوو وەک کاتی هاوسەرگیرییەکە هەموو ڕۆژەکانم بیر هاتەوە چۆن بووین دڵخۆش بووم ئەڵقەیەکی دەرهێنا گوتی ڕازی دەبیت دووبارە ببیەوە هاوسەرم نەمدەزانی چی بکەم لێ خۆش ببم دەترسم دووبارە هەڵە بکاتەوە و تووڕە بێتەوە گوتم تکایە (دیاری) گوتی من گۆڕاوم بە خودا تەنها دڵم پیس بوو وا مەکە عاشقتم لەبەر خاتری منداڵەکەمان دەستم کرد بە گریان خۆم بۆ نەگیرا گوتی باشە باش تەواو هیچ ناڵێم تەواو دەڕۆین گوتم دڵ پیس خۆشم دەوێت باوەڕی نەکرد توند لە باوەشی گرتم هەموو شتێکمان لە بیر کرد زۆر دڵخۆش بووین ئەم هەواڵەشمان بە دایک و باوکمان دا و دڵخۆش بوون گوتی با بڕۆینە شوێنێک نان بخۆین کاتێک داوای خواردنمان کرد منیش بە گارسۆنەکەم گوت ئەمەم بۆ بێنە دوای سەیری (دیاری)ـم کرد چاوەکانی سوور کردەوە گوتم (دیاری) دەستی کرد بە پێکەنین گوتی تەواو تەواو دڵ پیسی نەما زۆر پێکەنین و دڵخۆش بووین چووین کچەکەمان هەڵگرت و چووینە ماڵی خۆمان ئەمە , چیرۆکی من بوو کە لەسەر ئەم دەفتەرە تۆمارم کردووە عەشق و غیرە و دڵ پیسی , دڵ پیسی

سیفەتێکە لە خۆشەویستییەکی ڕادە بەردەر پەیدا دەبێت بەڵام هەمیشە عەشق لە ناو دەبات پێتان دەڵێم کە کەسێکت خۆش دەوێت دڵ پیسیی لێ مەکە غیرە بکە و باوەڕت پێی هەبێت.

**سەرنج :**

عەشق منداڵێکە

دەبێت بە متمانە بوون پەروەردەی بکەیت


دەکرێت غیرە لە خۆشەویستییەوە دروست بێت

بەڵام دڵ پیسی لە بێ متمانەیەوە دروست دەبێت

هەمیشە گوێگرێکی باش بە

بۆ گوێگرتن لە تەواوی ڕووداوەکان

لە دوورەوە بڕیار مەدە



## چیرۆکی پازدەم

## فــریشتــەکــەم

لە شەوێکی باراناوی لە دایک بووم شەوێکی نەهامەتی باوکم لە زووەوە دایکم و منی نەویستووە ئیتر هەر بە ڕقە و سەیری کردووم ئاواتم ئەوە بووە ڕۆژێک پێم بڵێ کوڕم چیت دەوێت؟ باشی؟ پێویستت بە هیچ نییە ؟ خۆ منیش دەمویست وەک ئەو منداڵانە بژیم لەگەڵ باوکمدا یاری بکەم و لە باوەشی بگرم نازانم تاوانی من چی بوو , باوکم ڕۆژێک ڕووی خۆی نەداوەتە من لەبەر پارە و سامان و کار ئاگای لە دایکیشم نەبوو کە باوکم دەهاتەوە خۆم لە پشت دەرگاکە دەشاردەوە هەمیشە بە چاوی ڕقەوە سەیری دەکردم ئەم گوت ئەی من لە خوێن و جەرگی ئەو نیم بۆ منی خۆش ناوێت؟ لە تەمەنێکی بچووک دەستم کرد بە کار کردن و لە خوێندنیش زیرەک بووم هەر چەند دایکم خەمی دەخوارد چونکە ئیشم دەکرد بەس باوکم ئەی گوت با فێر بێت بۆ چی باشە لە دووکانێکی دارتاشی کارم دەکرد زۆربەی کات دەستەکانم خوێنی لێ دەچۆڕا دار و بزمار دەچوونە ناو دەستمەوە ڕۆژێک باوکم نەی گوت دەستەکانت بۆ وایە شەوانیش لەبەر ئازاری پشتم و دەستم خەوم لێ نەدەکەوت دایکم دەهات مەرهەمی بۆ لێ دەدام و زۆر جار قسەی خۆشی بۆ دەکردم و دەستمان دەکرد بە پێکەنین یەکەمی پۆلی (دە) بووم زۆر زیرەک بووم لە مەکتەبێکی نموونەی بووم بەهۆی ئەوەی باوکم ناسراوە نەیهێشت لە حکومی بیم گوتی دەتەوێت خەڵک قسەم لەسەر بکات واتا خەمی منی نەبوو هەر بیری لە ناوی خۆی دەکردەوە ,
خوێندن لە لایک و کارکردن لە لایەک ئەمە ئیشی ڕۆژانەی من بوو زۆر تێکەڵاو نەبووم لەگەڵ قوتابییەکان بەڵام زۆر منیان خۆش دەویست بە حوکمی ئەوەی ڕاستگۆ و دەست پاک و عاقڵ و زیرەک بووم خاوەن ڕەوشتێکی بەرز بووم زوو دەچوومە دڵەوە نەبێتە وەسف کردن , وەک نوێنەری پۆل هەڵبژێردرام لە وانەکان ڕۆژ بە ڕۆژ باشتر دەبووم دایکم ئەی گوت کوڕم ڕاستە خوێندن لەم وڵاتە بێ قیمەت کراوە بەلام بە هۆییەوە پێ گەورە دەبیت ڕاستیشی دەکرد ئێستا لە مەبەستی دایکم تێ گەیشتم من بۆ خۆم دەخوێنم کەچی مامۆستاکان و هاوڕێکانم بە چاوێکی بەرزەوە سەیرم دەکەن زۆر جار هاوڕێکانم دەهاتن بۆ لام دەرسیان پێ بڵێم لە پۆلەکەمدا کچێکی زیرەک هەبوو ڕێک و پێک و خاوەن ڕەوشت وەک ڕکابەرێک سەیری ئێمەیان دەکرد و بەڵام من وا نەبووم بە چاوێکی پڕ عەشق و خۆشەویستییەوە سەیرم دەکرد بەڕاستی دڵڕفێن بوو خاوەن ڕەوشتێکی جوان هەم زیرەک هەم جوان کە بەیەکەوە زۆر جار هەڵدەستاین و دایان دەناین چونکە لە یەک ئاست بووین شەرمم دەکرد سەرم دا دەگرت و ئەسڵەن پێم عەیب بوو لەگەڵیشی قسە بکەم بیر بکەنەوە هەموو ڕۆژێک دەمبینی و بەیەکەوە

ئیشی پۆلمان بەڕێوە دەبرد ئاخر چۆن پەیوەستی نەبم ؟ وەک هەمیشە دەچوومە ماڵەوە دایکم ئەی گوت باران کوڕم هاتیتەوە کە گوێم لە دەنگی دایکم دەبوو ئیتر ئاسوودە دەبووم ئەو هەموو ژیانم بوو تاکە کەس بوو پێی دڵخۆش ببم زۆرم خۆش دەویست جێگای باوکمی شی گرتبووە بۆم دایک یەک جارە و دووبارە نابێتەوە ئەو سۆز و وەفای لە دایکم بینیم لە کەسم نەبینی من بە هەموو گیانم قەرزداری دایکمم کە باسی دایک دەکەن چاو پڕ دەبێت دەمەوێت توند لە باوەشی کەم پێم سەیرە مرۆڤ چۆن دەتوانێت بێ دایک بژی بە خودا سەختە قوربانت ببم دایە گیان من چەندە قەرزداری تۆم گوتەکانی دایکم هەرگیز لە بیر ناکەم وەک گەوهەرێک وا بوو بۆ من چەندین ئامۆژگاری بەنرخی دەکردم سوپاسی خودام دەکرد کە گوێم لە دەنگی دایکم دەبێت و جارێ لە لامە زۆر شەو کە بیرم لە نەبوونی دەکردەوە دەگریام دوعام دەکرد قەت مردنی دایکم نەبینم , ڕۆژگارێک ڕۆیشت هەستم دەکرد دایکم کەمێکی لاواز بووە ڕەنگی زەرد هەڵ گەراوە زۆر ترسام چوومە لای دایکم گوتم دایە با بڕۆین بۆ لای دکتۆرێک ئەوها نابێت زۆر خراپ ڕەنگت گۆڕاوە ڕەنگت زەرد بووە گوتی نا کوڕم هیلاکم بۆیە ئینکاریم کرد گوتم نا دەبێت بڕۆین ڕازی نەبوو ئەم ڕۆژە هەر بیرم لای دایکم بوو ئاسوودە نەبووم دوعام دەکرد دایکم شتێکی نەبێت کە چوومە ماڵەوە بینیم دایکم لە جێگا کەوتووە ئارەقە یەکی زۆری کردووە وەک شێم لێ هات ڕام کرد بۆ لای بانگی کاک ئەحمەد دراوسێمان کرد لەگەڵ سۆزان خانی خێزانی هاتن بە فریامان چووین بۆ نەخۆشخانە و دوای فەحس و شت کاک ئەحمەد گوتی کوڕم خەم مەخۆ باش دەبێت ان شاالله گوتم سوپاس کاک ئەحمەد خودا پاداشتت باتەوە بە هانای ئێمە هاتیت دادە سۆزانیش گوتی هەر چیت ویست پێمان بڵێ بەس کوا باوکت سەرم داگرت و گوتم لە ئیشە خۆ ناڵێم وەک دڕندە ئاگاداری ئێمە نییە چووم بۆ لای دایکم دەستەکانیم ماچ کرد گوتم دایە هەستەوە, زووو فرمێسکەکانی سڕیم گوتی باشم, هێندە ڕووخا بووم لەبەر فرمێسک ئاگاداری خۆم نەبووم و لەو کاتە باوکم هات و بە ساردی قسەی کرد ویستم قسەی پێ بڵێم هاواری بەسەردا بکەم لەبەر دایکم نەمتوانی نەکات زیاتر خەم بخوات کەلوپەلەکانمان کۆ کردەوە و چووینە ماڵەوە ئەمشەوە لای دایکم خەوتم و ئاگاداری بووم دایکم وەک هەموو جارێک ئامۆژگاری دەکردم ئەی گوت خەم مەخۆ کوڕم با هیچ شتێک نەبێتە هۆی ئینجا چییە وا دەکەین گوتی ئەگەر پرسیارت هەبوو یان شتێکت پێویست بوو بە منی بڵێ گوتم باشە مریەم ئەسڵەن دەبێت من وا بڵێم گوتی نا جیاوازی چییە خۆ من زیرەکترم , بە ڕۆژ

دەوام و دوای نیوەڕۆ ئیش و ئینجا شەو دەمخوێند کاتم زۆر کەم بوو بۆ دایکم ئەم ماوە ئاگاداری نەبووم چۆنە نەمدەزانی دووبارە دایکم نەخۆشە تا ڕۆژێک زۆر کۆکی ئینجا زانیم ئەمشەوە گریام زۆر خۆم بە بەخت ڕەش دەزانی ئاخر من تواناى ئەوەندە ئیشەم نییە دەگریام تا فرمێسک وشک بوو لە چاوم هەنسکی گریانم دەهات بۆ بەیانی هەستام کە گوێم لە دەنگی دایکم بوو الحمدلله کرد و بە هۆش خۆم هاتمەوە گوتم کەی وا ڕەشبین بوویت نابێت وا بیت بەڵام چاوەکانم سوور هەڵگەڕا بوون چاوەکانم لە دایکم دەشاردەوە زوو نانم خوارد دایکم گوتی کوڕم بۆ وەک جاران ماچم ناکەیت وا دەڕۆیت بۆ دەوام زانیم دایکم چەندە بیرم دەکات چوومە دەوام لە کاتی پشوو لە پشت باخچەکە سەرم نیوی کرد و دەگریام ئاگاداری خۆم نەبووم تا دەستێک بەر شانم کەوت مریەم بوو گوتی بەرگە ناگرم وا دەتبینم چیتە گوتم هیچ تەنها بڕۆ توو خودا گوتی ناتوانم ئاخر کەوتیتە عەقڵ و دڵمەوە بەرگە ناگرم نەمزانی دڵخۆش ببم یان دڵتەنگ ببم شۆک بووم لام دانیشت گوتی باران توو بخوات چیتە بۆ وای گوتم مریەم زۆر لاوازم بچووکم شایەنی ئەو ژیانە نەبووم دە بایە دایکم وەک شاژن بژی منیش وەک ئەم کوڕانە لەگەڵ باوکم بام و کەسێک لە پشتم با قسەی دڵم هەمووی کرد گوتم من ناتوانم بخوێنم بەم جۆرە واز دەهێنم گرنگی بە دایکم دەدەم ئەو نەخۆشە پێویستی پێمە گوتی باران وا مەڵێ لەبەر دایکت دەبێت بخوێنیت ئەو تۆی دەوێت بە شەهادەوە ئەی خۆت باسی ناکەیت چەند حەز دەکات تۆ خوێندن تەواو کەی من یارمەتیت دەدەم بەس , دوای ساتێک بێ دەنگ بوون چوومە دەموچاوم شۆرد گوتی باشتری گوتم بەڵێ گوتی باشە ئیتر خەم مەخۆ باشە زۆر ناشیرینی وا گوتم خۆم ناشیرینم گوتی وایە ئەمەش منیش پێکەنینم , مریەم ئەو کچە بوو کە عاشقی بووم دوای دایەم دڵم بەو خۆش بوو لێم تێ دەگەیشت فریشتەی دووەمی من بوو , چوومە ماڵ توند دایکم لە باوەش کرد و ماچم کرد گوتی خێر بێ جەوت هەیە گوتم ئێ جەوم هەیە گوتی چی بووە سەر زل گیان گوتم مریەم گوتی ئەی ئەی بووکەکەم دۆزییەوە گوتی والله کوڕم شازی کچە بۆ ئێمەش گونجاوە بەس جارێ بخوێنن گوتم باشە دایە گیان تاجی سەرم شاژنی ماڵم گوتی دەی ماستاو دەستی پێ کرد بڕۆ خۆت بگۆڕە جا نان بخۆ , ئەمشەوە هەر بیرم لەم قسەی دەکردەوە وەک مەجنون بێ هۆش لە جێگا کەوت بووم حەزم لە بێ دەنگی و سەیر کردنی ئاسمان و ژماردنی ئەستێرە بووە عەشق لەسەری دابووم لە هەموو شوێنێک ئەوم دەبینی لە خۆمەوە پێ دەکەنیم دڵم خۆش بوو , چوومە دەوام بە پەرۆش بووم ببینم بەس ئەم ڕۆژە نازانم ناز

و مەکری کچان بوو چی بوو مریەم لە دوورەوە بە شەرمەوە سەیری دەکردم و پێ دەکەنی خۆ هۆشم تێدا نەما بوو زۆرم خۆش دەویست تەنها لە دوورەوە نیگامان دەگۆڕییەوە جوانترین و خۆشترین ڕۆژ بوو لەگەڵ مریەم ئیتر زانیم عاشقی مریەمم , تاقیکردنەوەی وەرزی کۆتای دەستی پێ کرد و زۆر دەترسام نمرەی باش نەهێنم مریەم زۆر یارمەتی دەدام و هانی دەدام بۆ ئەم مانگە مۆڵەتم وەرگرت بوو لە وەستا ساڵح خودا لێ ڕازی بێ پیاوی چاک بوو وەک کوڕەکانی سەیری دەکردم گوتی تۆ بخوێنە دوای وەرەوە دایکم زۆر دوعای بۆ دەکردم دەمزانی بە دوعاکانی دایکم دەردەچم هەر خۆی دوعاکانی ئەو بەسە زۆر ئەم قسەیەم بە لاوە جوانە کە دەڵێن دایک و باوک لە ڕۆڵەکەی ڕازی بێ خوداش لێ ڕازی دەبێت بۆیە دایکم گرنگترین کەس بوو بە لامەوە , ناوی خودام هێنا دەچوومە هۆڵی تاقی کردنەوە هەندێک جار دەستم دەلەرزی بەس لەم کاتە بیرم لە دایکم و مریەم دەکردەوە پشتم بە خودا بەست و باشتر دەبووم سوپاس بۆ خودا باش جوابم داوە , مریەم هات گوتی باران چۆن بوویت گوتم واللە باش ئەی تۆ گوتی ئەی منیش باش سوپاس بۆ خودا , کاتی نمرە وەرگرتنەوە هات دڵم لە سەد لێی دەدا بەس لەبەر دایکم خەمم بوو دەترسام نمرەم کەم بێ بەس دایکم ئەی گوت هەمووی قسمەتە کوڕم خەم مەخۆ کە نمرەم وەرگرتەوە نەوەد و شەشم هێنا بوو چەندە دڵخۆش بووم خێرا دەستی دایکم ماچ کرد و سوجدەم بۆ خودا برد هەزار جار سوپاس بۆ تۆ خودایە ماندووبوونم بە فیڕۆ نەبوو خێرا تەلەفۆنم بۆ مریەم کرد کە زانیم ئەویش دەرەجەی بەرزی هێناوە دووبارە سوجدەم برد لە خۆشیدا دەگریام باوکم بۆ یەکەم جار هات بۆ لام گوتی ئافەرین پاڵەوان سەرکەوتوو بی دەستەکانیم ماچ کرد بینیم باوکم تۆزێک کاریگەری لەسەر مابوو لەوانە بوو ئەویش بگریێت بەڵام نەمویست وا بیبینم خۆم سەرقاڵ کرد , بۆ ئەم ڕۆژە حەزم کرد مریەم بێتە ماڵمان بانگەشەتم کرد بۆ ماڵەوە گوتم وەرە لەگەڵ دایکت گوتی باش ان شاءالله لەگەڵ دایکم چێشتمان حازر کرد کاتێک باوک و دایکی و مریەم هاتم زۆر پەشۆکا و بووم کاتی نان خواردن هەر نانم بۆ نەدەخورا لە شەرمدا بەس مریەم سەیری دەکردم ئارام دەبوومەوە باوکم و باوکی باسی ئیشیان دەکرد و دایکم و دایکیشی لای یەک دانیشت بوون من و مریەم چووین بۆ باخچەکە مریەم گوتی باران ئەها سەرکەوتین گوتم سوپاس بۆ خودا باسی فۆرمی زانکۆمان دەکرد هەردووکمان یەک بەش پڕ بکەینەوە تا لای یەک بەین سوپاس بۆ خوداش لە یەک بەش ناومان هاتەوە دڵمان خۆش بوو , باسی زەواجمان کرد مریەم گوتی بارانم جارێ با پەلە نەکەین

باشە گوتم باشە خەمت نەبێت جارێ بە ڕای منیش زووە دوو ساڵی زانکۆ ڕۆیشت تەنها مارەم کرد زۆر بەختەوەر بووین وام دەزانی دڵخۆشترینم بەڵام ڕۆژێک لەم خەوە هەستام تا دایکم نەخۆش کەوت چ نا خۆش یەک مان و نەمان نەمدەزانی هانا بۆ کێ ببەم باوکم هات و تۆزێک دڵی نەرم بوو بوو گوتی باشترین دکتۆر دەهێنم بۆی هێندە گریا بووم چاوانم لە نێو گۆمی خوێن بوو دایکم ڕەبۆی هەبوو دەترسام شتێکی لێ بێ تا مریەم هات بۆ لام توند لە باوەشی گرتم فرمێسکەکانی سڕیم گوتی تەواو بەڵێن بێ باش دەبێت تۆ خەم مەخۆ توو خودا بەرگە ناگرم هێندەی تر گریام تا دکتۆرەکان ڕایان کرد بۆ ژووری دایکم شێت بووم هاوارم دەکرد چی بووە بۆ جواب نادەنەوە توو خودا دایکم چیتی مریەمیش نەیدەتوانی ئارامم کاتەوە تا هەواڵی مەرگی دایکم بیست ژیان لەبەر چاوم تاریک بوو توو خودا دایە جێم مەهێڵە بێ تۆ چی بکەم دایە بەرگەی بێ دایکی ناگرم توو خودا جارێ منداڵەکەمت نەبینیوە بڕوانامەی کوڕەکەت نەبینیوە دایە هەستەوە کێ ئامۆژگاریم بکە کێ نانم بۆ حازر بکات هەستە دایە توو خودا با ئەمە خەونێکی ناخۆش بێ سەرمامە دایە لێوەکانم دەلەرزی لە سەرما لە باوەشم بگرە دایە ڕزگارم بکە لەو دۆزەخە هەستە گوێت لە دەنگم نییە بە خودا دەخوێنم بەس هەستە بێ تۆ ناتوانم قوربانت ببم ماڵەکەمان پیس بووە با خاوێنی بکەینەوە عاشق بوومە دایە تۆ باسی عەشقم بۆ بکە هەستە بیری بۆنت دەکەم دەمەوێت سەر بخەمە سەر قاچت بخەوم خەوم لێ ناکەوێت دایە شەوێک بێ قسە کردن لەگەڵ تۆ چۆن خەوم لێ دەکەوێت , بە هۆش خۆم هاتمەوە کاتێک مریەم لەسەر سەرم بوو دەگریا هاواری دایکم دەکرد توند لە باوەشی گرتم گوتی ئارام بە توو خودا باران تێ دەپەڕێت گوتم تێپەڕ نابێت نا وازم لێ بهێنەرە دایکم لە ماڵەوە چاوەڕێمە نانی حازری کردووە خەمی منی تی نەچوومەتەوە ماڵ بەیەکەوە دەگریان باوکیشم لەم لەوە پشتی بە دیوارەکە دادا بوو سەری شۆڕ کرد بوو دەگریا هەنسکی گریانم دەهات و هیچ ئاگاداری خۆم نەبووم تا خەوم لێ کەوت کاتی ناشتنی دایکم هات ئەمڕۆ تەنها دایکم نەمرد منیش مردم بێ دایکی چ دۆزەخێکە لەگەڵ ڕۆیشتنی هەر هەنگاوێک بۆ گۆڕستان یادگاری دایکم بیر دەهاتەوە لەگەڵ خۆڵ کردن بەسەر تەرمەکەی خۆڵێک گریان و خەم دەکرا بەسەر دڵ و ژیانی من ئیتر تەواو من بارانی جاران نیم ڕووخام شکام مردم , توو خودا ئاگاداری دایکتان بن ژیانێک بێ دایک بێ دۆزەخە بە خودا هیچ کەس وەک دایکت نییە واللە دایکت لە دەست بدەیت دەمریت لەگەڵ سەیر کردنی هەر شوێنێکی ماڵەکەت دایکت بیر دێتەوە

کەسێک نابێت بە ڕۆڵەکەم بانگت بکات ئیتر دایکت نانت بۆ حازر ناکات قسەت بۆ ناکات کە نەخۆش دەبێت بە دیارتەوە دانانیشێت ماڵەکەتان گەرم نییە وەک جاران خواردنەکان وەک جاران تامیان نییە ماڵەکەشتان وەک جاران پاک و خاوێن نییە تا درەنگ دەخەویت چاوەڕێی دەنگی دایکت دەکەیت بڵێ هەستە نیوەڕۆیە بەس نا گوێت لەم دەنگە نابێت هەرگیز ئیتر تەواو درەنگە درەنگ دایکت نەما کەسێک نەما خۆشی بوێیت بێ بەرامبەر منداڵ و دایکێک دەبینی ئاگر لە دڵت بەر دەبێت بیری ئەو ڕۆژانە دەکەیت کە سات بە سات لەگەڵ دایکت بوویت ئەو ڕۆژانەی کە دەچوویتە مەکتەب بچووک بوویت دەستی دەگرتیت کە هەڵە دەکەیت کەس لێت خۆش نابێت وەک دایکت کە جەژن دێ ئیتر تاقەتت نابێت هەستی خوانێکی سارد و سڕ دەبینی جەژنێک کە لەگەڵ مردن جیاوازی نییە توو خودا ئاگاداری دایکتان بن بە خودا دروست نابێتەوە ئاگاداری بن لە قسەی دەرمەچن کە پیر بوو کەوتە سەر جێ بێزار مەبن لە خزمەت کردنی توو خودا دڵی مەشکێنن , هەفتەیەک بەسەر مردنی دایکم تێپەڕی لەسەر جێگا کەوت بووم و دەکۆکیم هاواری دایکمم دەکرد کە دەستێک بەر سەرم کەوت دەمگوت دایە گەڕایەوە دەمزانی جێم نا هێڵی گوێم لە دەنگی گریان بوو چاوم بڵند نە دەبوو تایەکی بەرزم لێ بوو وڕێنەم دەکرد لەبەر دەم خۆم تا بە هۆش خۆم هاتمەوە سەیرم کرد سۆباکە داگیرساوە گەرمە سەبر سەبر فرمێسک لە چاوم دەهاتە خوارەوە دایکم بیر دەهاتەوە کە چەندە خەمی منی بوو هەر دەیگوت سەرمات نەبێت کوڕم وەک ناوەکەم فرمێسک لە چاوم دەباری کاتێک مریەم هات گوتی هەڵدایت دڵم زانیم ئەو بوو دەستی بەسەر دەهێنام ئەو ماوەیە خزمەتی کردووم توانای قسەم نەبوو نانی بۆ هێنام گوتی بیخۆ لەبەر من بە زۆریش بێ تۆزێکی دامێ بە دەستی گریام چی بکەم لەگەڵ هەر شتێک یادگاریم لەگەڵ دایکم هەبوو بیرم دەهاتەوە مریەم دەستی کرد بە گریان پڕ بە دڵ دەگریام ویستم ئارامی کەمەوە بەڵام خۆشم حاڵێکی باشم نەبوو گوتی باران دەمرم بە خودا بەرگە ناگرم دەزانی چەند ڕۆژە چۆن ژیاوم وا مەکە ژیان بەردەوامە کۆتای ناهێت دایکت لێرەدا تووڕە دەبوو خەمی دەخوارد وا مەکە بەرگە ناگرم ڕۆیشتە دەرەوە تا بە هۆش خۆم هاتمەوە جلم گۆڕی چوومە دەرەوە بینیم دەگریا نانی بۆ ناخورێت لێی نزیک بوومەوە گوتم بەسە مەگری تەواو هەموو شتێک باش دەبێت توند لە باوەشی گرتم دوورم خستەوە لە خۆم گوتم مریەم ئیتر کۆتای هات من ناتوانم دڵخۆشت بکەم بڕۆ بە لای ژیانتەوە دڵخۆش بە هاوسەرگیری لەگەڵ کوڕێک بکە بەختەوەرت بکات دەگریا و هاواری دەکرد و ڕۆیشت

تەواو ڕووخام خۆشی بۆ من کۆتای هات لەم ماڵە سارد و سڕە بە تەنیام لەگەڵ هەر شوێنێکی یادگاریم بیر دەهاتەوە باوکم هات ڕەش پۆش گوتم بە دڵی تۆیە ئێستا کەست لا نییە خەریکی ژماردنی سامانەکەت بە منیش دەڕۆم ماڵەکەت بۆ خۆت پیرۆزە ماڵ و سامانت , جلەکانم کۆ کردەوە چوومە سەر گۆڕی دایکم دەگریام و قسەم بۆ دەکرد تا شەو داهات و دەنگی سامناک و بێ دەنگی گۆڕستانی داپۆشی بوو ,توند کێڵەکەیم لە باوەش کرد بوو و دەلەرزیم ددانەکانم لە یەکی دەدا ئەم گوت دایە سەرمامە وەرە دام بپۆشە تا خەو بردمییەوە بەیانی لە سەرما خەبەرم بووەوە تیشکی خۆر لە سەرمی دەدا وەک شێت قسەم لەگەڵ خۆم دەکرد ئەم گوت دایە ئازارت نییە ڕەنگت زەرد بووە بۆ خۆڵ کە وشکە بوەستە ئێستا دێمەوە ئاو دەهێنم بۆت ئاوم هێنا گۆڕەکەم پێ ئاودا چووم لەفەیەکم هێنا نانم دەخوارد ئاگاداری قسەکانم نەبوو گوتم بە تامە دایە بەس وەک ئەم لەفەیە نییە کە تۆ دروستی دەکەیت شوێنەکەم خاوێن کردەوە دوو سێ بلۆکم هێنا لای گۆڕەکەی دایکم دام نا جانتاکەم دانا وەک ماڵی خۆمم لێ کرد لە دوورەوە هەندێک کەس دەهاتن سەیریان دەکردم منیش ئەم گوت سەلام و علیکم دەڕۆیشتن ڕایان دەکرد بەو سەر و ڕیشەمەوە بە شێتیان دانا بووم کتابەکانم دەرهێنا دەرسم لەپێش خۆم دەگوتەوە قسەشم لەگەڵ دایکم دەکرد ئەم گوت دایە دەرسەکە ئاسان بووە زۆر گران نییە ئەمساڵیش دەردەچم خەمت نەبێت بە شەویش قورئانم دەخوێند دایکم حەزی بە سوورەتی الملک دەکرد بە شەو ئەی گوت بۆ ئەوەی ڕزگارت بێ لە ئازاری قەبر بخوێنە تا چەند ڕۆژ و شەو ئەمە شوێن و ماڵم بوو , نوێژم دەکرد لای دایکم ئەم گوت ئەها دایە قەت نوێژەکانم درەنگ ناکەم بەس دایە بیری لای لایە کانت دەکەم ئەی نوکتە و گاڵتەکانت بەس دایە پرسیارێک تۆ شتت مام سەعید وەسیەتی کرد بوو سامانەکانی بۆ کچەکەی بێ ئێ کوا خۆ ژنی نەهێنا بوو جارێ بۆت باس نەکردووم مەبەستی چی بوو ماچێکت دەکەم و دەخەوم دایە بەیانی ناچمە ئیش چوونە ڕۆژە خۆشەکەی من و تۆیە هەینییە ماڵ خاوێن دەکەینەوە دایە, دووبارە لەگەڵ بەرکەوتنی تیشکی خۆر خەبەرم بووەوە کاتێک مریەم لەم لاوە دانیشت بوو سەبر سەبر دەگریا گوتی سەیری خۆت کردووە چیت لێهاتووە ڕیشێکی درێژ ڕوخسارێکی ڕووخاو , نەمهێشت قسە تەواو بکات گوتم دایکم خەوتووە خەبەری دەبێتەوە برۆ دەمزانی هەناسەی بە زۆر پێ دەدرێت گوتی باوکت جەڵتە لێی داوە وەرە بۆ لای مانگێکە دووری لێی گوتم بە من چی سامان و ماڵی هەیە با بچێتە لای باشترین دکتۆر گوتی وا مەکە وەک دایکت لە دەستی دەدەیت کە ئەم قسەم بیست

خێرا بە هۆش خۆم هاتمەوە گوتم باش لەبەر دایکم دێم , کە چووم بۆ نەخۆشخانە باوکم زمانی تێک ئاڵاوە ئاگاداری خۆی نییە هەر بە وەندا ڕاگەیشت بڵێ گەردنم ئازا بکە و ڕۆحی دا و مرد لە ماوەی مانگێک دایک و باوکم لەدەست دا چیم لێ هات خودایە ئەمە بەختی منە کەسم نییە بێ کەسم لە کاتی ناشتنی پارێزەرەکە هات بۆ لام گوتی هەموو شتێک بووە بە هی تۆ نەفرەت لەم هەموو شتە دەکەم گوتم دەچمە لای دایکم مریەم دەستی گرتم گوتی بیرت دەکەم با تۆزێک سەیرت بکەم گوتم باش دانیشتین گوتی دە بایە هاوسەرگیریمان بکردایە ئەمساڵ بە زۆر دەنگی دەردەچوو بێ دەنگ دانیشت بووم گوتی دایکت لێرە با ئازاری دەچێشت ئەو ئەی گوت کوڕم ڕەشبین مەبە بۆ وا دەکەیت ئەوانت لە دەست دا دەتەوێت منیش لەدەست بدەیت بە خودا نام بینییەوە بۆ کۆتا جار هاتووم بۆ لات ئەگەر بڕۆیت , منیش دەچمە لای دایکت گوتم باش ڕۆیشتم بە ترسەوە ئەویش دەڕوا واتا دەمرێت نا نامرێت , تەلەفۆنم بۆ هات گوتیان وەرە مریەم خۆی کوشت ئەوەندەی تر خەمم خوارد و دونیا لە پێش چاوم ڕەش بوو خەتای من بوو هەمووی وای لێ هات خێرا بە ڕاکردن چووم بۆ ماڵیان بە گریان و هاوارەوە خودایە ڕاست نەبێت دایکم ڕۆیشت با مریەم نەڕوا ئەمجارە شێت دەبم کە چوومە ماڵیان دایک و باوکی سەریان شۆڕ کرد بوو هەناسەم بۆ نەدەدرا با ڕاست نەبێت گوتم بۆ بێ دەنگن توو خودا با درۆ بێ فریشتەکەم با نامرێت لە ناکاو مریەم دەرکەوت تا هێزم هەبوو باوەشم پێدا کرد گوتم من دەکوژێت بۆ وادەکەی بەرگە ناگرم خەریک بوو بمرم گوتی با وەک جاران ببین بارانم ئەوێتەوە توو خودا بەهێز بە لای من بە قبووڵم بکە , دوای دوو ساڵ خوێندنی زانکۆمان تەواو کرد و شەهادەمان بە دەست هێنا ژیانێکی خۆشمان هەبوو و بەو پارەی باوکم دەستمان کرد بە کاری خێرخوازی و بنکەیەکی تەندروستیمان کردەوە خزمەتی خەڵکمان کرد لە ژیانی من دوو فریشتە هەبوو داوا لە خودا دەکەم لە بەهەشتە بەیەکەوە کۆمان بکاتەوە .

**سەرنج:**

تا ئازیزانت لە ژیان ماوە قەدریان بزانە

تا دوای مردنیان داخ نەچێت بە دڵتدا

هاوسەرێکی باش

دەتوانێت تەواوی ژیان بگۆڕێت

ئەگەرچی مردنی ئازیزانمان بە ئازارە

بەڵام ئێمە هی خوداین و بۆ لای ئەویش دەگەڕێینەوە

إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعونَ



## چیرۆکی شازدەم

## سیحـــر ماڵـــی دوو هاوســەری تێکــدا

من ناوم (ماریا)یە دەمەوێت بەسەرهاتی خۆمتان بۆ باس بکەم سوپاس بۆ خودا دوای چەند ساڵێک بەو کوڕە گەیشتم کە خۆشم دەویست و زۆر دڵخۆش بووین هاوسەرێکی بەختەوەر بووم چونکە لەو سەردەمە بەو کەسە بگەیت کە خۆشت دەوێت تۆزێک سەختە (عومەر) لەگەڵ مندا زۆر باش بوو هەموو ئەو خەون و بەڵێنانەی پێیدا بووم پێش زەواج بەدیهێنا بۆم و کەسێکی نەرم و نیان لە دڵ و لە ئاکارانە پیاوانە بوو زۆر کەس هەبوو چاویان لەسەرمان بوو هاوڕێ و خزم و دۆست زۆر جار لای خۆم گوتوویانە خۆزگەم بە خۆت پیاوێکی وات هەیە منیش دڵخۆشی و لووت بەرزی دەیگرتم بۆ هەر شوێنێک بڕۆیشتمایە حەزم دەکرد (عومەر) لەگەڵم بێت و بە شانازییەوە دەستم دەگرت تا ئەوەی چاوی پێمان هەڵنایەت چاوی کوێر بێت زۆر بەوە دڵخۆش بووم هێندە لەگەڵم باشە لە سناپ زۆر وێنەی خۆمانم دادەنا خۆزگە قەت کاری وام نەکرد با نەمزانی خەڵکانێکی بەغیل و حەسوود لە دەوروبەرم هەیە , ڕۆژگار ڕۆیشت بینیم هەڵسوو کەوتی عومەر زۆر گۆڕاوە لەگەڵم پێم ئەوت (عومەر) چیتە من کارێکی هەڵەم کردووە لە خۆیەوە هاواری دەکرد و بیانووی دەگرت ڕۆژێک لەسەر نان خواردن بوو گوتی ئەم خواردنە بۆ هێندە سوێرە گوتم کوا وا نییە گوتی دیارە من درۆ دەکەم گوتم چیتە من کوا وام گوتووە گوتی جا بۆ ناڵێیت درۆ دەکەیت ؟ ڕێک قاپەکەی هەڵدا و شکاندی زۆر تووڕە بوو و ڕۆیشتە هۆڵەکە دڵم نانەکەی نەدەبرد و کۆمکردەوە نەچووم بۆ لای گوتم ناکات زیاتر تووره بێت و ببێتە شەڕمان بەتەنیا لە مەتبەخەکە دانیشتم و خەریکی کاری چنین بووم چونکە کاری دەستیم دەکرد دوای سەعاتێک ئاگام لێی بوو دەنگی تەلەڤزیۆنەکەی بەرز دەکرد و دەهات و دەچوو منیش بێ دەنگ بووم تا لە کۆتای قسەی کرد گوتی دەچم دەخەوم هیلاکم منیش شتم باش زۆر دڵم تەنگ بوو دەمویست قسە لەگەڵ دایکم و خوشکەکانم بکەم و هەر بگریم بەڵام لە دڵی خۆمم هێشتەوە بۆ چەند ڕۆژێک وا ڕۆیشت و منیش هەر چاوەڕێم دەکرد باشتر بێت و قسەمان نەبوو تا ڕۆژی لە دایک بوونم هات شتم هیچ کات لە بیری نەکردووە ئەمڕۆ خۆی دیارییەک دەهێنێت و باش دەبینەوە بۆ شەو تۆزێک گرنگیم بە خۆمدا کە هاتەوە سەیرێکی منی کرد گوتی دەڕۆیتە شوێنێک ؟ گوتم نا گوتی باشە وام زانی دەڕۆیت , دڵم بووە هەزار پارچە هەر چاوەڕێ بووم قسە بکات و بڵێت ڕۆژی لە دایک بوونت پیرۆز بێت خێزانە جوانەکەم کەچی هیچی نەوت دوای نان خواردن دووبارە چووە هۆڵەکە و سەیرکردنی تەلەڤزیۆن کات بووە کاتژمێر یازدە هەر وەک خۆی بەرگەم نەگرت چوومە لای دانیشتم گوتم لەوانەیە

قسە بکات گوتم (عومەر) ئەمڕۆ چەندی مانگە ؟ گوتی نازانم لە مۆبایلەکە سەیر بکە گوتم پێویست ناکات ئەمڕۆ حەوتی مانگە گوتی ئێ ؟ گوتم ڕۆژی لە دایک بوونمە دەستی کرد بە پێکەنین گوتی بۆیە ئەمشەو بەم جۆرەیت تەنها شۆک بووم هیچم نەوت گوتی دەی تەمەن درێژ بیت بیرم چوو گوتم سوپاس ڕۆیشتم و بە دڵێکی پڕ لە خەمەوە خەوتم پێم سەیر بوو بۆ (عومەر) وای لێهاتووە هەموو ڕۆژ لە ناو خەم دەژیام هەر جارێک و بیانوویەک ڕۆژ نەبوو شەرم لەگەڵ نەکات دەی شتە من بۆ دەبێت تووڕەم بکەیت کێشەت چییە گوتم (عومەر) من یان تۆ کەی وات لێهاتووە وا قسەم لەگەڵ بکەیت ڕۆژێک تەلەفۆنم بۆ کرد جوابی نە دە داوە نزیکەی چوار جار دایکم نەخۆش کەوت بوو ئەم ویست بچمە لای بۆیە نامەیەکم بۆی نارد گوتم دەچمە لای دایکم بۆ شەو لای دایکم بووم و دوای لەگەڵ براکەم چوومەوە ماڵەوە بینیم (عومەر) دانیشتووە لەسەر قەنەفەکە بە تاریکی گوتم ترسام نەڕۆیشتووی بۆ بازاڕ هەر بێ دەنگ بوو و سەیری دەکردم گوتم بۆ جواب نادەیت تووڕەی ؟ هەستاوە هێواش هێواش نزیک دەبووەوە لێم زۆر ترسام گوتی بۆ پرست نەکرد گوتم بەغدا تەلەفۆنم کرد و نامەم نارد گوتی ئەوە کێ بوو لەگەڵی هاتیتەوە گوتم (حوسێن)ــی برام بوو و تی درۆ مەکە گوتم بە الله بە ڕاستمە (عومەر) چیتە دەترسم هاواری کرد و زلە یەکی لێدام بە قژ ڕاکێشان تا ژوورەوە بەس لێی دەپاڕامەوە وا نەکات لێم نەدات دونیام لێ تاریک بوو گیانمی شین کردەوە بە لێدان ئاواتم بە مەرگ خواست هەر ئەمشەوە حەزم کرد بمرم بەس ڕزگارم بێت لەو هەموو خەمە ئەم گوت خودایە بۆ وامان لێ هات ئەو کەسەی من خۆشم دە ویست دەستی لێم بەرز کردەوە , دەرگای داخست لێم گوتی لەم ژوورە نایەتە دەرەوە هێندەی لێدا بووم هۆشم بە خۆمەوە نەبوو نەمدەتوانی بجووڵێم لەبەر ئازاری سینگ و پشتم لە ئەرزەکە کەوت بووم چاوم گەرم بوو بوو نەمزانی چۆن خەوم لێ کەوت کە هەستامەوە بینیم (عومەر) بەرامبەرمە ترسام و پشتم نا بە دیوارەکە وەک دڕندە دەهاتە پێش چاوم پەڕۆیەک و کلێنسێکی هێنا بوو گوتم دووەکەوە لێم نزیک مەبەرەوە بە هیچ جۆرێک چووە دەرەوە سەرم لە ناو هەردووک دەستم نا و گریام تا هێزم تێدا مابوو و دوای سەیری ئاوێنەم کرد لێوم و چاوم زۆر خراپ بوو ئەم ڕوخسارم چی لێ هات کە شانازیم پێوە دەکرد و خەڵک بەغیلی پێ دەبرد جار جار دەم گوت (ماریا) دە بخۆ عافیەتت بێت چیت لێ هات , ئەو کوڕەی چەند ساڵ چاوەڕێی بوویت تا ببێتە هاوسەرت چی لێکردووی ؟ ڕوخسارمم پاک کردەوە هات لە دەرگای دا گوتی دێمە ژوورەوە هات پەشیمانی بە ڕوخسارییەوە دیار

بوو گوتی نازانم چی بڵێم بۆ وام کرد نازانم گوتم بێ دەنگ بە بەس برۆ هیچم ناوێت (عومەر) ڕۆیشت مۆبایلەکەمی بۆ هێنا گوتی خوشکت زۆر تەلەفۆنی کردووە لەسەر مێزەکە دای نا و ڕۆیشت منیش تا کەس گومان نەکات تەلەفۆنم بۆ خوشکم کرد ئاگام لێ بوو (عومەر) لە پشت دەرگا گوێ ڕادەگرێت و خوشکەکەم گوتی دێم بە دوات دەڕۆینە لای دایکم گوتم نا نا من نایەم بۆم ناکرێت ڕۆژێکی تر دەڕۆم , ئاخر چۆن ڕووم هەیە بەم شێوەیە بڕۆم بۆ لایان زۆر شکابووم هەموو خولەکێک ئاواتم بە مەرگ دەخواست نەمدەزانی چی دەکەم و چی ناکەم دوو مانگ بەم شێوەیە ڕۆیشت نەمدەتوانی لە (عومەر) خۆش ببم ئەویش بێ دەنگ بوو و دڵیشی پڕ بوو لە قسە و ڕوخساریشی پەشیمانی و دڵتەنگی پێوە دیار بوو هەندێک جار دەگریام دەمگوت ئاخر بۆ (عومەر) هەموو شتێکت لەناو برد تا ڕۆژێکیان (عومەر) نەچوو بۆ بازاڕ و ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا بوو زۆر نەخۆش بوو دڵم بەرگەی نەدەگرت بۆی گوتم بچینە دکتۆر گوتی نا سەیری چاوی دەکردم وەک ئەوەی بڵێ مەڕۆ لێم خۆش بە بۆ بەیانی زۆر خراپتر بوو تا وای لێ هات تای گەرم و خوێن لە دەمی دەهات زۆر ترسام لەوەی شتێکی لێ بێت تەلەفۆنم بۆ براکەم کرد دکتۆری هێنا و دایک و باوکی (عومەر)ـیش ئاگادار کردبووەوە ئاوانیش هاتن بە دیارییەوە دانیشت بووین دکتۆر دەی گوت واللە نازانم چیتی هیچی وای نەخواردووە تێک چووبێت گوتم نا گوتی بیبەن فەحسی بکەن لەگەڵ باوکی (عومەر) و براکەم ڕۆیشتین بۆ نەخۆشخانە و فەحسمان بۆ کرد چاوەڕێ بووین دەربچێت دکتۆر کە بینی زۆری بەلاوە سەیر بوو گوتی واللە خوشکی من چی بڵێم فەحسەکەی پاکە بەس نازانین چیتی بیبەنە ماڵەوە تا خودا شیفای دەدات هێندە بێتاقەت بووم بە پڕ ئەو هەموو بەڵایە چییە خودایە بردمانە ماڵەوە ڕۆژ بە ڕۆژ خراپتر دەبوو تا بەیانی من بەس تام لێ سارد دەکردەوە بە دیار یەوە دانیشت بووم و قورئانم دەخوێند و نوێژم دەکرد بەس باشتر بێت تا ئەو کاتەی لە فەیسبووک پۆستی خاتوونێکم بینی کە باسی سیحر و جادووی دەکرد دیار بوو خاتوونێکی ئیماندار بوو منیش ترسام شتێکی وا بێت گوتم دە باشە هیچ نابێت ئەمەش تاقی بکەمەوە نامەم بۆ خاتوونەکە نارد گوتم دەکرێت بە تەلەفۆن قسەت لەگەڵ بکەم ئەگەر ئیزن بدەن گوتی باشە خوشکەکەم سوپاس بۆ خودا ژنێکی لە خودا ترس بوو بۆم باس کرد هاوسەرەکەم چییەتی گوتی خوشکە گیان لە ماڵەکەت بگەڕێ بزانە هیچی نامۆ نا دۆزییەوە ئەو کات تەلەفۆنێکم بۆ بکە هەر لە خۆمەوە ترسام هەستام هەموو ماڵەکە گەڕام و خاوێنم کردەوە خودایە چیم بینی لە ژێر سیسەمە کە و

ژێر قەنەفەکە وێنەیەکی من و (عومەر) کە پێشتر لە سناپم بڵاو کرد بووەوە چەند شتێکی سەیری لەسەر نووسرا بوو ڕوخساری من بە قەڵەم نووسرا بوو و شێوا بوو لە نێوان دەستی من و عومەر هێمایەکی وەک سەلیب کرا بوو زۆر دەترسام نەمدەزانی چی بکەم ئایەتی کورسیم خوێند و وێنەیەکیم گرت بۆ خاتوونەکەم نارد گوتی خوشکەکەم ئەوە ئێوە سیحرتان لێ کراوە ئێستا گوێ لە من ڕابگرە مەیسووتێنە یەکسەر ئەگەرنا پیاوەکەت دەمرێت گوتم خودا نەکات ئەی چی بکەم گوتی کەسێک دەناسم خوداناسە و شارەزایە لێیە ئێستا ژمارەی ئەوت دەدەمێ با بێتە ماڵتان سیحرەکە بەتاڵ بکات و منیش زۆر سوپاسم کرد و قسەم لەگەڵ پیاوەکە کرد گوتی باشە خوشکی بەڕێزم إِنْ شَاءَ اللّٰهُ پیاوەکەت باش دەبێت , (عومەر) زۆر زۆر خراپ بوو بەدیاریەوە دەگریام هەر خوێنی دە هێناوە ڕەنگی زەرد زەرد هەڵگەڕا بوو دەترسام شتێکی لێ بێت بۆ شەو پیاوە خوداناسەکە هات گوتی ئەوە چ ساحیر و خودانەناسێک ئەو کارەی کردووە ئەگەر نەتاندۆزی بایەوە لەوانەیە پیاوەکەت بمردایە لە حەوشەکە چەند دوعایەکی کرد و قورئانی زۆر خوێند بۆ نیو سەعات و وێنەکەی سووتاند گوتی خوشکەکەم ئەوە سیحرەکە بەتاڵ بووەوە إِنْ شَاءَ اللّٰهُ پیاوەکەت باشتر دەبێت بەس چۆن ئەو وێنەیە هاتووەتە ماڵتان منیش گوتم خودا پاداشتت باتەوە یاخوا نازانم بەس وێنەکەم لە سناپ دانا بوو گوتی لەو ڕۆژە کێ وێنەکەی گرتووە و قسەی لەگەڵ کردوویت منیش چونکە چەند مانگێک دام ناووە بیرم نەدەکەوتەوە تا دوای زانیم لەو ڕۆژە ئامۆزاکەم وێنەکەی گرت بووەوە کرد بوو نامەی نارد گوتی ببوورە دەستم بەری کەوت دامە دەست خودا گوتم بەس (عومەر) چاک ببێت هیچم ناوێت سوپاس بۆ بخوات چەند ڕۆژێکی بەسەرچوو (عومەر) باش بوو و هەموو شتێکم بۆ (عومەر) و خێزانەکەم باس کرد ئەوانیش گوتیان هەروا لەسەری ناچیت منیش دەم ویست بەس قسەی لەگەڵ بکەم بە تێکدانی ماڵی من چی دەستکەوت دڵی خۆش بوو من و هاوسەرەکەمی لێک کرد بۆیە تەلەفۆنم بۆ ماڵی مامم کرد گوتم بەیانی وەرن بۆ ماڵی ئێمە ئەوانیش ڕازی بوون و ئەو شەوە دەم ویست قسەی زیاتر لەگەڵ (عومەر) بکەم بەس چونکە ماڵی خەزوورانمی لێ بوو شەرمم کرد هێندە بیری ئەوم کرد بوو بیری پێکەنین و نەرم و نیانەکەی وام دەزانی بارێکی قورس لەسەر شانم لا کەوتووە ماڵی مامم هاتن خۆم گرت بوو هیچ نەڵێم تا مامم گوتی کاکە (عومەر) گوێمان لێ بوو نەخۆش بوویت ئێستا چۆنی ئامۆزاکەم بزەیەکی دەکرد لە ژێرەوە منیش گوتم سیحرمان دۆزییەوە لە ماڵمان هەمووی تووشی شۆک بوون جگە لە سەیرانی

ئامۆزام گوتیان بەڕاستە توو خودا گوتم (سەیران) دەزانێت هەمووی سەیری (سەیران)یان کرد ئەویش گوتی چی چی گوتم وا مەزانە هیچ نازانی چوومە پێشی گوتم دڵت خۆش بوو بەوەی وات لە من کرد چیم لێ کرد بوویت دڵت خۆش بوو (عومەر) وا بوو لەگەڵ من گوتی شێت بوویت (ماریا) گوتم بێ دەنگ بە باش دەزانی چی دەڵێم فرمێسک لە چاوم دەهات ئازاری چەند مانگم بیر هاتەوە زلەی (عومەر) و بیانووە و شەڕەکانی شتم چیت دەستکەوت دەزانی شەو نەبوو بە گریانەوە نەخەوم دڵخۆشی ئێستا خەریک بوو (عومەر) بمرێت پێم بڵێ دڵخۆشی وەک مار دەستی کرد بە گریان لە پێش چاوی هەموومان گوتی شەیتان پێی کردم و بە غیلیم برد چونکە من تەڵاق درا بووم حەسوودیم برد کە ئەوها دەبینی مامم و مامۆژنم سەریان شۆڕ کرد بوو دەگریان نەیاندەزانی چی بڵێن لەو کاتە پیاوە خوداناسەکە هاتوو دوو قسەی کرد گوتی خوشکی من ئەوەی کردت گوناهێکی گەورە بوو ماڵی ئەو ئافرەتەت تێک دا تۆبە بکە و پێمان بڵێ چوویت بۆ لای کێ ئەویش قسەی کرد و هەموو شتێکی بۆ باس کردین , شوکر هەفتەیەکی نەبرد پۆلیس چووە ماڵی ئەو ساحیرە و گرتی , ماڵمان ئارامی بۆ هاتەوە (عومەر) گوتی (ماریا) نازانم چی بڵێم بخوات ئەمجارە تۆی بۆ گەڕاندمەوە ئێستا بیرم هاتەوە چیم لێکردووی خۆزگە دەستم بشکایە لێم نەدایتایە گوتم هیچ نییە و بەدەست من و تۆ نەبووە نێو چەوانی ماچ کردم گوتی خودا بۆ منت بهێڵێت گەردنم ئازا بکە , گەردنت ئازا بێت (عومەر) , لەم چیرۆکە داوا لە خانمان دەکەم زۆر ئاگادار بن لە وێنە دانان هەندێک کەس هەیە چاویان پێتان هەڵنایەت و بە چاوتان دەبەن یان دوعا و سیحرتان لێدەکەم إِنْ شَاءَ اللَّهُ ئەوەی من بینیم هیچ کەسێک وای لێ نایەت و قەت هانا بۆ ساحیر نابەن بە تێکچوونی ماڵێک هیچتان دەست ناکەوێت جگە لە دۆزەخ و ئەو کەسانەی واشیان کردووە دوای بیستنی ئەم چیرۆکە إِنْ شَاءَ اللَّهُ خودا هیدایەتیان دەدات .

**سەرنج:**

هیچ کاتێک ئەو نیعمەتانەی کە هەتە


بە خەڵکی نیشان مەدە

لەوانەیە بە غیلیت پێ ببات

خودای گەورە دەفەرموێت:

(ومِنْ شَرِّ حَاسِدٍ إِذَا حَسَدَ)

واتە : خودایە من پەنا دەگرم بە تۆ لە شەڕ خراپەی مرۆڤی حەسوود کە حەسوودی دەبات



**چیرۆکی حەڤدەم**

**گـــەردەنــم ئـــازاد بـــکە**

ئەم بەسەرهاتەی ئێستا باسی دەکەم ساڵانێک لەمەوبەر بیستم و تا ئێستاش کە بیرم دێتەوە ناخم دەهەژێت و فرمێسک دەڕێژم بەدیار یەوە , لێرەوە دەست پێ دەکەم کاتێک کوڕەکە باسی دایکی دەکات و دەڵێت تەمەنێکی بچووکم هەبوو و خوێندکار بووم دایکم تا بڵێیت ڕوخسارێکی ترسناکی هەبوو بەهۆی ئەو چاوە سپییەی من لەگەڵی ڕاهات بووم بەڵام هەر کاتێک هاوڕێکانم دەیانبینی لێی دەترسان و ڕایان دەکرد زۆر خەمم دەخوارد ڕۆژێکیان دەچووم بۆ مەکتەب و لە بیرم کرد بوو ئەو زەرفە خواردنە بهێنم کە دایکم هەموو ڕۆژێک بۆم ئامادە دەکات بەڵام کات درەنگ بوو بە خۆمم گوت حەسەن با ئەمڕۆ برسی بیت جا چییە ؟ بە دڵێکی خۆشەوە لەگەڵ محەممەدی دراوسێمان بەڕێ کەوتین بۆ مەکتەب و لە ڕێگادا بوتڵە ئاوێک هەبوو و شەقمان تێی هەڵدەدا بە گاڵتە و گەپ گەیشتینە بەردەم مەکتەب وانەی یەکەم کوردیمان هەبوو کاتێک لە دەرگای پۆلەکەمان درا و دایکم هاتە ژوورەوە زەرفی خواردنی بەدەست بوو بە مامۆستاکەمی گوت کە پێمی بدات لەو کاتە زانیم دایەم چەند میهرەبان بووە و دڵخۆش بووم بەم هەڵوێستەی , دوای وانەکە قسە و باس لەسەر دایکم بڵاو بووەوە لەناو قوتابییاندا هەر کەسێک و بە جۆرێک باسی دەکرد یەک دەیگوت بە ساحیربازەکەی ناو کارتۆنەکان دەچێت و یەکێکی تر دەی گوت بە دڕندە و ئاژەڵ دەچێت دڵم ئازارێکی زۆری هەبوو چوومە گۆڕەپانەکە لای دیواری مەکتەب دانیشتم و دەگریام بەرگەی ئەوەم نەدەگرت قسە بە دایکم بگوترێت و بە خراپە باسی بکەن زۆر خەمم خوارد و بە چاوی گریانەوە ئەو ڕۆژەم بەسەر برد , بێزار بووم لەوەی لە هەموو شوێنێک گاڵتەم پێ بکەن لە ناخی خۆم دەمگوت ئەی ئێوە هاوڕێی من نین خوشک و برای من نین چۆن دڵم دەشکێنن ئازارێکی زۆرم هەبوو . چوومە ماڵەوە نانی نیوەڕۆم نەخوارد و دایکم هاتە لام گوتی حەسەن کوڕی من چی بووە ؟ زۆر تووڕە بووم لێی گوتم کە خەڵک گاڵتەم پێ دەکەن بەهۆی تۆوە ئیتر بە من مەڵێ کوڕم و بۆ مەکتەبیش مەڕۆ ئەگەر هەر چییەک بوو دایکم گوتی کوڕم بۆ وا قسە دەکەیت لە چیت کەمە دوای مردنی باوکت هەموو شتێکم بۆ کردی هەم دایک بووم هەم باوک گوتم خۆزگە تۆش لەگەڵ ئەو بمردیتایە ئەو کات منیش نەدەبووم ڕقم لە تۆیە لە خۆمە لە هەموو شتێکە حەز ناکەم بژیم , دایکم بە گریانەوە ژوورەکەی جێ هێشت و ڕۆیشت هێندە بە کوڵ دەگریام هەناسەبڕکێ بووم و خەوم لێ کەوت دوای عەسر لە خەو هەستام و تەڕی فرمێسکەکانم لەچاوم وشک بوو زۆر پەشیمان بووم لەوەی بەم جۆرە قسەم لەگەڵ دایکم کرد بەڵام بێزار بووم لەو

هەموو سووکایەتییەی بەهۆی دایکمەوە پێم دەکرا , چوومە مەتبەخەکە بینیم دایکم خەریکی چنینە و گوتی حەسەن دونیا ساردی کردووە وا مل پێچت بۆ دەچنم بەرگەم نەگرت و چووم توند باوەشم بە دایکم کرد و بۆنم کرد سەرم خستە سەر ڕانی و دایکم دەستی بە قژم هێنا و گوتی کە چەند منی خۆش دەوێت هەموو شتێک دەکات لەپێناوم منیش بەڵێنم دا کە ئیتر گرنگی بە قسەی خەڵک نەدەم پێم گوت دایە کە گەورە بووم دەبمە ئەندازیار و خۆشترین خانووت بۆ دەکەم دایکیشم بزەیەکی کرد و گوتی جارێ تۆ خوێندنەکەت تەواو بکە قسە زل دەستمان کرد بە پێکەنین و دڵمان خۆش بوو وەک ئەوەی هیچ ڕووی نەدابێت , دایکم لە ڕوخسار ڕوخسارێکی ترسناکی هەبوو بەڵام لە ناخی دڵەوە یەکێک بوو لە میهرەبانترین ئافرەتی دونیا زۆر بەسۆز بوو تا ئێستا نازانم باوکم چۆن مردووە و دایکم بۆ وای لێهاتووە هەر جارێک دەمپرسی دایکم بابەتەکەی دەگۆڕی دەیگوت قەدەری خودایە , ساڵ هاتوو و ڕۆیشت گەورە بووم و تەمەنم بووە بیست و پێنج ساڵ یەکێک لە باڵەخانە ناودارەکانم بەڕێوە دەبرد وەک بەڕێوەبەرێک سکرتێرەکەم هەبوو زۆر خۆشم دەویست دەمویست بیکەمە هاوسەرم لەگەڵ ئەو هەموو شتێکمان باس کرد بوو ئەوەی مابوو بە خێزانەکەمان بڵێین و هاوسەرگیری بکەین , شەوێکیان بۆ دایکمم باس کرد کە بەتەمای ژن هێنانم و دایکم دڵی خۆش بوو گوتی ئەی کچێکت دەستنیشان کردووە یان خۆم بۆت بگەڕێم منیش پێم گوت کە کەسێک هەیە زۆرم خۆش دەوێت ئەگەر قسمەت بێت هاوسەرگیری لەگەڵ دەکەم دایکم گوتی باشە کاری خێر چەند زووتر بکرێت باشترە پێیان بڵێ کە دەچین بۆ ماڵەکەیان و داوای ئەم کچە دەکەین دەستی دایکمم ماچ کرد و زۆر سوپاسیم کرد کە تاوەکوو ئەم تەمەنە لەگەڵم بووە , بە شەیدام گوت کە بڵێتە ماڵەوەیان و ڕۆژێکمان دیاری کرد تا بچینە داوای و سوپاس بۆ خودا هەموو شتێک بەباشی ڕۆیشت و لە ماوەی مانگێک هاوسەرگیریمان کرد هەموو شتێک بەباشی دەڕۆیشت لەگەڵ دایکم بەیەکەوە دەژیان , وام زانی شەیدا دڵخۆشە لەگەڵ دایکم بەڵام وردە وردە گلەیە کانی دەستی پێ کرد و بێزار بووم لەم هەموو گلەیە ڕۆژێک دەیگوت دایکت خراپە قسەم پێ دەڵێت ڕۆژێک دەیگوت ناهێڵێت خواردن حازر بکەم دەمزانی کە دایکم کەسێکی بەم جۆرە نییە بۆیە گوتمە شەیدا دایکم وا نییە و هەڵە تێگەیشتووی شەیدا دەستی کرد بە هاوار و گریان گوتی دیارە من درۆ دەکەم باوەڕ بە من ناکەیت گوتم وا نییە بۆ لە خۆتەوە قسە دەکەیت بە گریانەوە ماڵی جێ هێشت گوتی یان من یان دایکت لەو کاتە نەمدەزانی چی بکەم تا چەند ڕۆژێک شەیدا دوور بوو لە ماڵ

دایکم هاتە لام قسەی کرد گوتی ماڵی خۆت تێک مەدە ئەویش ئافرەتە حەز دەکات لەگەڵت بێت لە ماڵێکی جیا منیش گوتم قسەی وا مەکە دەبێت ئاگای لە تۆش بێت و خزمەتت بکات دایکم گوتی الحمدلله توانای هەموو شتێکم هەیە هەستە بڕۆ بیهێنەرەوە و ماڵی خۆتان بکەن لای دایکم زۆر هەستم بە شەرمەزاری دەکرد باوەشم پێدا کرد و ڕۆیشتم دوای چەند هەفتەیەک ماڵی خۆمان کرد و ڕۆیشتین هەموو ڕۆژێک دەهاتم سەردانی دایکمم دەکرد و خواردنم بۆ دەکڕی و پارەم پێی دەدا بەس دایکم پێی خۆش نەبوو گوتی کە خۆی کاری چنین دەکات لێی تووڕە بووم گوتم پێویست ناکات بەم تەمەنەوە کار بکەیت وا دەبێتە بیست ساڵ تۆ هەر کاری چنین دەکەیت ئەگەر کەسێک بزانێت چیمان پێ دەڵێن بە هەر جۆرێک بێت دایکمم ڕازی کرد کە ئیتر کار نەکات , ژیانم ڕۆژ بە ڕۆژ ناخۆشتر دەبوو کێشەی شەیدا تەنها ماڵ نەبوو هەموو ڕۆژێک بیانووە و گلەی نوێ بەڵام زانیم دووگیانە بۆ جیابوونەوە لێی زەحمەت بوو نەمویست منداڵەکەم وەک خۆم بێ باوک گەورە بێت پێم گوت شەیدا چیت دەوێت من بۆت بکەم گوتی با بچینە لەندەن لەوێ کاری خۆمان دەبێت چەندین پرۆژەت هەیە چیمان داوە لێرە گوتم ئەوە بەڕاستە ئەم قسەیە دەکەیت ئەی دایکم ئەی خێزانەکەت هیچ بیریان ناکەیت لە دووری ئەوان دەتوانیت گوتی دونیا پێشکەوتووە و دەتوانین لە ڕێگەی مۆبایل هەموو ڕۆژ یەک ببینین تا چەند ڕۆژێک لە ماڵی ئێمە کێشە و ناخۆش بوو ئەم ژنە وەک ژەهر وا بوو بەڕاستی ئافرەتی خراپ ماڵ وێران دەکات تا دەتوانی ئافرەتێکی خوداناس هەڵبژێرە , بۆ دایکمم باس کرد دایکم هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا گوتی لەبەر منداڵەکەت بڕۆ کوڕی من ئەمجارەش بە قسەم بکە مۆبایلێکی نوێ بۆ من بکڕە و هەموو ڕۆژێک قسە دەکەین گوتم ئاخر بیرت دەکەم لەگەڵ ئەم قسەیە من و دایکم خۆمان بۆ نەگیرا و دەستمان کرد بە گریان لە باوەشی دایکم هەموو ئەو ڕۆژانەم بیر هاتەوە کە بەیەکەوە بەسەرمان بردووە , ماڵ ئاوایم لە دایکم کرد و ڕۆیشتم بڕیارمدا بڕۆینە لەندەن لەوێ دەست بە ژیانێکی نوێ بکەین منداڵەکەم لەوێ لە دایک بوو و زۆربەی ڕۆژەکان لەگەڵ دایکم قسەمان دەکرد بەڵام هێندە نوقمی کار کردن و ماڵ بووم کات خێرا دەڕۆیشت و وردە وردە کەمتر قسەم لەگەڵ دایکم دەکرد تا وای لێ هات جوابی تەلەفۆنەکانیم نەدەدایەوە تەماعی ماڵی دونیا منی کوێر و بێ ئاگا کرد بوو , ڕۆژێکیان نامەیەکمان بۆ هات لە پۆستە چی بەڵام شەیدا هەڵی گرت بوو و شاردبووتەوە لێم دوای شەش مانگ نامەکەم بینی و نووسرا بوو کە دایکم نەخۆشە و پێویستە بێم سەردانی بکەم دەستم

دەلەرزی و تا هێزم هەبوو مستە کۆڵەم دەکێشا بە دیوارەکە و زۆر لە خۆم و شەیداش تووڕە بووم خێرا بلیتم کڕی و هاتمەوە کوردستان چوومە ماڵی دایکمم و لە دەرگام دەدا و کەس نەیدەکردەوە وەک ئەوەی ماڵ کەسی لێ نەبێت لەو کاتە دراوسێکەمان دەرگای کردەوە و گوتی حەسەن تۆیت گوتم بەڵێ دایە حاجی نازانی کوا دایکم بۆ دەرگا ناکاتەوە چاوی پڕ گریان بوو و بە زۆر قسەی دەکرد گوتی وەرە ژوورەوە جارێ نامەیەکی هێنا و پێمی دا گوتی ئەمە بخوێنەرەوە هەستم بە هەناسە تەنگی دەکرد و بە دەستی لەرزۆکەوە نامەکەم گرت و خوێندمەوە نووسرابوو (کوڕی شیرینم حەسەن من دایکتم زۆر بیرت دەکەم بیری باوەش و بۆنت دەکەم خۆزگە لە کۆتایە کانی تەمەنم باوەشم پێدا بکردیتایە و بە چاوێکەوە تۆم بینی با ببوورە ئەگەر ڕۆژێک ئازاری تۆم دابێت تەمەنێکی گەنجم هەبوو و باوکتم خۆشویست و هاوسەرگیریمان کرد لە ڕۆژی لە دایک بوونت باوکت وەک سوپرایز تۆی بردە دەرەوە تا من لە ماڵەوە کێکت بۆ حازر بکەم بەڵام هاوار بە ماڵم کە تەلەفۆنم بۆ هات بیستم کە تووشی ڕووداوی هاتووچۆ بوونەوە کاتێک هاتمە نەخۆشخانە بینیم باوکت مردووە وێران بووم سوپاس بۆ خودا کە تۆ باش بوویت تەنها شووشە چووبووە ناو چاوت و یەکێک لە چاوەکانت لەدەست دابوو نەمویست بەبێ ئومێدییەوە بژییێت بۆیە بڕیارمدا یەکێک لە چاوەکانی خۆمت پێشکەش بکەم کوڕی شیرینم سوێند بە خودا ئەگەر ئەو ڕۆژە پێویستت بە دڵی من با بەبێ بیرکردنەوە دڵی خۆمم پێ دەدایت , ببوورە ئەگەر بەهۆی ڕوخسارە ترسێنەرەکەم تۆم ترساندبێت هیوادارم لە دایکت خۆش بیت و زۆرم خۆش دەوێیت تکایە ئاگاداری ماڵەوە بە دەزانم زۆر خەریکی کاریت بۆیە چەند مانگێکە هەواڵم ناپرسیت و جوابی پەیوەندییەکانم نادەیتەوە تەنها خەمی تۆم بوو هەموو ڕۆژێک دوای نوێژ دوعات بۆ دەکەم کوڕەکەم , دکتۆرەکان پێیان گوتم کە نەخۆشم و هێندەم نەماوە لە ژیان ترسام بمرم بێ ئەوەی تۆ ببینم و ماڵ ئاوایت لێ بکەم بۆیە ئەم نامەیت بۆ دەنووسم هیوادارم بە زووترین کات بێیت بۆ لام و باوەشت پێدا بکەم حەسەن ....دایکت خۆشی دەوێیت) ئەمە نامەی دایکمم بوو و دەستم کرد بە گریان و نەفرەتم لە خۆم دەکرد خۆزگە دایکم ببینیایە و باوەشم پێدا بکردایە چ کوڕێکی خراپ بووم لەبەر ژیان و سەرقاڵیم بۆ کار ئەوم جێهێشتن و بێ ئاگا بووم لەبەر ڕوخساری دڵیم شکاند و گوتم خۆزگە دایکم نە بای و بمردیتایە هەرگیز لە خۆم خۆش نابم وەک شێت هەموو ڕۆژێک دەچمە سەر گۆڕەکەی دەگریم و داوای لێ دەکەم گەردنم ئازا بکە دایە ئەمە چیرۆکی حەسەن بوو کە چەند ساڵ پێش ئێستا

خوێندوومەتەوە بەڕاستی چیرۆکێکی ئازار بە خشە و پڕە لە پەند و ئامۆژگاری پێتان دەڵێم وەک حەسەن مەبن ئێوە پشت لە هەموو دونیا بکەن لەبەر دایکتان هەرگیز دڵیان مەشکێنن لە دونیادا هەزاران کەس بەهۆی بێ دایک یەوە دەناڵێنن ئێستا کە ئێوە دایکتان لاتانە تکایە قەدری بزانن و دڵیان مەشکێنن بیرتان نەچێت بەهەشت لەژێر پێی دایکانە تەنها کە دوور دەبێت لێتان و ڕۆژێک لە ماڵەوە نابێت دەزانن ژیان چەند بێ مانایە ماڵەکەتان چەندە چۆڵە و ناخۆشە خودا تەمەنی هەموو دایکێک درێژ بکات.

## سەرنج:

ئەگەر پێویست بکات

پشت لە هەموو دونیا بکە


تەنها و تەنها ڕوو لە دایکت بکە

هەندێک کەس بە هەژاری لە دایک دەبن

هەندێک کەسیش بە نەخۆشی

بەڵام بێ بەخت ترین کەس ئەو کەسانەن

بێ دایک و باوک لە دایک دەبن و دەژین



## چیرۆکی هەژدەم

## ژیـــان لە زینـــدانـــەوە

من (ژیان) لە زیندانەوە بەسەرهاتی خۆم بۆتان دەگێڕمەوە , کاتێک ناوی زیندانم هێنا لەوانەیە بیرتان بۆ ئەوە چووبێت کەسێکی خراپم نەک تەنها من هەموو ئەوانەی لە زیندانن دەکرێت کەسانی باش بن و بەڵام لەبەر نا حەق یەک یان هۆکارێکی قێزەون لە زیندان بن.

تەمەنم سێزدە ساڵ بوو کاتێک باوکم دەستی کرد بە لێدان و لە دایکمی دەدا بەڵام دایکم لەبەر من و خوشکەکەم خۆڕاگر بوو و تەنها جارێکیش گلەی نەدەکرد چونکە دەیزانی ئەگەر جیا بێتەوە ژیانی ئێمە و داهاتووشمان وێران دەبێت تاکە کێشەی باوکم تووڕەبوون و دڵ پیسی بوو زۆر جار بە هەڵە لە دایکم تێ دەگەیشت ڕاستی بڵێم هەناسەی لە دایکم و ئێمەش توند کرد بوو , باوک و دایک ئازیزە ناتوانین ڕقمان لێیان بێتەوە چەندین منداڵ هەن بێ دایک و باوکن بۆیە هەر چییەک ڕوو بدات خۆشەویستی ئەوان تەرک ناکرێت , ئێستاش ئەو ساتانەم بیر ناچێت کە دایکم فرمێسکەکانی وردە وردە دەهاتە خوارەوە و سەری شۆڕ دەکرد بۆ ئەوەی ئێمە نەیبینین و هەستی پێ ناکەین دوای چەندین ساڵ ژیانی من بەم جۆرە بەردەوام بوو تا باوکم جەڵتەی دڵ لێیدا و کۆچی دوای کرد ماڵەکەمان چرای کوژایەوە هەرچەندە باوکم باش نەبوو بەس بیری دەکەم ئەگەر خراپترین پیاوی دونیاش بێت بۆ من باوکە و خۆشم دەوێت , هەم خوێندن هەم ئیشکردن بە ڕۆژ بۆ دەوام و دواتریش خێرا نانێکم لە ماڵ دەخوارد و دەچوومە مارکێتێک کارم دەکرد (ڤیان)ــی خوشکم بچووکتر بوو ڕێگەم نەدەدا ئیش بکات دەمویست بخوێنێت و سەرنجی تەنها لای خوێندن بێت , ئەگەر بەم جۆرە باین کێشەمان نەبوو بەڵام مامم و داپیرم وازیان لێمان نەدەهێنا دەترسان دایکم قسەی بێتەوە سەر یان خۆیان قسەیان بێتەوە سەر چەند جارێک هاتنە ماڵمان تا قسە لەگەڵ دایکم بکەن دەیان ویست بیدەن بە پیاوێک بە ناوی کەریم کە ئامۆزای باوکی کۆچکردووم بوو , تا بڵێیت مرۆڤێکی پیس و پۆخڵ و بێ شەخسیات بوو هیچ نەدەچووە دڵمەوە دایکم چەندین جار دەستی دەکرد بە گریان لە مامم دەپاڕایەوە وازی لێ بهێنێت و لەسەر ئێمە دابنیشێت بەس مام دڵ ڕەقانە دەی گوت ئەگەر شووی پێ نەکەیت منداڵەکانت لێ دەستێنینەوە بەرگەم نەگرت و لەسەر دایکمم کردەوە گوتم خۆ ئێمە منداڵ نین بۆت نییە بەم جۆرە قسە لەگەڵ دایکم بکەیت و بووە ناخۆشی و دەمەقاڵێمان بە زۆر دەرمانکردن دەمزانی مامم مرۆڤێکی کەلە پووتە بە ئاسانی واز ناهێنێت و تووشی بەڵا و کێشەمان دەکات تەنها لەبەر ئەوەی خزمایەتی و بەرژەوەندی هەبوو لەگەڵ ئامۆزاکەی دەیویست دایکمی بە زۆر پێ بدات , پاش چەند ڕۆژێک

نامەیەکی بۆ من نارد گوتی ئەگەر دایکت شووی پێ نەکات ئەوە بە زۆر دەتانبەمە دادگا یان ئەوەتە چی خراپە پێتان دەکەم جا بۆ خۆت ببە بەشەر و تەداخولی دایکت مەکە , بەم نامەیە هەستم بە ترس کرد ترسام دوای باوکم لە بۆنی دایکیشم بێ بەش ببین هەمیشە دوعام دەکرد دایکم بۆ من و خوشکەکەم تەمەن درێژ بێت ئەمجارە بەرگەی ئەوە ناگرم دایکم لە دەست بدەم , مامم بەس منی بێزار نەدەکرد دایمە لای ماڵمان هاتووچۆی دەکرد هەر جارێک دایکم یان خوشکەکەم بڕۆیشتایەتە دەرەوە دەچووە سەر ڕێگایان هەڕەشەی دەکرد زۆر جار هەڕەشەی شەرەف و نامووسی دەکرد دایکم دەترسا لەوەی من و خوشکەکەم شتێکمان لێ بێت , شەوێکیان زستان بوو و لای سۆباکە دانیشتبووین دایکم دەستی کرد بە قسە و باسی ئەوەی دەکرد کە ئێمە گەورە بووینە پێویستە زیاتر ئاگامان لە خۆمان بێت تا گەیشتە ئەو دەقەی باسی مامی کرد و هەناسەیەکی قووڵی هەڵمژی و گوتی وا باشترە ڕازی ببم شوو بەو پیاوە بکەم زۆر تووڕە بووم و قسەکانی دایکمم بڕی بەس دایکم گوتی ڕاوەستا و گوێم لێ بگرە خۆتان دەزانن باوکت پیاوێکی چۆن بووە و چ ئازارێکی داوەتە من بەس لەبەر ئێوە بەرگەی هەموو شتێکم گرت هەموو تەمەنی گەنجیم لەسەر ئێوە دانا دوای باوکیشت من هەموو پیاوێکم لەپێش چاو کەوتووە لەو خێرم نەبینی و چاوەڕێش ناکەم لە پیاوێکی تر خێر ببینم ئەوەی دەیکەم لەبەر ئێوەیە مامت واز ناهێنێت و دەترسم شتێکی هەڵە بکات و لێکمان بکات , لەو کاتە هەستم کرد دایکم چ ناخۆش یەکی بینیوە وەک بڵێیت لە ژیاندا بەشی ئەو تەنها ناخۆشی و بەرگە گرتن بووە دەمویست لەو کاتە پڕ بە دڵ بگریم و باوەش بە دایکم بکەم ڕقم لە هەموو پیاوێک دەبووەوە لە دڵی خۆمدا دەم گوت هەرگیز شوو ناکەم و لای دایکم دەبم نەمەوێت وەک ئەوم بەسەر بێت , دوای چەند کاتژمێرێک دایکم تەلەفۆنی بۆ مامم کرد مامم لەگەڵ داپیرم هات بۆ ماڵمان دەستیان بە قسەکردن کرد و دایکم گوتی ڕازیم بەس بە مەرجێک بە هیچ شێوەیەک تەداخولی کچەکانم نەکەن بە باش و بە خراپ لێرە داپیرم بۆڵەیەکی لێوە هات بەس مامم بێدەنگی کرد و گوتی باشە گرنگ ئەوەیە حەیامان نەبەیت و شوو بەو پیاوە بکەیت , ئاخر تۆ بڵێ خۆت حەیات هەیە ئەگەر تۆزێک پیاو بایت ئەو ئەمانەتەی کە لە براکەت بۆت بەجێ مابوو باش ئاگاداری دەبوویت نەک بەم جۆرە بێ ڕەوشتییە بە شووی بدەیت .

دوای ئەم شتانە مەلا هات و دایکم و کەریمی مارە کرد لە یەک لەبەر قسەی دایکم ڕازی بوون کە من و خوشکەکەم هەر لە سەرەوەی ماڵەکە ببین و نابێت کەسیش تەداخولمان بکات هەموو شتێک دایکم

بەرپرسە لێی , دایکم لەبەر دڵخۆشی و باشی ئێمە هەموو شتێکی دەکرد و بەرگەی زۆر شتی دەگرت تا ماوەیەک زەینم هەر لەسەر کەریم بوو تا بزانم چۆنە لەگەڵ دایکم کەسێکی قێزەون و بێ ڕەوشت بوو دەمزانی خەریکی کاری بێ ڕەوشتییە چەندین جار دایکمم ئاگادار دەکردەوە دایکم دەیگوت ئێوە لێی دوور بن بەسە بۆ من , خوشکەکەم لە خوێندن بەردەوام بوو و منیش تەخەروجم کرد و کارم دەکرد زۆر باش ئاگاداری خوشکەکەم بووم وەک دایکێک بەرپرسیارێتیم هەڵدەگرت ئەو وەک من نەبوو لاواز بوو لە ڕووی دەروونییەوە نا حەقیشی نییە نەک ئەو منیش ناچار نیم بەرگەی ئەم هەموو ناخۆش یە بگرم , دوعام دەکرد کەسێکی باش بێتە سەر ڕێگای ئەگەر بە دەست من بێت زوو بەشووم دەدا تا دوور ببێت لە کەسانی خراپ بەڵام جارێ بچووک بوو و خوێندنی هەبوو , ڕۆژێک لە کار بووم و هەستم بە دڵ توندییەکی زۆر دەکرد وەک ئەوەی شتێکی خراپ ڕوو بدات چەند جارێک تەلەفۆنم بۆماڵەوە کرد تا دڵنیا ببمەوە باشن شوکر هەر دەیان گوت کە باشین بەس نەمدەزانی ئەم دڵتەنگییەم هۆکارەکەی چییە ؟ دەستنوێژم شۆرد و نوێژی عەسرم کرد و خەو بردمییەوە لەسەر بەرماڵەکە لەناکاو زەنگی مۆبایلەکەم لێیدا و خوشکەکەم و دایکم بوون دەگریان هەر گوتم چی بووە وەڵامیان نەبوو خێرا ڕۆیشتمە ماڵەوە ماڵێکی تاریک چەند بانگم دەکرد هیچ دەنگیان نەبوو تا گوێم لە گریانی خوشکەکەم بوو لە ژووری دواوە خێرا ڕام کرد تا بزانم چی بووە بینیم کەریم لەناو خوێندا بوو و دایکیشم توند خوشکەکەمی لە ئامێز گرت بوو لەو کاتە شۆک بووم و نەمدەزانی بچم سەیری کەریم بکەم یان بچمە لای دایکم و لێی بپرسم چی بووە , لەگەڵ هەنسکی گریانی خوشکەکەم هاتمەوە هۆش خۆم و چوومە لایان گوتم چی بووە خوشکەکەم قسەی کرد گوتی بە خودا نەمویست بیکوژم من بکوژ نیم وەک شێت دەگریا و قسەی دەکرد خوێن لە لێوی دایکم دەهاتە خوارەوە تێ گەیشتم کە کەریم دەستی لە دایکم بەرز کردووەتەوە و لەو کاتەش خوشکەکەم بینیویەتی بەرگەی نەگرتووە و چووە بۆ لایان بۆ ئەوەی کەریم دوور بخاتەوە چەقۆی هەڵگرتووە و بەڵام لەناکاو کەریم ویستوویەتی لە خوشکەکەم بدات و ئەویش بەرگری لە خۆی کردووە خوشکەکەم لە ئامێز گرت گوتم تۆ هیچت نەکردووە و ئێستا لە دایکم بڕۆنە سەرەوە چەقۆکەم هەڵگرت تا شوێنەواری دەستی منی لەسەر بێت و تەلەفۆنم بۆ ئەمبولانس کرد کەریم هێشتا نەمرد بوو و هەناسەی دەدا منیش خۆم ڕادەستی ئاسایش کرد و گوتم کە من لێم داوە لەبەر ئەوەی لە دایکمی داوە , ڕێگەم نەدا خوشکەکەم هیچ بڵێت دەمزانی بەرگەی ژیانی

زیندان ناگرێت بەم تەمەنە ئەو دەبێت بخوێنێت وەک من و دایکمی لێنێت , لەبەر ئەوەی کەریم نەمرد بوو تەنها تووشی خوێنبەربوون بوو نەیدەتوانی وەک جاران قسە بکات یان بجوولێت چەقۆکە بەر سینگی کەوت بوو بۆیە بڕیار درا تا ساڵ (دە) زیندانی بکرێم ئەمڕۆ کە ساڵ (دە) لە تەمەنم ڕۆیشتووە چەند ڕۆژێکی تر ئازاد دەکرێم و دەچمە باوەشی دایکم و خوشکەکەم کە خوشکەکەم شووی بە کوڕێکی خوداناس کردووە الحمدلله کە حاڵیان باشە و دایکیشم لای ئەوان دژەیت کەریمیش بەسەر مامم ساغ کراوەتەوە و چووە بۆ ئەورووپا تا چارەسەر بکرێت , دوای چەند ڕۆژێکی تر من ئازاد دەکرێم دەمەوێت پرسیار لە ئێوە بکەم ئایا من تاوانبارم ؟ مرۆڤێکی ترسناکەم ؟ شایەنی ئەوەم کە خەڵک وەک بکوژ سەیرم بکات ؟ مەرج نییە ئەوانەی ئەمڕۆ لە زیندانن کەسانی خراپە کار بن لەوانەیە ژیان زۆر بێ ڕەحمانە هەڵسوکەوتی لەگەڵ کردبن هەندێک جار ناچار دەبیت بێ دەنگ بیت بەرامبەر کارێک کە نەتکردووە تاوانێک قبووڵ بکەیت کە ئەنجامت نەداوە تەنها بۆ ئەوەی شتەکان باشتر بن پشت بە خودا ببەستە هەرچییەک بوو تاکە شت کە شایەنی ئەوە بێت قوربانی بۆ بدەیت خێزانەکەتە تەنانەت ئەگەر بە مەرگیش بێت ئەم قوربانیدانە, بەڵێ من ژیانم لە زیندانەوە ئەو (ژیان)ـەی ژیان بە هیچ جۆرێک میهرەبان نەبوو لەگەڵی ئێستا من دەپرسم ئایە تاوانبارم ؟ شایەنی ئەوەم بە چاوێکی خراپ سەیر بکرێم؟ بێگومان جگە لە خودا کەس نازانێت چۆنیت و بە چ ناخۆش یەکدا تێپەڕ بوویت.

**سەرنج:**

لە هەموو کاتێکدا

پشت بە خودا ببەستە و بێ هیوا مەبە

تاکە شت شایەنی ئەوە بێت قوربانی بۆ بدەیت

بێگومان تەنها خێزانە

لە دوورەوە هەرگیز و هەرگیز

بڕیار لەسەر خراپی کەسێک مەدە



## چیرۆکی نۆزدەم

## ســـەرەتـــا هاوڕێیـــەتـــی

چی ڕوو دەدات کاتێک بە دڵی خۆت هاوسەرگیری ناکەیت ؟ بێ شک ناخۆشە و هەندێک جار ناچار دەبیت تا ئەو ڕۆژەی دەمریت بەرگەی بگریت تەنها لەبەر قسەی خەڵک , براکەم دەیویست هاوسەرگیری لەگەڵ کچێک بکات خێزانی ئەو کچەش یەکێک بوون لە ماڵە حەشایەرەکان ڕازی نەدەبوون کچ بدەنە ماڵێکی بێگانە واتا تەنها دەبێت ماڵەکە خزم بێت یان ئەوەتە ژن بە ژنیان بکردایە وەک دابوو نەریتی کۆن باوکیان بە جۆرێک تووڕە و دەمار گیر بوو کەس نەیدەتوانی قسە لەسەر قسەی بکات چەندین جار باوکم ڕۆیشتووە بۆ ماڵیان و داخوازی کچەکەیان کردووە بەڵام ڕازی نەبوون لە کۆتایدا بە مەرجێک ڕازی بوون ئەویش ژن بە ژنێ بەس لێرەدا من وێران بووم و هەموو شتێکم لە دەستدا هەتا خوێندنەکەشم چونکە من کچی گەورە بووم و ئەوانی تر بچووک بوون ڕازی بوون کە کوڕەکەیان من بگوازێتەوە جا براکەشم ژن بهێنێت , ئەو شەوەم بیر ناچێت کە زۆر پاڕامەوە لە باوکم کاری وا نەکات چونکە دەمویست بە خەونەکەم بگەم وەک مامۆستایەک وانە بڵێمەوە خەونی من ئەوە بوو ڕۆڵە یەک پێ بگەیەنم تەنها لە شەوێکدا هەموو خەونەکەم لەناوچوو , تەنانەت نەمدەزانی زاوا کێیە و چ کەسێکە بە خۆمم دەگوت (ڕەیان) سەیر بکە چیت لێهاتووە وا بیرت دەکردەوە خوێندن تەواو بکەیت و دواتریش بە ئارەزووی خۆت شوو بکەیت بەو کەسەی دڵت دەیەوێت بەس ئێستا بە ناچاری شوو دەکەیت , لە ژوورەکەم لەنێو گریان و خەم و ئازار نوقم بووم و کاتێک دایکم لە دەرگا هاتە ژوور و گوتی کە خۆم حازر بکەم ئێستا دێن و داوای من دەکەن هێندە بێ چارە بووم بیرم لە خۆکوشتن دەکردەوە ئەگەر گوناهـ نە با ئەمشەوە خۆم دەکوشت , جلێکی ڕەشم پۆشی و لەچکەکەم بەست چوومە مەتبەخەکە وام دەزانی هەمووی دڵی خۆشە جگە لە من نەمدەتوانی ڕقم لە براکەم بێت هەرچەندە ئەو هۆکاری ئەوە بوو ژیانم بەم جۆرەی لێ بێت , دەنگی دەرگا هات و ماڵەکە هاتنە ژوورەوە زاواکەم بینی نایشارمەوە کەسێکی لە ڕووکەش بەڕێز و پیاوانی دیار بوو بەڵام دڵم بۆی نەدەچوو بە هیچ جۆرێک وەک گوتم ناویشم نەدەزانی هاتنە ژوورەوە دوای شەکراو خواردنەوە و گاڵتە و گەپ دەستیان کرد بە قسە کرد منیش زۆر خەیاڵاوی بووم و ئاگاداری خۆم نەبووم تا دایکم گوتی (ڕەیان) بانگی تۆ دەکەن سەرم بەرز کردەوە هەموویان سەیریان دەکردم جگە لە زاوا, باوکم گوتی هەستن بڕۆنە ژوورێک قسە بکەن بەیەکەوە دەست و قاچم هەمووی دەلەرزی ئاخر دەبێت چ هەستێکت هەبێت کاتێک بۆ یەکەم جار قسە لەگەڵ ئەو کەسە دەکەیت کە دەبێتە هاوسەرت و پێشتریش

نەتبینیوە بێگومان ناخۆشە و هەستێکی نامۆیە , دایکم تا ژوورەوە لەگەڵمان هات و دواتریش چووە دەرەوە بۆ چەند خولەکێک هەردووکمان بێدەنگ بووین لەناکاو بەیەکەوە قسەمان کرد گوتم فەرموو تۆ دەست پێ بکە قسەی کرد گوتی باوەڕ ناکەم ناوم بزانی زۆر سەرسام بووم و هیچم نەگوت گوتی ناوم (مالیک)ــە دەمەوێت ڕوون و ئاشکرا قسە لەگەڵ یەکتر بکەین من وەک ئەوان حەشایەر نیم ئەو هاوسەر گیرەیی لەگەڵ تۆ دەیکەم دڵنیابە بە ویستی خۆم نییە تەنها لەبەر خاتری خوشکەکەم دەیکەم چونکە پاڕایەوە لێم براکەتی خۆش دەوێت منیش ناتوانم خوشکەکەم بە دڵتەنگی ببینم ئەگەر بمزانیایە شتێکی بەم جۆرە هەیە هەرگیز لە دەرەوەی وڵات نەدەهاتمەوە , هەر بەبێ دەنگی دانیشتم گوێم بۆ دەگرت و لە ناخی دڵم دەمگوت یەکێک نەزانێت من بە دڵی خۆم دەیکەم و زۆرم حەز لێیە شووی پێ بکەم ئاخر لووت بەرزی وا چییە بەم جۆرە قسە دەکات , شەقێکی لە دیوارەکەدا و گوتی بێزار دەبم کە بێدەنگم ڕا چڵ کام و هەناسەیەکی قووڵمدا گوتم منداڵ بووم و ئاواتم ئەوە بوو زوو کات بڕوات تا گەورە ببم و ببمە مامۆستا بەس ئەمشەو خۆزگە دەخوازم هەر منداڵەکەی جاران بام چاوەڕێی ئاواتەکەم ببم نەک ئێستا گەورە ببم و ئاواتەکەم لە ناو بچێت ,ئاخێکی هەڵکێشا گوتی بابە گیان ئەم قسانە بۆ من مەکە ئەگەر بەدەست من بێت تۆ ناهێنم چونکە جۆری من نیت بەس ناچار کراوم دوای هاوسەرگیریش من دڵخۆشت ناکەم و هەموو ڕۆژێک چەپکە گوڵت بۆ ناهێنم هەرگیزیش لێت نزیک نابمەوە دڵنیابە من بەڵێن دەدەم و تۆش بەڵێن بدە کە وەک هاوسەرێک مامەڵەم لەگەڵ نەکەیت ئەم هاوسەرگیرییە بۆ خوشکەکەمە دواتریش بۆ ئەوەیە باوکم کۆگاکەی خۆیم پێ بدات بەڵێنی پێ داوم کە ژنم هێنا بمکاتە بەڕێوەبەر , زۆر قێزم لێ دەکردەوە بیرم لەوە دەکردەوە چۆن هاوسەرگیری لەگەڵ کەسێکی بەم جۆرە بکەم هەرچییەک بێت پێم گوت کە ڕازیم ئەویش گوتی زۆر باشە تەنها چەند ساڵێک ئارام بگرە دواتر هەر کەسێک و بە ڕێگای خۆی دەڕوات و تۆش دەتوانی خوێندنەکەت تەواو بکەیت گوتم ئەی براکەم و خوشکەکەم گوتی تکایە هەر چۆنێک دەبیت گەمژە مەبە دوای چەند ساڵێک منداڵیان دەبێت ئەو کاتە خێزانەکە ناتوانێت لێکیان بکات , بەم وشەی گەمژەیە دڵم شکا هەرگیز دایک و باوکم وایان پێ نەگوتووم بە چاوی گریانەوە سەیرم دەکرد زانی دڵم شکا ئۆفێکی کرد گوتی لە ئێستاوە دڵت ناسک بێت و نازم بەسەردا بکەیت من چی بکەم بەدبەخت دەبم خاتوون , پێکەنینێک گرتمی گوتی زۆر باشە هەروا پێ بکەنە ئەم هاوسەرگیرییەی ئێمە وەک پەیمانێک دەبێت لەنێوان

ڕووسیا و ئەمریکا منیش گوتم یان کۆریای باشوور و باکوور دەستی بە پێکەنین کرد گوتی چوویتە دڵمەوە لە ئێستاوە دەتوانین ببینە دوو هاوڕێی باش لە یەکتر تێ بگەین و کارئاسانی بۆ یەکتر بکەین دەستی هێنا پێشەوە بۆ ئەوەی تۆقەیەکم لەگەڵ بکات دەستم بۆ برد و لە ژوورەکە هاتینە دەرەوە چووینە ژووری میوان و دانیشتین زەردەخەنە لەسەر ڕوخساریت هەردووکمان بوو هەر دوو خێزانەکە سەیری ئێمەیان دەکرد لەناکاو براکەم بە قسە هات گوتی زاواکەم قسە خۆش دەرچوو دەنگی پێکەنینتان دوو گەڕەک دەڕۆیشت هەمووی دەستی کرد بە پێکەنین براکەم هەر وازی نەهێنا گوتی دەی زاوا نوکتەیەکمان بۆ باس بکە دایکم پێی گوت عەیبە کوڕم لە پڕ دەنگی (مالیک) هات گوتی ڕۆژێک مریشکەکەی مەلا مەشهور دەدزن و مەلا هەڵدەستێت پەڕۆیەکی ڕەش لە ملی جوجەڵە کانی دەکات لێی دەپرسن مەلا ئەمە چییە ئەویش دەڵێت بە دزینی دایکیان خەمبارن بۆیە ڕەش پۆشن , قاقای پێکەنینی براکەم و باوکم لە ماڵەکە دەهات نوکتەی زۆر بێتام بوون بەلای منەوە بەڵام هەر داوایان دەکرد کە بەردەوام بێت لە گێڕانەوەی نوکتە کاتژمێرێکی پێچوو و کات درەنگ بوو هەستان و ماڵ ئاوایان کرد گوتیان کە ئەمجارە نۆرەی ئێمەیە سەردانیان بکەین و قسە لەسەر گواستنەوە بکەین براکەم زۆر دڵخۆش بوو ئەگەر باڵی هەبووایە لە خۆشیا دەفڕی , ڕاستی وەک گەمژەیەک خۆم دەهاتە بەرچاو ئەو کارەی دەیکەم تەنها لە فیلمەکان بینیومە نەمدەزانی دەکرێت لە ڕاستیش شتێکی وا ڕوو بدات ئەو کوڕەش لە من شێت تر بوو یان ئەوەتە زۆر پێویستی بەم کۆگایە بوو بۆیە وا دەکات , هەستام نوێژم کرد و هەموو شتێکم بە خودا سپارد ئەو کاتەی لە ژوورەکە قسەمان دەکرد زۆر ئاسان دەهاتە بەرچاوم بەڵام کە ئێستا بیری لێ دەکەمەوە کارێکی زۆر سەیر و ئاڵۆزە ئایە ئێمە فیلمی ئاشن دەردەهێنین یان کۆمیدیا ؟ دەکرێت لەگەڵ هەموو خێزانەکە درۆ بکەین ؟ بەلامەوە سەیر بوو دەستم خستە سەر دڵم و داوام لە خودا کرد هاوکاریم بکات و ڕێگای ڕاستم پێ نیشان بدات . بەیانی لەگەڵ دەنگی دایکم بە ئاگا هاتم ئاواتەخواز بووم ئەوەی دوێنێ شەو ڕوویدا خەونێک بێت بەس وا نەبوو لەسەر سفرەکە دانیشتین کاتێک لە دەرگا درا بینیم (مالیک) هاتە ژوورەوە زۆر بەلامەوە سەیر بوو باوکم داوای کرد کە لەگەڵمان نان بخوات بەڵام گوتی کە پەلەیەتی و هاتووە من ببات لەگەڵ خۆی کۆکەیەک گرتمی خەریک بوو بخنکێم و بمرم دایکم ئاوی بۆ هێنام و بە دەنگێکی نزم پێم گوت بۆ ئاگادار نیم ئەویش گوتی کە منیش ئاگادار نیم , چوومە ژوورەکەم لەچکەکەم بەست لەبەر دەم ئاوێنەکە وەستا بووم

چاوەڕێی ئەوە بووم دەنگێک بێت و بە ئاگام بهێنێت لەم خەونە سەیر و سەمەرەیە کە جگە لە خودا کەس نازانێت کۆتا یەکەی چۆنە , چوومە خوارەوە لەگەڵ (مالیک) بە ڕێ کەوتین لەناو سەیارەکە باسی کرد کە دەچین جل هەڵدەبژێرین و دواتریش ماڵ پێم گوت ماڵی جیا ؟ گوتی خاتوون گیان من تاقەتی شەڕی بووک و خەسووم نییە لە ئێستاوە با بیزانیت , نەمدەزانی ئەمە چ پیاوێکە باش یان خراپ ؟ پرسیم کە بەڕاستی بەرگە دەگرێت لەگەڵ ئافرەتێک بەتەنیا لە ماڵ بژییت و وەک هاوسەریش سەیری نەکات بۆ ساتێک بێ دەنگ بوو دواتر جگەرەکەی دەرهێنا بەدەم پێکردنی جگەرەکە گوتی ئەوەندە لە ماڵ نابێت تەنها بۆ خواردن و خەو لە هەمان ژووریش نابین بۆیە ئاسوودەی خۆم وەردەگرم , نەمدەزانی بگریم یان پێ بکەنم هەموو شتێک لای ئەو گاڵتەجاری بوو منیش گوتم باشە کەواتە تۆ کێشەت نییە منیش کێشەم نییە و بەرگە دەگرم , چووینە بازاڕ جلمان هەڵبژارد و دواتریش سەیری چەند ماڵێکمان کرد لە کۆتایدا بڕیارماندا لە یەکێک لە شوقەکان بژین چونکە تەنها دوو کەس بووین ماڵێک بۆ ئێمە زۆر بوو , هەموو شتێک بە خێرای دەڕۆیشت تا ڕۆژی بووکێنی باوەڕم نەدەکرد ئەمە ڕاستی بێت چاوەڕێم دەکرد دایکم بانگم بکات چۆن هەموو جارێک لە خەونێک بە ئاگام دەهێنێت ئەمجارەش بە ئاگام بهێنێت بەس ئەمجارە هەموو شتێک جیاواز بوو , ڕۆژی ئاهەنگەکە هات خۆزگەم بە براکەم دەخواست کە بەم جۆرە دڵخۆشە ئاهەنگەکە کۆتای هات وا بزانم تاکە کەس دڵخۆش نەبوو لەم ئاهەنگە من و (مالیک) بووین دوای ماڵ ئاوای کردن لە دایکم و خێزانەکەم چووینە ماڵی خۆمان هەستێکی سەیر بوو خۆزگەم دەخواست کە بە جۆرێکی تر و لە ڕۆژێکی تر لەگەڵ کەسێکی تر ئەم ڕۆژەم ببینیایە بەڵام هەموو شتێک قسمەتە ئەمشەوە بەتەنیا خەوتم وەک گوتم هەر کەسێک و ژوورێکی جیا تەنها بەناو هاوسەر بووین تا ڕاهاتم لەگەڵی کەمێک سەخت بوو بە ڕۆژ هەستا دەچووە ئیش نانی ئێوارە دەهاتە ماڵەوە هیچ ڕۆژێک بێ نان حازر کردن بەڕێم نەکرد دایکم پێشتر پێی گوت بووم کە وەک ئەو چۆن خزمەتی باوکم دەکات من و خوشکەکانیشم بەم جۆرە خزمەتی هاوسەرەکانمان بکەین دایکم خاتوونێک بوو ڕاستی بڵێم شاژنێک بوو ماڵەکەمانی زۆر جوان بە ڕێوە دەبرد و هەستی بە بەرپرسیارەتی دەکرد هەمیشە دەیگوت هەر چییەک دەکەن بیکەن بەس مەهێڵن پیاوەکانتان هەست بە شەرمەزاری بکەن چونکە بەرگەی ئەوە ناگرن سەرشۆڕ بن ئەوان پیاون هەمیشە دەیانەوێت وەک پاشایەک مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت ئێوەش لەسەرتان پێویستە وەک شاژن بن لەگەڵیان , قسەکانی دایکم

هەرگیز بیر ناچێت بیر ناچێت بۆیە بڕیارمدا کە خزمەتی بکەم هەرچەندە پێی دە گوتم کە وەک هاوسەر مامەڵە نەکەم منیش پێم گوت وەک هاوڕێیەک لەسەرم ئەرکە وابم لەگەڵت وا بیرمان دەکردەوە کە وەک دوو هاوژوورین لە داخیی لییەک یان لە گەشتێکین کارەکانی ماڵ من بەڕێوەی دەبەم و کارەکانی دەرەوەش ئەو بەڕێوەی دەبات , مانگێک ڕۆیشت بەسەر هاوسەرگیرییەکەمان دەتوانم بڵێم زۆر تێکەڵ نەبووین بەڵام دواتر وردە وردە ئەو باشتر بوو لەگەڵ خۆی دیاری یان گوڵی دەهێنا و دەیگوت ئەمە بۆ هاوڕێکەم دەکەم چونکە ماندووە نەیدەتوانی لە هەستەکانی ئەو پیاوە تێ بگەم کەسێکی ئاڵۆز بوو هەندێک جار دڵخۆش و هەندێک جار ماندوو و بێزار دەکرێت بڵێم هەستەکانی بەسترابوونەوە بە کارەکانی , شەوێکیان سەیری یاری کلاسیکۆم دەکرد و هاتە ماڵەوە زەرفێکی پڕ لە خواردنی پێ بوو و کە بینی منیش سەیری یاری دەکەم بەلایەوە سەیر بوو گوتی تۆش حەزت بە یارییە گوتم بەڵێ هاندەرێکی سەرسەختی بەرشلۆنەم پێ کەنی گوتی (ڤیسکا بارسا) ئەمە دروشمێکی هاندەرانی بەرشلۆنەیە گوتی کە هەموو جارێک حەزی کردووە لەگەڵ کەسێک سەیری یاری بکات بەڵام ماڵەوەیان سەیری ناکەن خواردنەکانی دانا لەسەر مێزەکە منیش قاوەم ئامادە کرد بەدەم خواردن سەیری یاریمان دەکرد ئەو زۆر لە من خراپتر حەزی بە یاری بوو کاتێک گۆل دەکرا هاواری دەکرد وەک ئەوەی لەناو یاریگا بوو دوای دوو کاتژمێر یارییەکە تەواو بوو زۆر دڵخۆش بووم دەمێک بوو کاتێکی وام بەسەر نەبرد بوو سوپاسم کرد گوتی ئەمە بۆ چی ؟ گوتم جاران لەگەڵ ماڵەوە سەیری یاریم دەکرد ئەمجارە هەستم بە بێزاری دەکرد کە بەتەنیا سەیری دەکەم بەڵام تۆ لام بوویت گوتی لە خزمەتدام خاتوونی هاوڕێ دەستی بە پرسیار کردن کرد کە لەگەڵ فیلم و زنجیرە چۆنم گوتم کا هەوادارێکی سەرسەختی فیلمی کۆری و ئاکشنم ئەویش گوتی بەڕاستە منیش وام دەستمان کرد بە قسە کرد باسی ئەو فیلمانەی دەکرد کە سەیری کردووە لەم ڕووەوە زۆر لە یەک دەچووین تا درەنگانی شەو قسەمان دەکرد تا باوە شکی هات گوتی کە دەبێت بخەوێت لەبەر کار چوومە ژوورەکەم هەستێکی نامۆم هەبوو یە کەم جار بوو بەم شێوەیە لە یەکەوە نزیک ببین ئەسڵەن یەکەم جار بوو کەسێک ببینم کە زۆر بە من بچێت لە ڕووی حەز و خولیاکانی دوای ماوەیەکی زۆر بە دڵخۆش یەوە خەوتم , لە دوای ئەمشەوە هەموو شتێک گۆڕا شەوانەیە بەیەکەوە کاتمان بەسەر دەبرد و سەیری فیلمدان دەکرد یان تاوڵەمان دەکرد وەک دوو هاوڕێمان لێ هات بوو زۆر نزیک بووین لە یەکەوە ئەمجارە وای لێ

هات زوو دەهاتەماڵەوە بەیەکەوە نانی ئێوارەمان دەخوارد , ڕۆژی لە دایک بوونم هات دڵتەنگ بووم کە لەگەڵ خێزانەکەم نیم و ئاهەنگ ناگێڕم بەڵام (مالیک) خێزانەکەمی هێنایە ماڵمان و بەیەکەوە ئاهەنگمان ساز کرد و شیرینیمان خوارد سەرسام بووم کە کارێکی بەم جۆرەی کردووە لەبەر دەم خێزانەکە ڕۆڵی دوو هاوسەری دڵخۆشمان دەگێڕا دواتر ڕۆیشتن زۆر سوپاسم کرد کە منی بیر بووە زەرفێکی هێنایە دەرەوە گوتی کە دیارییە کاتێک کردمەوە بینیم نامەی وەرگیرانم بوو لە یەکێک لە زانکۆکان زۆر بەلامەوە سەیر بوو گوتی پیرۆزە دەتوانی بخوێنیت ساڵی ئایندە و بە ئاواتەکەت بگەیت خۆم بۆ نەگیراو دەستم کرد بە گریان گوتی بابە گیان گاڵتەم کرد بێنە پەشیمان دەبمەوە دەستم کرد بە پێکەنین ئەویش پێ کەنی گوتم ئەی خێزانەکەت ڕازی دەبن بخوێنم گوتی من ئێستا خێزانی تۆم کێ دەتوانێت ڕێگر بێت لەدوای ئەم قسە دڵم ڕا چڵ کا یەکەم سات بوو کە عاشقی ئەو بووم , لێرەوە خۆشەویستی من بۆ ئەو دەستی پێ کرد زیاتر لە جاران حەزم دەکرد بیبینم و گرنگیم پێ دەدا ڕۆژێکیان برادەرەکانی هات بوون گوتیان براژن تۆ بە بەختی پیاوێکی وا تووڕە و توند کە هەمووی لێی دەترسێت چۆن لەگەڵ تۆ میهرەبانە گوتم نا ئەو باشە و تووڕە نییە یەکێکیان گوتی ئاخر لەگەڵ تۆ وا نییە خۆ کەس ناتوانێت قسەی لەگەڵ بکات هەمووی پێ کەنی , دوای کە ڕۆیشتن پرسیارم کرد چی دەبێت ئەگەر دوو هاوسەری ڕاستەقینە ببین ؟ گوتی ئەمە چی دەڵێیت هەستت جۆلاوە تاقەتی ئەم گاڵتانەم نییە , دووبارە پرسیارم کرد لێی چی دەبێت ئەگەر وەک هاوسەربین ؟ گوتی ناکرێت من نامەوێت کارەکەم لەدەست بدەم بەرپرسیارێتییە , گوتم من خۆشم دەوێیت دەمەوێت لەگەڵت ببم تا ئێستا بوومەتە بارگرانی بۆت تا وا بڵێیت ناکرێت بەم جۆرە بژین تا کەی فێڵ لە خەڵک بکەین ؟ هیچ قسەیەکی نەکرد و بێ دەنگ بوو چوومە ژوورەوە جانتاکەم حازر کرد پێم گوت تا چەند ڕۆژێک دەڕۆم لە ماڵی باوکم دەبم گوتی باشە من دەتگەیەنم گوتم پێویست ناکات جانتاکەی لێ وەرگرتم و ڕۆیشت خستیە ناو سەیارەکە لەوێ دانیشت چاوەڕێی دەکرد سەربکەومە ناو سەیارە و بڕۆین , لە ڕێگادا بێدەنگ تەنها گوێمان لە هەناسەی یەکتر بوو نەمدەتوانی لەبەردەمی بگریم و خەریک بوو دڵم شەق ببات گەیشتینە ماڵی باوکم هات سەلامی کرد و ڕۆیشت بێ ئەوەی هیچم پێ بڵێت , تا ماڵەوە هەست بە هیچ نەکەن پێ دەکەنیم خۆم وا دەردەخست دڵخۆشم تا درەنگی کرد چوومە ئەو ژوورەی جاران لێی بووم دەستم کرد بە گریان بە جۆرێک چاوم هەڵئاوسا بوو , چاوەڕێی نامەیەکی بووم یان

هیچ نەبێت لێم بپرسێت هەر کات دەنگی مۆبایل یان دەرگا بهاتایە ڕادە چل کام چاوەڕوانی زۆر ناخۆش بوو , دوای دوو ڕۆژ (مالیک) هاتە ژوورەکەم کاتێک خەوت بووم لەسەر کورسییەکە دانیشت بوو تا بە ئاگا هاتم کە هەستام خێرا بەدوای لەچکەکەم دەگەڕام پێم گوت لەکەیەوە لێرەیە گوتی نزیکەی نیو کاتژمێر دەبێت پرسیارم کرد بۆ چی هاتووە ؟ گوتی کە ئەم دوو ڕۆژە کەس نەبووە نانی بۆ حازر بکات و لەگەڵی سەیری یاری و فیلم بکات پێم گوت کە هیچ تاقەتی گاڵتەم نییە لەناکاو قسەی کرد گوتی قبووڵم دەکەیت وەک هاوسەر ؟ تووشی شۆک بووم دەستی بە قسە کرد و گوتی تەنها ئەم چەند مانگەی لەگەڵ من بووە هەستی بە چێژی ژیان کردووە ئەو دوو ڕۆژەی دوور بوومە لێی بێزار و بێتاقەت بووە هەستی کردووە کە بێ من دڵخۆش نابێت , دەستم کرد بە گریان لە خۆشیا گوتی ئەی هاوار دووبارە گریان بابە گیان گاڵتەم کرد تەواو مەگری تۆ لە یەکەم ڕۆژەوە نازم بەسەردا دەکەیت هەردووکمان پێکەنین و دڵخۆش بووین لێرەوە ژیانی ئێمە وەک دوو هاوسەر دەستی پێ کرد , تێ گەیشتم زۆر جار هەڵە بیر دەکەینەوە خودای گەورە خۆی باشتر دەزانێت کێ باشترە بۆ بەندەکەی ڕاستە سەرەتا وەک نەگبەتی و بەڵا بیرم لەو هاوسەرگیرییە دەکردەوە بەڵام دواتر بۆ من جوانترین و خۆشترین نەگبەتی بوو هەم هاوڕێ هەم هاوسەرێکی باشم دەستکەوت ڕەنگە زۆر جار پەلە بکەین لە بڕیاردانمان لەسەر کەسێک بەڵام کە نزیک بووینەوە لێی دەزانین بەم جۆرە نییە کە بیری لێ دەکەینەوە ئەم شەوە من دەستم لەسەر دڵم دانا و خۆم بە خودا سپارد داوام لێ کرد ڕێگای ڕاستیم نیشان بدات , تۆش دەست لەسەر دڵت دابنێ و داوا لە خودا بکە ڕێگا نیشان دەرت بێت دڵنیابە خودای گەورە بە ڕێگایەکی هەڵت نابات .

## سەرنج:

زۆر جار ئەوەی تۆ لێی دەڕوانی

بەم جۆرە نییە کە بیری لێ دەکەیتەوە

کاتێک توانیت ببیتە هاوڕێیەکی باش

دەتوانی ببیتە هاوسەرێکی باش

تەنها خودای گەورە دەزانێت

چ شتێک خێری تێدایە بۆ تۆ



**چیرۆکی بیستەم**

**ئــەو کاتــەی تەنیــاحاجیــم بینــی**

لێرە باسی ئەو ڕۆژە دەکەم کە خاتوون (تەنیا حاجی)ـم بینی و بەسەرهاتی خۆمم بۆ باس کرد , ڕۆژێکیان دایکم زۆر نەخۆش بوو و سەردانی پزیشکمان کرد گوتیان لەوانەیە کۆرۆنای بێت وا باشترە چەند پشکنینێکی بۆ بکەین تا دڵنیا ببینەوە چییەتی چووین بۆ تاقیگەیەک و پشکنینی (CBC و CRP و Covid-19) بۆ دایکم کرد لەوێدا خاتوونێک هەبوو لەبەرچاومدا ناسیاو بوو بۆیە چوومە لای و پرسیارم کرد ئەرێ من و تۆ پێشتر یەکمان بینیوە بە ڕوویەکی خۆشەوە گوتی نازانم والله لەوانەیە , تۆزێک سەیری ڕوخساری و جل و بەرگیم کرد گوتم کەسێکی دیاری لە سۆشیاڵ میدیا یان خوێندکاری گوتی کە ناوی (تەنیا) کەوتمە بیرکردنەوە گوتم هەمان ئەو کچەی کە چیرۆک دەنووسیت گوتی بەڵێ زۆر دڵخۆش بووم و پێم گوت کە دەمێکە خوێنەری چیرۆکەکانیم بەڵام دوو ساڵە ونی ئایە شتێک بووە ؟ گوتی لەم کۆتاییانە ناخۆشی بینیوە و کەسێکی ئازیزی مردووە منیش دڵنەواییم کرد و گوتم تەمەنی درێژی بۆ ئێوە جێ هێشتبێت (تەنیا) گیان , چاوەڕێمان دەکرد پشکنینەکە دەربچێت و ئەنجامەکەی بزانین چییەتی نزیکەی کاتژمێرێک ڕۆیشت بوو حەزم دەکرد زیاتر قسەی لەگەڵ بکەم و نزیک ببمەوە لێی بەناو تاقیگەکە پیاسەم دەکرد و هەر کاتێک (تەنیا) منی ببینیایە زەردەخەنەیەکی دەکرد وەک بڵێیت ئەویش ویستبێتی زیاتر بمدوێنێت و قسەم لەگەڵ بکات لەسەر یەکێک لە کورسییەکان دانیشت بوو و خەریکی یەکێک لە پشکنینەکان بوو چوومە لای پێم گوت ئیزن هەیە قسە بکەین دکتۆرە گوتی ئەمە قسەیە فەرموو لە خزمەتدام گوتم توو خودا دایکم چۆنە گوتی کە پشکنینێک ماوە و پێویستە ئەویش دەربچێت إِنْ شَاءَ اللّٰهُ هیچی نابێت و زۆر باش دەبێت , ئاهێکم هەڵکێشا گوتم زۆر دەترسم شتێکی لێ بێت دڵی دامەوە گوتی خودا هیچ بەڵایەک ناهێنێت بۆ بەندەکەی مەگەر خێرێکی تێدا بێت پێم گوت کە ڕاست دەکەیت بۆ ساتێک بێ دەنگ بووین و دووبارە پرسیارم کرد ئیزن هەیە قسە بکەین ئەویش گوتی زۆر ئاسایە پرسیاری ناوێت گوتم دکتۆرە خان دڵم پڕە وا شەق دەبات ئەو بەڵا و موسیبەتەی بەسەر ئێمەدا هات یاخودا بەسەر کەس نەیەت ئاماژەم بۆ دایکم کرد گوتم ئەم پیرە دایکە ڕەش پۆش و نەخۆشە دەبینی مەگەر خودا بزانێت چی لێ بەسەرهاتووە دایکم خوشکە گەورەی ماڵەوە بووە لە تەمەنی نۆزدە ساڵی دایکی دەمرێت وەک شێتی لێ دێت (دە) منداڵی لەسەر بەجێ دەمێنێت و بەخێو دەکات بە نان کرد و مەڕ و ماڵات بەخێو کردن تا هەموو منداڵەکان گەورە دەکات و بە شویان دەدات و ژنیان بۆ دەهێنێت بەس ئەوەندەی پێ ناچێت یەکێک لە براکانی

دەکەوێتە ناو بیرێک و مەیتە کەی بۆ دەهێنەوە وەک شێت لەسەری دەگریت و بەناو گوند ڕادەکات و لە خۆی دەدات بە پێ پەتی قاچی هەموو خوێنی لێ دەچۆڕێت دەزانی چەندە سەخت بووە ئەو هەموو مندالە بەخێو بکات لەو تەمەنەوە و دواتریش برایەکی بمرێت بەم شێوەیە بێ ئەوەی ماڵ ئاوای لێ بکات (تەنیا) بێ دەنگی شکاند و سەیری دایکمی کرد گوتی خودا سەبووری دڵی بدات و بیکاتە شەفاعەت بۆ ڕۆژی دوای گوتم اللهم ئامین دکتۆرە گیان دەستم کرد بە گێڕانەوە و بەردەوام بووم , دوای چەند ساڵێک باوکم دێت و داوای دایکم دەکات بەڵام دایکم ڕازی نابێت و دەیەوێت هەر بەتەنیا بژی لێرەدا باوکم زۆر سەختی بینی هەموو شتێکی کرد و چەندین مەلا و کەسی نارد بۆ ڕازی کردنی دایکم ڕۆژێکیان باوکم زۆر ماندوو دەبێت لەوە بۆیە واز لە دایکم دەهێنێت و بڕیار دەدات تەنها لە خودا بپاڕێتەوە چونکە بەڕاستی دایکمی خۆشویست زۆر دەگریت هەتا لەناو خەڵکی گوندی بە مەجنون ناسراو بوو تا چەندین ڕۆژ لەسەر بەرماڵ لا ناچێت و دوعا دەکات , لەو کاتە نەخۆشێک هات و قسەکانم وەستاند (تەنیا) ڕۆیشت بەدەم نەخۆشەکە و و منیش چوومە لای دایکم پێم گوت دایە حاجی ئەگەر دەڵێیت با بڕۆینە ماڵ و دواتر دێینەوە جارێ ماوە دەربچێت فەحسەکە دایکم گوتی ئاخر ماندوو دەبیت ئەی بە قوربانی ببم هێشتا خەمی منی تی دەستیم گرت و هەڵم ساندەوە بردمە لای دکتۆرە و پێم گوت ئێمە دەڕۆین دەکرێت دواتر بێمەوە (تەنیا حاجی) گوتی جارێ چەند سەعاتێک ماوە یەکێکیان دەربچێت إِنْ شَاءَ اللّٰه لە ڕێگەی ژمارە مۆبایلەکەت ئەنجامەکەت بۆ دەنێرم گوتم نا نا حەز دەکەم خۆم بێمەوە لات ماڵ ئاوایمان لە یەک کرد و ڕۆیشتین ڕاستی هەر دڵم لای بەجێ مابوو وەک ئەوەی چەندین ساڵە بمەوێت قسە بکەم و نەمتوانی بێت ئەمڕۆ هەستم بە ئاسوودەی ناخم دەکرد , تاکسییەکمان گرت و چووینە ماڵەوە بۆ دایکم نیسکم حازر کرد تا هێزی بێتەوە بەر زۆر بێتاقەت دیار بوو لە ژیاندا تەنها دایکمم بۆ مابوو نەمدەویست هەرگیز بە نەخۆشی ببینم دوعام دەکرد ئەو هیچی لێنێت و من نەخۆش ببم لە جیاتی ئەو , دوای چەند کاتژمێرێک نامەیەکم بۆ هات لە ژمارەیەکەوە نووسرا بوو (سڵاوی خودات لێ بێت خاتوون گیان پشکنینەکە دەرچووە ) بە پەرۆش بووم بزانم ئەنجامەکەی چۆنە و خێرا گوتم سڵاوی خوداش لە تۆ بێت ئەنجامەکەی چۆنە هێندەی پێنەچوو نامەکەی سەیر کرد و گوتی (سوپاس بۆ خودا هیچی نییە و تەنها کەمێک هەوکردنی هەیە , جا وەرە پشکنینەکە ببەرەوە و پیشانی دکتۆری بدە ئەو زیاتر دەزانێت ) سوپاس خودام کرد بەڵام

سەیرم کرد کاتەکەی درەنگە و شەوە ناکرێت بەتەنیا دایکم جێ بهێڵم و خۆشم کە تەنیا و بێ کەسم کچێک بە تەنها بچێتە دەرەوە ناکرێت بۆیە بە نامەیەک جوابم داوە بەیانی دێم وەری دەگرم و سوپاسم کرد , ئەمشەوە مێشکم ئاڵۆز بوو و شەرمیشم دەکرد نامە بۆ خاتوون (تەنیا) بنێرم حەزم کرد دووبارە ببیبنمەوە و قسەی لەگەڵ بکەم , بەیانی هات و هەواڵم بە دایکمدا کە هیچی نییە و زۆر باشە تەنها هەوکردنی هەیە دوای ئەوەی کە چووم پشکنینەکەم وەرگرتەوە بۆ هەفتەی بێتەوە دەچین پیشانی دکتۆر دەدەین , پاش نوێژی عەسر بوو بە هاوڕێکەم (زەینەب) گوت کە ئاگاداری دایکم بێت تا دێمەوە ماڵ چونکە ئەویش هەر دراوسێمان بوو و زۆریش لە یەکەوە نزیک بووین , چووم بۆ تاقیگە بینیم کە (تەنیا) مەشغوولە و سەلامم کرد جوابی دایەوە گوتی ئێستا دێمە لات گوتی چەند خولەکێک هاتە لام و بە گەرمی سەلامی کرد لە هەواڵی دایکمی پرسی جا پشکنینەکەی پێدام گوتم ئەگەر کاتت هەبێت حەز دەکەم زیاتر قسە بکەین ئەویش دووبارە گوتی زۆر ئاسایە لە خزمەتدام هەر کاتێک ویستت قسە دەکەین هەژماری فەیسبووکی پێمدا و گوتی کە هەر کات بیەوێت نامە بنێرێت سوپاسم کرد کە گوێم بۆ دەگرێت سەیرێکی تاقیگەکەم کرد چۆڵ بوو گوتم ئێستا کاتت هەیە دابنیشین گوتی بەڵێ دانیشتین و گوتی کە قاوە یان چایە دەخۆمەوە منیش گوتم ئەزیەتە هەستا چایەی هێنا تەنها یەک کووپ بوو پێم گوت ئەی بۆ خۆت پێ کەنی و گوتی من چایە خۆر نیم دەستمان کرد بە پێکەنین دواتر گوتی لە کوێ وەستا بووین دوێنێ؟ کووپە چایەکم دانا و گوتم لەو کاتەی باوکم دوعای دەکرد بۆ چەند ڕۆژێک نانی نەدەخوارد بە جۆرێک دایکی باوکم واتا داپیرم ڕقی لە دایکم هەڵگرت بوو چووە لای و گلەی کرد و هەرچی قسەی ناخۆشە بە دایکمی گوت دوای ئەم شتانە دایکم دڵی نەرم بوو بە دەستی خۆی مەنجەڵێک دۆڵمەی بۆ باوکم نارد بوو سەرەتا باوکم نەیخوارد بەس کە زانی دایکم بۆی ناردووە خەڵکی گوندی بینی بەویان وەک گورگێکی برسی باوکم نانی دەخوارد لەو ژوورەی کە خۆی بەند کرد بوو دایکیشم دوای چەند ڕۆژێک دەچێت و سەیری دەکات بە دز یەوە کە دەبینی باوکم بەم جۆرەیە هەستی دەجووڵێت بۆی و ڕازی دەبێت کە شووی پێ بکات بەس خۆی چیرۆک و ناخۆش یەکە لێرەوە دەست پێ دەکات کە ماڵی باوکم ڕازی نابن بە هیچ جۆرێک دایکم بکەنە بووکیان باوکیشم بڕیار دەدات کە شەوێک لەگەڵ دایکم ڕابکات لێرەدا دایکم ڕازی نابێت بەڵام باوکم دەڵێت کە بەسە ئەوەندە تەمەنی لەناو خەم بەسەر برد ئێستا کاتی ئەوەیە بیر لە ژیانی خۆی بکاتەوە چەند ڕۆژێک بۆ

دایکم دادەنێت تا بیر بکاتەوە دوای ئەمە دایکم ڕازی دەبێت کە ڕابکات لەگەڵ باوکم و دێن بۆ شار لەوێ هاوسەرگیری دەکەن و دەیکاتە حەلاڵی خۆی ئەم دایکی (زەینەب)ـی دراوسێمان دەرگای ماڵەکەی بۆ دایکم و باوکم دەکاتەوە تا شوێنێک بۆ خۆیان دەگرن و ئیش دەکەن باوکم بە کرێکاری و دایکیشم وەک جاران بە نان کرد ئیش دەکەن و پارە پەیدا دەکەن تا خانووەکەی تەنیشت ماڵی دایکی (زەینەب) دەکڕن ئەو کاتە بە دینار بووە هەڵە نەبم بە شەش یان حەوت دینار کڕیویانە بە هەژاری و کارکردن خۆیان پێ دەگەیەنن ئەمە بۆ یەکەم جار بوو دایکم بیر لە خۆی بکاتەوە و هەموو شتێک جێ بهێڵێت (تەنیا) گیان , دایکم دوو منداڵی لە سک دەمرێت و دواتر خودای گەورە براکەمی پێ دەبەخشێت و دواتریش من , قوڕگم پڕ گریان بوو کە باسی براکەمم کرد و فرمێسک لە چاوم هاتە خوارەوە (تەنیا) دەستێکی بە پشتمدا هێنا و دواتریش بە هەر دوو دەستی دەستەکانمی کوشی گوتی ئەمە ژیانە بە خودا هەموو کەس بای خۆی ناخۆشی دەبینێت لەوانەیە ئەگەر ئێستا من ژیانی خۆم باس بکەم زۆر دڵتەنگ بیت گوتم ڕاست دەکەیت بە خودا , لە ناخی دڵمەوە گوتم ئەو کەسەی گوێ بۆ ئەم خەڵکە دەگرێت و ئەم چیرۆکانە دەنووسێت دەبێت چ ئازارێک لە دڵی بێت دەبێت چ ناخۆش یەک هانی دابێت دەست بکات بە نووسینی چیرۆک ؟ دەڵێن ئەوانەی دەرمانن بۆ خەڵک خۆیان سەرگەردان بوونە بۆ دەرمانێک , نەمدەتوانی لێی بپرسم کە چییەتی و نەمدەویست برینی بکولێنمەوە بۆیە درێژەم بە قسەکانم دا گوتم خودا بەباشی خۆت لەگەڵ بکات إِنْ شَاءَ اللّٰه (تەنیا) گیان بەس ئەوەی ئێمە بەسەرمان هات زۆر ناخۆشە ئەو برای کە باسم کرد هەستا ژنی مارە کرد و بە دەستگیران بوو هەروەها پێشمەرگە بوو چەند ساڵ پێش ئێستا لە کاتی شەڕی داعشدا نامەی بۆ دەستگیرانەکەی نارد کە بێتەوە لە شەڕ دەیگوازێتەوە و وازیش لە پێشمەرگایەتی دەهێنێت لەبەر ئەو چونکە خۆشی دەویست چەندین نامەی دەنگی بۆ براژنەکەم نارد تا نەترسێت بەس دوای چەند ڕۆژێک دووبارە ڕەشمان پۆشیوە و براکەم شەهید بوو دەستگیرانەکەی وەک شێتی لێ هات لە تەمەنێکی بچووک بێ بە ژن بوو جەرگم بۆی دەسووتا سوێند بە خودا دوای ئەم ڕۆژانەش دایک و باوکی داماوم تووشی هەزار دەرد و بەڵا هاتن هێندەی پێنەچوو باوکم بەرگەی نەگرت و جەڵتەی دڵ لێیدا و مرد ئێستا گۆڕی براکەم و باوکم لەلای یەکن بە خودا ئاوات دەخوازم کە منیش بە دیداری ئەوان شاد ببم و بمرم بەس تەنها لەبەر دایکی داماوم بەرگەی ئەم هەموو نا خۆش یە دەگرم دەزانی دەستگیرانەکەی چی لێهاتووە ؟ ئێستا وەک شێتی

لێهاتووە چەندین ماڵە مەلا و شێخیان پێکردووە هیچ قسەیەک ناکات و لە شۆکدایە کە من و دایکم دەبینی خۆی بۆ ناگیرێت و دێت لە باوەشمان دەکات و دەست دەکات بە گریان یاخوا کەس ئەم ناخۆشیانە نەبینێت لە ماڵی ئێمە بۆ ساتێکیش خۆشی نەبووە دوای ئەم هەموو شتە , واز لەمانەش بێنە بەم کۆتایانە دایکم هەواڵی مەرگی خوشکەکەی گوێ لێ بوو هێندەی تر ئەژنۆی شکا بەم تەمەنە چەندین ئازیزی لەدەستدا بەس هێشتا دایکم نائومێد نەبووە لە خودا و بە شەو و ڕۆژ دوعا دەکات خودا سەبری پێغەمبەر (ئەیووب) علیه سلام ـی پێ بدات , بینیم چاوەکانی (تەنیا) پڕ ئاو بووە و فرمێسک دەڕێژێت پێم گوت ببوورە توو خودا تۆشم دڵتەنگ کرد بۆ ساتێک قسەی بۆ نەدەکرا و دواتر گوتی دەبێت خودا چەند دایکتی خۆشویست بێت ؟ بەم هەموو ناخۆش یە تاقی دەکاتەوە , لە قسەکانی تێ نەگەیشتم و بێدەنگ بووم دەستی کردەوە بە قسە گوتی إِنْ شَاءَ اللّٰه دایکت لەگەڵ پێغەمبەران دەبێت لە قیامەت ئازار و خەمی زۆری چێشتووە خودای گەورە ئەگەر کەسێکی خۆشبووێت بەڵای بۆ دەنێرێت تا بزانێت چەند سەبری هەیە دایکی تۆش ئافرەتێکی گەورە و مەزنە لەلای خودای گەورە إِنْ شَاءَ اللّٰه تەمەنی درێژ بێت و خودا بۆتی بهێڵێت گوتم اللهم ئامین زۆر سوپاست دەکەم ئێستا هەست دەکەم قورساییەکی زۆر لەسەر دڵم ڕۆیشتووە خودا لێت ڕازی بێت کە گوێت بۆ من گرت (تەنیا) دەستەکانمی کوشی گوتی وای دابنێ کە خوشکی تۆم و هەر شتێکت ویست پێم بڵێ دوای ئەم ساتە دڵم زۆر پێی خۆش بوو و ڕۆیشتم بە جۆرێک بووم لەگەڵ (تەنیا حاجی) وەک خوشکمان لێ هات , ئەو ئازار و ناخۆشییەی دایکم بینی بەڕاستی دڵێکی بەهێزی دەوێت تا بەرگەی بگرێت بەڵام هەر شتێک لە خوداوە بێت پێویستە قبووڵمان بێت و ڕازی ببین پێی لە کۆتایدا دەڵێم هەمیشە خودات لە بیر بێت نەکەن ڕۆژێکیش گلەی بکەن لەوەی کە بەسەرتان هاتووە دڵنیا بن تاقیکردنەوەی خودای گەورەیە وەک (تەنیا) گوتی ئەگەر خودا بەندەیەکی خۆشبووێت تاقی دەکاتەوە و ناخۆشی بۆ دەهێنێت چۆن پێغەمبەران تووشی ئەو هەموو ناخۆشییە بوون و بەرگەیان گرت لەسەر ئێمەش ئەوەیە بەرگە بگرین و نا شوکری نەکەین

**سەرنج:**

پێغەمبەران خۆشەویستی خودا بوونە

بۆیە زۆرترین ناڕەحەتیان

لە دونیا بینیوە

کاتێک بەڵایەک لە خوداوە بێت


دەبێت شوکرانە بی لەسەری

مرۆڤی ئیماندار بە ئارامگری دەناسرێتەوە

**(کۆتای)**

## دەربارەی نووسەر:

تەنیا حاجی کچە نووسەری کوردی شاری هەولێرە لە بەرواری (١٤ی٥ی٢٠٠٢) لەدایک بووە سەرەتا لە تەمەنی پازدە ساڵیەوە دەست دەکات بە شیعر نووسین و دواتر چیرۆک نووسین لەلایان ئازیزانیەوە نازناوی )شاژنی چیرۆکەکان)ـی پێ دەبەخشرێت , لە ئێستادا خوێندکاری پزیشکی بەشی شیکاری نەخۆشییە و یەکەم کتێبی بەناوی (چیرۆکەکانی شاژن ) لە بەرواری (٢ی٢ی٢٠٢٢) بڵاوکردەوە لە ماوەی کەمتر لە هەشت مانگ زیاتر لە حەوت هەزار دانەی خوێندراوە و لە بەرواری (٢٣ی٩ی٢٠٢٢) چاپی دووەمی بڵاوکراوە.



چاوەکانت داخە
دەستت لەسەر دڵت دابنێ
هەموو شتێک بە خودا بسپێرە
کاتێک خودا لەگەڵتە چ شتێک مەحاڵە ؟

# چیرۆکەکانی شاژن

ئەنیا ساجی

2/2/2022



شاژنی چیرۆکەکان